سورانی

unfoldingWord®

Open Bible Stories

سورانی

ckb

# چیرۆکانیک لە کتێبی موقە ددەس

—

# Open Bible Stories


۱- بە دیهێنان 5
۲- هاتنی گوناح بە جیهان 14
۳-لافاو 21
۴- بە لێنی خوا لەگەڵ برایم 30
۵- کوڕی بەڵێن 36
۶- خوا بۆ ئیسحاق پێک دێنێت. 42
۷- خوا بە یاقووب بەرەکەت ئەدات 47
۸- خوا یوسف و بنەماڵەکەی ڕزگار ئەکات 53
۹- خوا موسا بانگ دەکات 62
۱۰- دە بەڵا 71
۱۱- جەژنی پێسەخ 78
۱۲- دەرچوون 83
۱۳- عەهدی خوا لەگەڵ ئیسڕاییل 91
۱۴- سەرگەردانی لە بیابان 100
۱۵- وڵاتی دیاری کراو 109
۱۶- فریاڕەسەکان 117
۱۷- عەهدی خوا لەگەڵ داوود 127
۱۸- بەش کردنی پاشایەتی ئیسڕاییل 135
۱۹- پێغەمبەران 143
۲۰- تەبعید و گەڕانەوە 153
۲۱- خواوەند وادەی هاتنی مەسیح ئەدات 161
۲۲- لە دایک بوونی یووحەنای تەعمیددەر 170
۲۳- لە دایک بوونی عیسا 175
۲۴- یووحەنا، عیسا تەعمید ئەدات 181
۲۵- شەیتان عیسا وەسوەسە ئەکات 187
۲۶- سەرەتای خزمەتی عیسا 192
۲۷- چیرۆکی سامێری باش 198
۲۸- جەوانی دەوڵەمەند 205
۲۹- چیرۆکی خزمەتکاری دڵ ڕەق 211
۳۰- عیسا مەسێح بە پێنج هەزار کەس خۆراک ئەدات. 217
۳۱- عیسا بەسەر ئاودا ئەڕوا 223
۳۲- عیسا پیاوێکی دێوانە و ژنێکی نەخۆش شەفا ئەدات 228
۳۳- چیرۆکی جووتیار 237
۳۴- عیسا چەن چیرۆکی دیکە فێر ئەکات 243
۳۵- چیرۆکی باوکی دڵسۆز 249
۳۶- گوڕانی ڕوخساری مەسێح 257

۳۷- عیسا ئیلعازەر زیندوو ئەکاتەوە ........ 262
۳۸- خەیانەت بە عیسا ........ 269
۳۹- دادگایی کردنی عیسا ........ 278
۴۰- عیسا لە خاچ درا ........ 285
۴۱- خوا عیسا لە مردووەکان هەڵ ئەستێنێتەوە ........ 291
۴۲- گەڕانەوەی عیسا بۆ ئاسمان ........ 296
۴۳- دەست پێکردنی کلیسا ........ 303
۴۴- شەفای پیاوی سواڵکەر بەدەستی پێترۆس و یووحەنا ........ 311
۴۵- ئێستیفان و فیلیپۆس ........ 317
۴۶- پوولۆس ئەبێتە مەسیحی ........ 325
۴۷- پوولۆس و سیلاس لە فیلیپی ........ 331
۴۸- عیسا مەسیحای وادە دراوە ........ 339
۴۹- عەهدی نوێی خوا ........ 347
۵۰- عیسا ئەگەڕێتەوە ........ 357

# ١- بە دیهێنان



له سه ره تا، خوا هه موو شتێکی به م شێوه پێک هێنا: ئه و جیهان و هه موو گیان له به رانی له شه ش روژدروس کرد. دوای دروس کردنی زه وی، چوونکه خوا هێشتا هیچ چتێکی شکل نه دا بوو، هه موو شوێنێک تاریکی وخاڵی بوو. بڵام ڕوحی خوا له سه ر هه موو ئاوه کان بو.



داوترخوا وتی: «ڕووناکایی ببێت» و ڕووناکایی بوو. خوا سه یری کرد ڕووناکایی باشه و نێوی نا « ڕوژ». و خوا تاریکی له ڕووناکایی جیا کردەوه و نێوی نا «شه و». خوا ڕووناکی له ڕۆژی یه که م به دی هێنا.



له ڕۆژی دووهه می به دی هێنان، خوا وتی: « با بۆشاییێک له سه رئاوه‌کاندا ببێت» جا ئاوا بوو. خوا بۆشاییێه که‌ی نێونا ئاسمان.



له ڕۆژی سێهه م خوا وتی: « با ئاوه‌کانی ژێر ئاسمان له یه ک شوێن کۆببنه‌وه و وشکانی ده‌ر بکه‌وێت.» ئه و ناوی وشکی نا «زه وی» و ناوی ئاوه کانی نا «ده ریا». خوا سه یری کرد که هه رچێکی که دروس کردوه باشه.



داوترخوا وتی: « گیاو داره جۆراوجۆره کان له سه ر زەوی بەر هه م بێن» ووا بوو. خوا سه یری کرد که هه رچێکی که دروس کردوه باشه.



له چوارەم ڕۆژی به دی هێنان،خوا ۆتی: «له ئاسمان ڕووناکایی بێت.» وبه م جۆره بوکه خوا خۆر، مانگ و ئه ستێرەکانی دروس کرد تا زه وی ڕوون که نه وه. که واته ڕۆژ، شه و، وه رزه کان وساڵه کان له یه ک جیا بوونه وه، خوا سه یری کرد که هه رچێکی که دروس کردوه باشه.



لە ڕۆژی پێنجم، خوا وتی: « گیان لە بەرانی ناو ئاو، ،دە ریا پڕ کە ن و باڵندەکان لە ئاسمان دا هەڵفڕن.» کە واتە ئە و هەموو گیان لە بە رانی ناو ئاوو باڵندە کانیٚ دروس کرد. خوا سە یری کرد کە هە رچێکی کە دروس کردوە باشە و بەرەکەتی دان.



لە شە شە م ڕۆژی بە دی هێنان،خوا ۆتی: « زە وی لە هەموو جۆر گیان لە بە رێک پر بێت» و هە رچیٚ وا خوا وتی ئە نجام درا. ئەوئاژەڵانە، درندە کان، خزۆکە کان، گە ناورکان بوون. خوا سە یری کرد هە رچێکی دروس کردوە باشە و ڕازی بوو.



دواترخوا ۆتی:« با ئێنسان له سه ر وێنه‌ی خۆمان دروس بکه ین تا به سه ر زه‌وی و گیان له به ران حوکومه ت بکات.»



ئینجا خوا هێندێک خۆڵی هه ڵگرت، ئه وی به شێوه‌زاری ئینسان دروس کرد وهه‌ناسه‌ی ژیانی فوو کرده کوونه لووتی. خوا ناوی نا ئاده م وباخێکی گه وره‌یی بووی پێک هێنا تا له وێ ژیان بکات وئاگاداریبێت.



خوا دو داری تایبه تی له ناو باخه که دا دانا، دانێکیان داری ژیان و ئه وتر داری ناسینی چاک و خڕاپ. خوا به ئاده می وت که ئه توانێت له میوێ ته واوداره کانی باخ بخۆیت بێجگه له میوی داری ناسینی چاک و خڕاپ. ئه گه ر له میوه ی ئه و داره بیخواردایێت، ئه مرد.



داوتر خوا وتی: «باش نیه که ئاده م به ته نیا بمێنێت.» حه یوانه کان، نه یان ده توانی هاوده مێ باش بۆ ئاده م بن.



له ئەنجامدا خوا ئاده می خسته نێو خه وێکی قووڵ. دوای ئه وه یه کێک له پەراسووەکانی دەرهێنا و له و، ژنی دروس کرد و هێنای بۆلای ئاده م.



کاتێک ئاده م سه یری کرد، وتی: « ئەمه شێوەی من دەدا. ناوی ئه نیم ژن، چوونکه له پیاو گیبراوه.» له به ر ئه وه پیاو دایک وباوکی خۆی به جێ دەهێڵێت و له گەڵ هاوسەرەکەی پەیوەندی ئەکات، ئیتر دەبنه یەک جەسته.



خوا پیاوو ژنی وه ک خۆی به دی هێنا، ئەوانی بەرەکەت دا و فه رمووی: «زیا بن و منداڵ بهێنن و زه وی پڕ که ن.» وخوا سەیری کرد هه موو ئەوەی که دروستی کردبوو باش بوو و دڵخۆش بوو. هەموو ئەمانە له ڕۆژی شەشەم ڕوی دا.



به هاتنی ڕۆژی حه وتم، خوا کاری بەدیهێنانی کۆتایی هێنا، ڕۆژی حەوتەمی بەرەکەتدارو موقەددەس کرد؛ چوونکه خوا کاری بەدیهێنانی تواو کرد، ئارامی گرت. به م شێوازه خوا جیهانو هەموو مه خلووقاتی دروس کرد.

چیرۆکێ وه رگیر اوه له کتێبی موقەددەس (کتێبی سەرەتای به دیهێنان فەسڵی ١و٢)

# ۲- هاتنی گوناح به جیهان



ئادەم و ژنەکەی لە باخێکی جوان کە خواوەند بۆ ئەوانی دروس کردبو، بە خۆشی ژیانیان دەکرد. ئەگەرچی ڕووت بوون،شەرمیان نەدەکرد چوونکە هێشتا گوناح نە هاتبووە نێو دنیایە. ئەوان زۆرجار لە باخ دا قەدە میان لێ ئەدا ولەگەڵ خوا قسەیان دەکرد.



بڵام مارێکی تەڵەکەباز لە باخە کە دابوو. ئە و مارە لە ژنەکەی پرسی: « ئە وە ڕاستەکەخوا ئێوەی لە خواردنی میوە ی هە موو دارەکان بەرگیری کردووە؟



ژنەکە وڵامی داوە: «ئێمە ئیزنمان هە یە لە هە موومیوەی دارەکان بخۆین بێجگە لە داری ناسینی چاک وخراپ. خوا بە ئێمە ی وتووە: « ئەگەر ئیوە لە میوەی ئە و دارە بخۆن و یا تەنانەت دەستیشی لێ بدەن، ئەمرن.»



مار بە ژنەکەی وت: «ئەمە دروس نیە! ئێوە نامرن. خوا ئەزانێت ئەو کاتە کە ئێوە لە میوە ی ئەو دارە بخۆن،هەروەکوو خوا چاک لە خراپ ئە ناسنە وە.»



ژن دی میوه ی ئه و داره جوانه و بەتام دیاره. ئه و کەئەی ویست هەموو شتێک بزانێت، میوەییێکی له دارەکه کردەوه و خواردی. ئینجا لەو میوه ی به مێردەکەی دا و ئەویش خواردی.



له پڕا، چاویان کراوه و له ڕووتی خۆیان ئاگاداربوون. ئادەمووهاوسەره که ی هەوڵیان دا تابه گەڵای داره کان ڕووتی خۆیان داپۆشن.



ئینجا ئاده م و هاوسه ره كه ی دەنگی خوایان بیست كه له نێو باخا به ڕێدا ئه چوو. ئه وان خۆیان له خوا شارده وه. خوا وتی: « ئاده م له كوێی؟» ئادەم وڵامی داوه: « دەنگی تۆم له باخ دا بیست و چوونكه ڕووت بووم ترسام، خۆمم شاردەوه.»



دواتر خوا پرسی: «كێ به تۆی وت كه ڕووتی، ئایا له میوه ی ئەو داره ت خواردوه كه بەرگیریم كردبو؟» ئاده م وڵامی دا:« ئه م ژنه كه به منت به خشیوه، له و میوەی پێ دام.» جاخوا له ژنەكه پرسی: « ئه وه چه كارێك بو كه كردت؟» ژن وتی: «مار فریوی دام.»



خوا بە ماری وت: « تو نەفرەتیت. بە سە ر سکا ئە خزیت و خۆڵ ئەخۆی. تۆ و ژن لە یەک تر نەفرەت تان دەبێ و هەروەها نێوان نەسڵی تۆ و نەسڵی ژن دوژمنایەتی دەخەم. کەسێک لە نەسڵی ژن سەری تۆ پان دەکاتەوە و تۆش پاژنەی ئەو دە کوتیت.»



دواتر خوا بە ژنی وت: «ژان گرتنت زۆر ئەکەم، ئارەزووت بۆ میردە کە ت دەبێت و ئەویش بەسەرتدا زاڵ دەبێت.



خوا بە پیاوی وت: « چوونکە گوێت لە قسەی ژنەکەت گرت و لە من سەرپێچیت کرد، زەوی لە ژێر لەعنەت ئە بێ و تو بە زەحمە تی زۆر، نان پەیا ئەکەی. ئاخرسە رئە مریت و جە ستە ت بە خۆل ئە گە رێتە وە.» ئادەم ناو ژنەکەی نا حەوا کە بە مانای ژیان بەخشە؛ چوونکە ئەو ئە بێ دایکی هەموو ئینسانە کان بێت. خوا جلو و بە رگی لە پێستی حەیوانەکان بۆ کردن.



دواتر خوا وتی: « ئێستا کە ئینسان وە کوو ئێمەی لێ هاتووە و چاک وخراپ لەیەک ئە کاتەوە، نابێ ڕێگای پێ بدرێت کە لە میوەی داری ژیان بخوات و هەتاهەتایە بژیێت.» کە واتە خوا ئەوانی لە ئەو باخە جوانە دەر کرد. ئە و لە بە ر دەرگای باخ، چە ند فریشتە ی زۆرداری دانا کە نە هێڵن لە میوە ی داری ژیان بخۆن.»

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس( کتێبی سەرەتای بەدیهێنان فەسڵی 3 )

# ۳-لافاو



پاشی ساڵانی زۆر، ژماره ی ئینسانه کانی سەر زەوی زۆربووەوە. ئەوان ئەوندە تووڕە و هار بوون کە خوا بڕیاری دا تەواوی دنیا بە لافاوێکی زۆر گەورە لەناوبا.



بڵام خوا لە نووح ڕازی بو. ئەو پیاوێکی عادڵ بوو کە لە نێوان شە رووره کان دەژیا. خوا نووحی لە بڕیارەکە ی خۆی سە بارە ت بە ئەو لافاوە گە ورە ئاگا دار کرد. ئەو بە نووحی فەرموو کە کەشتییێکی گەورە دروس کات.



خوا بە نووحی فەرموو کە کەشتیەکەی بە درێژاییی ١٤٠ گەز،پانایی ٢٣ گەز و بەرزایی ١٣/٥ گەز دروس کات. نوح ئە بوایە ئە و کە شتیە سێ تە بە قە لە داری سە رو دروس ئە کرد. کە شتی ئە بوایە سە قف، دیوی زۆر و پە نجێرە یشی ببێت. کە شتی بە ئە م بۆنەو ساز ئە کرا تا نووح بنە ماڵە کەیوو چوارپێیان ناو وشکی لە لافاو بپارێزێت.



نووح گوێ لە خوا گرت. ئە و و سێ کوڕە کە ی کە شتیە کە یان هر وا کە خوا فە رمانی دا بوو، دروس کرد. چوونکە کە شتیە کە زۆر گە ورە بوو، چە ن ساڵ وە ختی برد تا ساز بکرێت. نووح خە ڵکی وریا کرد کە لافاو دێت و ئە وان ئە بێ بە خوا بگەڕێنەوە . بڵام ئەوان بڕوایان بە قسەی نووح نەکرد.



خوا هه روه ها فەرمانی دا کە نووح و بنە ماڵە کە ی خواردنی بێ کەم وزیا بۆ خۆیان و حه یوانه کان کۆ کە نە وە. ئەوکاتە کە هەمووشتێک سازبو،خوا بە نووحی ۆت کاتی هاتوە تا هەشت نەفەر واتا ئەو،ژنەکەی،سێ کوڕ و بوکەکانی بچنە نێو کەشتیەکەوە.



خوا لە هە ر حە یوان و باڵندە، جووتێک نێر و مێی بو لای نووح نارد تا بچنە نێو کە شتیە کە و لە کاتی لافاوە کە لە ئامان بن. هەروەها خوا، حە وت جووت نێر و مێی لە تەواوی حەیواناتێک کە شایانی قووربانی بوون ناردی. کاتێک هەموویان چوونە ناو کە شتیە کە، خوا درگای کە شتیە کە ی بە ست.



ئینجا باران چڵ ڕۆژ بی ئە مان باری و ئاو لە زە وی هە ڵ ئەقوڵی بەو جۆرە کە هەموو شتێک، تە نانە ت کێوە بە رزە کاٌنیشی، داپۆشاندبوو.



تەواوی گیان لەبەرەکان کەلە سە ر وشکی ژیانیان دەکرد، جگەلە ئینسانە کان وحەیوانەکانی نێو کەشتیەکە تیاچوون. کە شتیە کە لە سە ر ئاو ماوە و هەمووشتە کانی نێوی لە نووقم بوونە وە نەجاتیان بوو.



دوای وەستانی باران،کەشتییەکە ماوە ی پێنج مانگ لە سەر ئاو بوو و لەو ماوەیەدا ئاوی ڕۆبار دە ستی بە دابە زین کرد. ئینجا ڕۆژێک کە شتیە کە لە سە ر کێوێک وێستا. بڵام دنیا هێشتا لە ژێر ئاو بوو. لە پاش سێ مانگ لوتکە ی کێوە کان دە رکە وت.



دوای چل ڕۆژ، نووح قەلەڕەشێکی بوو پەیدا کردنی زەوی وشک ناردە دەرەوە. قەلەڕەشە کە هەڵفڕی بڵام وشکانی نەدۆزیەوە.



پاشان نووح کۆترێکی نارد. بڵام کۆترەکەش نەیتوانی زەوی ویشک پەیدا بکات، ئینجا گەڕایەوە بۆ لای نووح. حەفتەییێک دواتر، کوترەکەی دیسان ناردە وە و کوترە کە بە گەڵاییێکی زە یتونە وە گە ڕایە وە ناو کە شتیە کە! ئاو دا بە زیبوو گیاکان گەشەیان کردوو.



نووح یەک حەفتەی دیکە چاوەڕێی بوو و کۆترەکەی بوو سەییێم جار نارد. ئەم جارە کۆترەکە نەگەڕاوە. ئاو دابە زیبوو و کوترە کە جێگە ییێکی لە سە ر وشکی دوزی بوو وە.



دوو مانگ دوایە خوا بە نووحی فەرموو: «لە گەڵ بنەماڵە کە ت وحەیوانە کان لە کەشتیەکە بڕۆنە دەرێ. زیا بن و منداڵ بهێنن و زەوی پڕ کەن.» ئینجا نووح و بنەماڵەکەی لە کەشتیەکە هاتنە درێ.



نووح دوای چۆڵ کردن کەشتییەکە، قوربانگاهێکی دروس کرد و لەو حەیوانانەی کە بەو مەبەستە هێنا بووی قوربانی کرد. خوا لەم کارەی نووح ڕازی بوو و بنەماڵەکەی بەرەکەت دا.



ئینجا خوا بەم جۆرە بڵێنی دا:«ئیتر زەوی سەبارەت بە شەرارەت ئینسان، بە لافاو، نەحلەت ناکەم یا لەناوی نابەم؛ هەرچەن دڵی ئینسان لە منالیە وە تاوانبارە.»



ئینجا خوا بە نیشانەی بڵێنی خۆی، یەکەم کۆڵکەزێرینەی لە ئاسمان دا دیاری کرد. هەرکات کۆڵکەزێڕینە لە ئاسمان دەرئەکەوێت، خوا و قەومەکەی بڵێنی ئەویان لە بیر دێتەوە.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس (کتێبی سەرەتای بەدیهێنان فەسڵی ٦تا٨)

# ٤- بە لێنی خوا لەگەڵ برایم



پاشان چەند ساڵ لە بۆرانەکەی زەمانی نووح، ژمارەی ئینسانەکان دیسان زیادی کرد. ئەوان دیسانەکە سەبارەت بە خوا ویەکتر گوناحیان دەکرد و چونکە هەموویان بە یەک زمان قسەیان دەکرد، بەجێ گوێ دان بە حوکم خوا و بڵاو بونەوە وپڕ کردنی زەوی، لە یەک جێ کۆ بوونەوە و دەستیان پێ کرد بە دروس کردنی شارێک بۆ خۆیان.



ئەوان زۆر لەخوڕازی بوون و نەیان ئەویست بە شێوەی فەرمانەکانی خوا ژیان بەسەر بەرن و تەنانەت دەستیان کرد بە سازکردنی بورجێکی بەرز کە بەرەو ئاسمان دەچوو. خوا دی کە ئەگەر ئەوان لەسەر شیرارەتەکەیان بەردەوام بن، تووشی گوناحانی زۆر دەبن.



لەبەر ئەوە خوا زمانی ئەوانی بە زمان هایێک جۆراوجۆر گۆڕاند و ئەوانی لە سەرتاسەری دنیا پرژوبڵاو کرد. شارێک وا ئینسانەکان دروس کردنیان دەست پێ کرد، بابێل، ناو نرا کە مەعنای « شێواوە».



خوا دوای سەدان ساڵ لەگەڵ پیاوێ بە ناوی ئەبرام قسەی کرد. خوا بەوی وت:« نیشتمان و وڵاتی خۆت بە جێ بێڵا و برۆ بەرەو دیارێک کە من نیشانت ئەیەم. من بەرەکەتت ئەدەم و لە تۆ قەومێ گەورە پێک ئەهێنم. من ناو تۆ گەورە ئەکەم. کە سانێ کە بە تۆ بەرەکەت بدەن بەرەکەت ئەدەم و ئەوانەی وا تۆ بە نەفرەت بکەن، نەفرەتی ئەکەم، هەموو بنەماڵەکانی سەر زەوی لە ڕێگەی تۆوە بەرەکەتدار دەبن.»



ئەبرامیش گوێ لە خوا گرت. ئەو هاوسەرەکەی سارای، خزمەتکارەکان وماڵ و سامانی خۆی هەڵگرت و بۆلای وڵاتی کەنعان کە خوا بەوی نیشان دابوو، ڕۆی.



ئەو کاتە کە ئەبرام چووە نێو کەنعان،خوا فەرمووی: «دەور و بەری خۆت ببینە،تەواوی ئەم وڵاتە کە ئەیبینی بە تۆ و منداڵەکانت ئەیبەخشم.» ئەمجار ئەبرام لە ئەو وڵاتە،جێگیر بوو.



لەوێ پیاوێک بو بە ناوی مێلکی سێدێق کە کاهێنی خوای مەزن بوو. ئەبرام ئەوی لە کۆتایی یەکێک لە شەڕەکانی دا بینی. مێلکی سێدێق، ئەبرامی بە رەکەت دا و وتی: «خوای مەزن کە خاوەنی هەموو ئاسمان و زەویە، ئەبرام بەرەکەت بات.» ئینجا ئەبرام یەک لە دە بەشی دە ست کەوتەکانی شەڕی بە مێلکی سێدێق بەخشی.



چەند ساڵ تێ پەڕ بوو، بڵام ئەبرام و سارای، هێشتا منداڵێکیان نە بوو. خوا لەگەڵ ئەبرام قسەی کرد و دیسان بەڵێنی دا کە کوڕێکیان پێ ئەبەخشێ و لە نەسڵی ئەو منداڵانی زۆر بە دی دێن کەوەک ئە ستێرەکانی ئاسمان زۆر ئەبن. خوا ئەبرامی عادڵ حسێب کرد. چونکە ئەو بڕوای بە بەڵێنی خوای کردە بوو.



جاخوا لەگەڵ ئەبرام پەیمانێکی بەست. هەروایە کە پەیمان قەول وقەرارێکی دوو لایانەیە کە هەردولا عەهد دەکەن تا کارێکی بۆ یەک بکەن. بڵام سەبارەت بە ئەبرام،خوا وەختێ ئەم پەیمانەی بەست کە ئەبرام لە خەوێکی قووڵا بوو. لەگەڵ ئەوەش دا ئەبرام دەیتوانی دەنگی خوا بژنەوێت. خواوتی: «من لە جەستەی خۆت کوڕێک بە تۆ ئەبەخشم و وڵاتی کەنعان بە نەسڵی تو ئەدەم.» بڵام ئەبرام هێشتا کوڕێکی نەبوو.

چیرۆکێ وە رگیراوە لە کتێبی موقەددەس ( کتێبی سەرەتای بە دیهێنان فەسڵی ١١ تا ١٥ )

# ٥- کوڕی بەڵێن



ده ساڵ دوای کۆچ کردن بە وڵاتی کەنعان ،ئەبرام و سارای هێشتا مناڵێکیان نەبوو. ئینجا سارای هاوسەری ئەبرام پێی وت: «ئێستا کە خوا ئیزنی نەداوە تا من مناڵێکم هەبێت و ئیستە کە من بۆ دوو گیان بوون زۆر پیرم، لەگەڵ خزمەتکارەکەم هاجەر هاوسەرگیری بکە تا بتوانێت بۆ من منداڵێک بە دونیا بێنێت.»



ئینجا ئەبرام لەگەڵ هاجەر هاوسەرگیری کرد. هاجەر کوڕێکی بە دونیا هێنا وئەبرام ناوی نا ئیسماییل. بڵام سارای بەخێڵی بە هاجەر ئەکرد. ئەوکاتەی کە ئیسماییل بوو بە سێزدە ساڵە،خوا جارێکی تر لەگەڵ ئەبرام قسە ی کرد.



خوا فەرمووی: «من خوای لێ هاتوی بێ وێنەم ولەگەڵ تۆ پەیمانێک ئەبەستم.» ئەوکاتە ئەبرام بە دەرگای خوا چۆکی دادا. خوا هەروەها بە ئەبرامی فەرموو:« تو ئەبی بە باوکی چەند خێلێکی زۆر. من وڵاتی کەنعان بە میرات دەدم بە تۆ و بە نەسڵی تۆ و هەمیشە خوای ئەوان دەبم. تۆیش ئەبێت تەواوی کوڕەکانی بنەماڵەکەت خەتێنە بکەیت.»



«هاوسەرەکەت سارای، کوڕێک دێنێت کە منالی بەڵێن ئەبێت. ناوی بنێ ئیسحاق. من لەگەڵ ئەو وەعد ئەکەم و نەسڵێکی گەورەی لێ بە دی ئەهێنم. لە ئیسماییلیش قەومێکی گەورە پێک دێنم، بڵام پەیمانی من لەگەڵ ئیسحاق دەبێ.» دوای ئەوە خوا ناوی ئەبرامی گوڕی بە برایم، بە مانای باوکی قەومەکان. هەروەها خوا ناوی سارای بە سارە گوڕی کە بە مانای « شازادە» یە.



ئەو ڕۆژە برایيم هەموو کوڕەکانی خێڵی خۆی خەتێنە کرد. دوای یەک ساڵ، ئەو وەختە وا برایيم سەد ساڵ و سارە نەوەد ساڵی بوو،سارە کوڕێکی بوو. هە روەها کە خوا ویستبوی، ناویان نا ئیسحاق.



ئەو کاتە کە ئیسحاق بووە کوڕە جاحێلە، خوا ئیمانی برایيمی تاقی کردەوە و وتی: «تاقانە کوڕەکەت ئیسحاقم بۆ قوربانی بکە». برایيم جارێکی تر گوێی بە خوا دا وئامادە بووتا کوڕەکەی قوربانی بکات.



کاتێک کە برایيم و ئیسحاق بەرەو قوربانگاە ئەرۆیشتن، ئیسحاق پرسی: «باوکە، دار بۆ قوربانی ئامادەیە،بڵام بەرخی قوربانی لەکوێیە؟» برایيم وڵامی دایەوە:« کوڕم خوا بەرخی قوربانی ئامادە ئەکات.»



ئەوکاتە کە ئەوان بە قوربانگاە گەیشتن، برایيم کوڕەکەی بە تەناف بەست و ئەوی لەسەر قوربانگا دانا. برایيم ئەیویست کوڕەکەی بکاتە قوربانی کە خوا فەرمووی: «دەست ڕاگرە!سەدەمە بە کوڕەکە مەگەیێنە! ئیستا زانیم کە تۆ ترسی منت لە دڵدایە،چونکە تاقانە کوڕەکەت لە من درێغ نەکرد.»



برایم لەو نزیکانە، بەرانێکی دی کە لەناو دەوەنێک گیری خواردبوو. خوا بەرانەکەی بە جێ ئیسحاق بۆ قوربانی ئامادە کردبوو. برایم بە دڵخۆشیەوە بەرانەکەی بە خوا پێشکەش کرد.



ئینجا خوا بە برایمی وت: «هەروا کە تۆ ئامادە بووی تا هەموو شتێکی خۆت، تەنانەت تاکە کوڕەکەت بە من ببەخشی، منیش بەڵێنت پێ ئەدەم کە بەرەکەتت پێ بدەم.نەسڵی تۆ لە ئەستێرەکانی ئاسمان زیاترئە بێت. لەبەر ئەوەی کە گوێت بە من دا ،تەواوی بنەماڵەکانی زەوی لە ڕێگای بنەماڵەکەی تۆ بەرەکەت ئەگرن.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس :(کتێبی سەرەتای بەدیهێنان فەسڵی ١٦تا٢٢)

# ٦- خوا بۆ ئیسحاق پێک دێنێت.



ئەو کاتەی کە برایيم بە پیری و کوڕەکەی ئیسحاق بە جەوانی گەیشتوو، برایيم یەکێک لە خزمەت کارانی خۆی نارد بۆ شار و نیشتمانی خۆی بۆ ئەوەی کە لەوێ هاوسەرێک بۆ ئیسحاق بهێنێت.



دوای سەفەرێکی درێژ بۆ وڵاتێ کە خزم و کەسی برایيم لەوێ دەژیان، خوا ئە و خزمەت کارەی برد بۆ لای ڕێبێکا کە نەوەی برای برایيم بوو. ئەو نەوەی برای برایيم بوو.



ڕێبێکا قەبووڵی کرد کە بنە ماڵەی خۆی بە جێ بهێڵێ و لەگەڵ ئەو خزمەت کارە بچێت بۆ ماڵی ئیسحاق. هەرئەوەی کە گەییشتن ئیسحاق لەگەڵ ئەو زەماوندی کرد.



دوای ماوەیێکی زۆر، برایيم مرد و خوا بەو پەیمانە کە لەگەڵ برایيما بووی، ئیسحاقی بەرەکەت دا. یەکێ لە بەڵێنەکانی خوا لە ئەو پەیمانەدا ئەوە بوو کە برایيم، نەسڵێکی بێ ژوماری ئەبێت. بڵام ڕێبێکا هاوسەری ئیسحاق توانای مناڵ بوونی نەبوو.



خوا ئیزنی دا بە دۆعای ئیسحاق، ڕێبێکا دوانە لە سکیا بێت. ئەو دوو منداڵە، بەر لەوەیکە بە دنیا بێن، لە مناڵدانی ڕێبێکا بەیەکەو شەریان ئەکرد و بەو بۆنەوە ڕێبێکا هۆی ئەوەی لە خوا پرسیار کرد.



خوا بە ڕێبێکاێ وت:« تو دوو کوڕ بە دونیا ئینی. لە هەر دووکیان دوو نەتەوەی جێواز پێک دێ. ئەوان هەمیشە لەگەڵ یەکا شەڕ ئەکەن، بڵام قەومی کوڕی گەورەتر لە قەومی کوڕی بچوک تر فەرمان ئەبەن.»



ئەوکاتە کە کوڕەکانی ڕێبێکا بە دنیا هاتن، یە کە م کوڕ، سوورهۆڵ بوو جە ستە ی پڕ لە مو بوو، ئە وان ناویان نا عیسو. دوای ئەوە دوهەمین کوڕ کە پاژنەی عیسوی لەدەستا بوو بە دنیا ٚهات، ناویان نا یاقوب.

چیروکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس(کتێبی سەرەتای بەدیهێنان فەسڵی ٢٤ آیە کانی ١تا٢٥ و فەسڵی ٢٦)

# ٧- خوا بە یاقووب بەرەکەت ئەدات



ئەو دوو کوڕە گەورە بوون. عیسوو ڕاو کردنی پێ خۆش بوو بەڵام یاقووب لەماڵەوە بوو. ڕێبێکا یاقووبی خۆش ئەویست. بەڵام عیسوو خۆشەویست ئیسحاق بوو.



ڕۆژێک عیسوو بە برسیەتی لە ڕاو گەڕاوە. عیسوو بە یاقووبی وت: «دەکرێ تۆزێک لەو چێشتەت بدەی بە من.» یاقووب لە وڵامی دا وتی: «هەوەڵ بەڵێنم پێ بدە کە تۆش نۆبەرایەتیەکەی خۆتم پێ ببەخشی» لەبەر ئەوە عیسوو قەولی دا کە هەموو تایبەتەکانی کوڕەگەورەی خۆی بە یاقووب ببەخشێت. ئینجا یاقووب تۆزێک چێشتی دا بە عیسوو .



کاتێک ئیسحاق دەیویست کە بەرەکەتی خۆی بە عیسوو بدات، ڕێبێکا بە فێڵەبازی یاقووبی بە جێ عیسوو نارده ژوری ئیسحاق. ئیسحاق پیربوو و ئیتر نەی دەتوانی بە جوانی ببینێت. یاقووب جلەکەی عیسووی لەبەر کرد و مل و باڵەکانی خۆی بە پێس بزن داپۆشی.



یاقووب چوو بۆ لای باوکی و وتی: «من عیسووم و هاتوم کە بەرەکەتم بدەی.» کاتێک ئیسحاق دەستی لە موی بزنەکە دا و بۆنی جلەکانی کرد، وای زانی کە عیسوو هاتوەتە لای و بەرەکەتی دا.



عیسوو نەفرەتی لە یاقووب بوو،چونکە ئەو نۆبەرایەتی و بەرەکەتی لێ دزی بوو. لەبەر ئەوە نەخشەی کێشا تا دوای مردن ئیسحاق، یاقووب بکوژێت.



بەڵام ڕێبێکا لەم بیرۆکە ئاگادار بوو. ئە و ئیسحاق، یاقووبیان ناردە شوێنێکی دوور بۆ لای خزمەکانی ڕێبێکا.



یاقووب چەند تەمەنێکی زۆر لای خزمەکانی ڕێبێکا ژیانی کرد. لەو کاتەدا، هاوسەرگیری کرد و بوو بە خاوەنی دوانزە کوڕ و یەک کچ. خوا ماڵ و سامانێکی زۆری بە یاقووب بەخشی .



دوای بیست ساڵ دوری لە ماڵەکەی لە کەنعان، یاقووب لەگەڵ بنەماڵەکەی و خزمەتکارەکانی و هەموو ڕانەکەی خۆی گەڕاوە بۆ ئەوێ.



هەرچەند کە یاقووب زۆر پەرێشان بوو، چونکە گومانی ئەکرد کە عیسوو لە سەر کوشتنی ئەو بەردەوامە. لەبەر ئەوە ژمارێکی زۆر لە ماڵاتەکانی بە پێشکەشی بۆعیسوو نارد. خزمەت کارێک کە ئەو ئاژەڵانەی برد بۆ عیسوو، پێی وت: «ئە م ئاژەڵانە لە لایەن خزمەت کارەکەت یاقووب بە تۆ پێشکەش ئەکرێ. خۆیشی بەم زوانە ئەگاتە ئیرە.»



بەڵام عیسوو ئیتر نەیدەویست بە یاقووب ئازار بگە یێنێت و لە دیتنی زۆر دڵخۆش بوو. یاقووب بە ئاشتی و ئارامی لە کەنعان ئەژیا. دواتر ئیسحاق مرد و یاقووب و عیسوو ناشتیان. پەیمانێک کە خوا لەگەڵ برایيم بەستبووی، لە پاش ئیسحاق بە یاقووب گەیشت.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددە س( کتێبی سەرە تای بە دیهێنان فەسڵی ٢٥ ئایاتی ٢٧ تا ٣٥ و فەسڵی ٢٩)

# ٨- خوا یوسف و بنەماڵەکەی ڕزگار ئەکات



پاشان چەند ساڵ، ئەوکاتە کە یاقووب پیاوێکی بەتەمەن بوو، یوسف کوڕە خۆشەویستەکی نارد تا لە سڵامەتی براکانی کە خەریکی لەوەڕاندنی مەڕەکان بوون خەبەر بهێنێت.



براکانی یوسف زۆریان ڕەق لێی بوو، چونکە یاقووب ئەوی زۆرتر خۆش ئەویست و یوسفیش خەونی دی بو کە بەوان فەرمان ڕەوایی ئەکات. جا ئەو کاتە کە یوسف چوو بۆ لای براکانی، ئەوان یوسفیان بە تاجرەکانی بە ردە، فرۆشت.



پێش گەیشتنی براکانی یوسف بۆماڵەوە، ئەوان جلەکەی یوسفیان دڕاند و خوێنی بزنیان پیا کرد. کراسەکەیان نیشانی باوکیان دا کە وا بزانێت کە حەیوانێکی دەرەندە یوسفی کوشتوە، ئینجا یاقووب زۆر خەمبار بوو.



تاجرەکانی بەردە، یوسفیان برد بۆ میسر. میسر وڵاتێکی گەورە و بەهێز بوو کە لە پاڵ ڕۆباری نیل جێگیربوو. ئەوان یوسفیان بە یەکێک لە دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی میسر فرۆشت. یوسف بە باشی خزمەتی ئەربابەکەی کرد و خوایش ئەوی بەرەکەت دا.



هاوسەری ئەو پیاوە هەوڵی ئەدا تا لەگەڵ یوسف هاوبەستەر بێت، بەڵام یوسف قەبووڵی نەدەکرد کە سەبارەت بە خوا گوناح بکات. ئەوکاتە ئەو ژنە تووڕە بوو و بە ناحەق یوسفی تاوانبار کرد. ئەو گیرا ونێردرا بۆ بەندیخانە. بەڵام یوسف لە بەندیخانەیش بە خوا وە فادار ما و خوا بەرەکەتی دا.



پاشان دو ساڵ، یوسف هەر لە بەندیخانە ما، هەرچەندە کە بێ تاوان بوو. شەوێک فیرعەون (میسریەکان پاشای خۆیان فیرعەون بانگ دەکەن)،دوو خەونی دی کە سەبارەت بەوان زۆر پەشێو بوو. هیچ یەک لە ڕاوێژکارانی فیرعەون نەیانتوانی لە خەونەکانی ئەو سەردەربێنن.



چونکە خوا توانایی داوێژ کردن خەونی بە یوسف دابوو، فیرعەون لە بەندیخانە یوسفی بانگ کردە لای خۆی تا خەونەکەی بۆ ڕوون کاتەوە.یوسف بەوی وت:«خوا حەوت ساڵ بەرهەمێکی زۆر دەدا بەڵام لە پاش، حەوت ساڵ قاتی و قڕی دەبێت.»



فیرعەون وەها خۆشی لە کردەوەی یوسف هات کە ئەوی کرد بە دووهەمین پیاوی گەورەی میسر.



یوسف بە خەڵکی ڕاگەیاند کە لە ماوەی حەوت ساڵی زۆری ، خۆراکی کۆ بکەنەوە. دواتر زمانێ کە حەوت ساڵ قاتی وقڕی دەستی پێکرد، یوسف ئەو خۆراکانەی ئەفرۆشت بە خەڵک تاکو خواردەمەنی تەواویان بێت.



قاتی و قڕی و وشکەساڵی نەتەنیا میسر بەڵکوو وڵاتی کەنعان، ئەو جێگە وا یاقووب و بنەماڵەکەی ژیانیان دەکرد لەبەری گرتوو.



کەواتە یاقووب کوڕە گەورەکانی خۆی نارد بۆمیسر تا نان و ئازوقەی بێنن.ئەوکاتە کە ئەوان چوون بۆ لای یوسف تا ئازوقەی لێ بکڕن ،یوسفیان نەناسیەوە. بەڵام یوسف ئەوانی ناسی.



یوسف بو ئەوە کە بۆی دەرکەوێت براکانی گۆڕاون ئەوانی تاقی کردەوە. ئینجا وتی:«ئەمن یوسفی براتانم ، مەترسن. ئیوە سەبارەت بە من خراپ بوون، بەڵام خوا خراپەی ئێوی بە باشی گەڕاندەوە. وەرن و لە میسر ژیان بکەن و من لێرە هەمووشتێک بۆ خۆتان و بنەماڵەکانتان پێک دێنم.»



براکانی یوسف گەڕانەوە بۆ ماڵێ، وهەواڵی زیندوو بوونی یوسفیان دا بە یاقووبی باوکیان، ئەو زۆر دڵخۆش بوو.



ئەگەرچی یاقووب پیاوێکی بەتەمەن بوو، لەگەڵ بنەماڵەکەی کۆچیان کرد بۆ میسر، و لەوێ هەموویان لەگەڵ یەک ژیانیان دەکرد.یاقووب پێش لە مردنی خۆی ،هەموو کوڕەکانی بەرەکەت دا.



قەول و بەڵێنێکی کە خوا لەگەڵ براییم بەستبووی، دوای ئیسحاق بە یاقووب و دوانزە کوڕەکەی و بنەماڵەکانیان گەیشت. لە نەسڵی دوانزە کوڕی یاقووب، دوانزە تیرەی قەومی ئیسڕاییل پێک هاتن.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: (کتێبی سەرەتای بەدیهێنان فەسڵی ۳۷تا۵۰)

## ٩- خوا موسا بانگ دەكات



دوای مردن یوسف هەموو کەس و کاری لە میسر مانەوە. بۆ ساڵیانی زۆر خۆیان و منداڵەکانیان لەوێ ئەژیان و بوونە خاوەن ماڵ و منداڵی زۆر. میسریەکان بەوانیان ئەوت ئیسڕاییلیەکان.



پاشان سەدان ساڵ ژماری ئیسڕاییلیەکان زۆر زیادیان کردبوو. میسریەکان دیکە، یوسف و یارمەتیەکانی ئەویان لەبیر نەبوو. ئەوان لە ئیسڕاییلیەکان ئەترسان چونکە ژماریان زۆر بوو. دواجار فیرعەونێک کە لەو کاتە فەرمانرەوای میسر بوو، ئیسڕاییلیەکانی بە بەردەی میسریەکان کرد.



میسریەکان لە ئیسرائیلیەکان بێگاریان ئەکێشا بۆ سازکردنی بناخە و تەنانەت زۆر یەک لە شارەکان. کاری قورس، ژیانی پێ تاڵ کردبوون، بەڵام خوا ئەوانی بەرەکەت دا و خاوەن منالی زۆرتری کردن.



فیرعەون کە دی ئیسرائیلیەکان منالی زۆرتریان ئە بێت، بە قەومی خۆی فەرمانی دا کە تەواوی کوڕە ساواکان بخەنە نێو ڕۆباری نیل و بیانکوژن.



تا ئەوەی کە ژنێکی ئیسرائیلی کوڕێکی بوو. ئەو ومێردەکەی تا کاتێک کە دەیانتوانی، ئە و کۆرپەیانە شاردەوە.



کاتێک کە دایک و باوکی منداڵەکە، چیتر نەیانتوانی بیشارنەوە، بۆ بەرگیری لە کوشتنی ئەو، کۆرپەکەیان خستە نێو سەوەتەییێک و لە نێو ژاژڵەکانی پاڵ ڕۆباری نیل دایان نا، بەڵام خۆشکە گەورەکەی لە دورەوە چاوە دێری ئەکرد تا بزانێت چی بە سەر دێت.



کچی فیرعەون سەوەتەکەی دی و نێوانی چاو لێ کرد. کاتێک چاوی بە کورپەکە کەوت، ئەوی کرد بە کوڕی خۆی. ژنێکی ئیسڕاییلی بۆ گرت کە شیر بە منداڵەکە بات. بێ خەبەر لەوەی کە ئەو ژنە دایکی منداڵەکە بوو.ئەوکاتە کە دایکی منداڵەکە، ئەوی لە شیرخواردن گرتەوە ،ئەوی بردەوە بۆ لای کچی فیرعەون.ئەویش منداڵەکەی ناو نا موسا.



ئەو کاتە کە موسا گەورە بوو، میسرییێکی دی کە بەردەییێک ئیسڕاییلی ئەکووتێت. موسا تەقالای دا تا برا ئیسڕاییلیەکەی ڕزگار بکات.



موسا بەم گومانەی کە کەسێک نایبینێت، ئەو میسریەی کوژت و جەستەی شاردەوە. بەڵام کەسێک ئەم کارەی موسای دی.



فیرعە ون بە کاری موسای زانی و هەوڵی دا کە موسا بکوژێت. بەڵام موسا لە میسر هەڵات بو بیاوان وسەروازەکانی فیرعەون نەیانتوانی ئەو بدۆزنەوە.



موسا لە بیاوانێکی دور لە میسر سەرقاڵی شوانی بوو. لەگەڵ ژنێک لە ئەو وڵاتە هاوسەرگیری کرد و بوو بە خاوەنی دوو کوڕ.



ڕۆژێک، کە موسا ئاگاداری مەڕەکانی خەزورەی ئەکرد، دەوەنێکی دی کە بڵێسەدار بوو بەڵام ناسووتا. ئینجا لێ نزیک بوو تا هۆکارەکەی بزانێت. کاتێک کە موسا لێ نزیک بوو، خوا لە نێو دەوەنەکە بانگی کرد:«پێڵاوەکانت لە پێت دەربێنا ،چونکە ئەو جێگە کە لێی ڕاوەستاوی، موقەددەسە.»



دواجار خوا وتی: « من ڕەنج و مەینەتی قەومی خۆمم لە میسر دیتوە. من تۆ ئەنێرم بۆ لای فیرعەون تا قەومی من لە بەردەگی میسر دەر بێنێت. من وڵاتی کەنعان بەوان ئەدەم، وڵاتێک کە بەڵێنی ئەوەم بە براییم، ئیسحاق و یاقووب دابوو.»



موسا وتی: گەر قەوم لە من بپرسن کە کێ منی هەناردوە، چیان پێ بڵێم؟ خوا فەرمووی:«هەم ئەوەی کە هەم.بەوان بڵێ "هەم" منی بۆ لای ئیوە ناردووە.هەروەها بەوان بڵێ کە من یەهووە خوای بابەکانتان براییم، ئیسحاق و یاقووبم .ناوی من هەتاهەتایە ئەمەیە .»



موسا نەی ئەویست بچێتە لای فیرعەون، چونکە ئەترسا نەتوانێت بە جوانی قسە بکات، بۆیە خوا برای موسا، هاروونی نارد تا یارمەتی بدات.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس :(کتێبی دەرچوون فەسڵی ١تا٤)

# ١٠- دە بەڵا



خوا بە موسا و هاروون هوژداری دا کە فرعەون دڵ ڕەق ئەبێت. موسا و هاروون چوون بۆ لای فرعەون و وتیان:« ئەمە پەیامی خوای ئیسڕاییلە بۆ تۆ: نەتەوەی من ڕزگار کە کە برۆن. » فرعەون گوێ بە قسەکەیان نەدا و بە جێ ڕزگار کردنی خەڵکی ئیسڕاییل مەجبوریانی کرد کە دژوارتر لە پێش کار بکەن.



فرعەون هەروەها لە ڕزگارکردنی خەڵکی ئیسڕاییل سەرپێچی ئەکرد. بەوهۆکارەش خوا دە بەڵای مەترسیداری بۆ میسر نارد. بەو بەڵایانە، خوا بە فرعەونی نیشان دا کە هێزی لە فرعەون و هەموو خواکانی میسر زۆرترە.



خوا ئاوی ڕۆباری نیلی کرد بە خوێن. بەڵام فرعەون، هەر خەڵکی ئیسرائیلی ڕزگار نەکرد.



خوا سەرتاسەری وڵاتی میسری لە قرپۆق پڕ کرد. فرعەون داوای لە موسا کرد کە قرپۆقەکان لە وڵاتەکەیان دور کاتەوە. بەڵام دوای تیا چوونی قرپۆقەکان، دڵی فرعەون ڕەق تر بوو و ئیزنی دەرچوونی ئەوانی لە میسر نەدا.



ئینجا خوا بەڵای مێشووله و دوای ئەویش بەڵای مێشی نارد. فرعەون بە موسا و هاروونی وت چیتر ئەم دوو بەڵایە دوور کەونەوە، ئیزنیان پێ ئەدات کە لە میسر برۆن. پاش دۆعای موسا،خوا ئەو بەڵایانەی دوور خستەوە، بەڵام فرعەون دڵی خۆی ڕق کرد و دیسانیش ئیزنی دەرچوون لە میسری بەوان نەدا.



پاشان ،خوا دەستی بە کارێ کرد تا هەموو حەیوانەکانی میسریەکان نەخۆش و مردار بوونەوە. بەڵام دڵی فرعەون ڕەق تر بوو و ئەوجارە یش ڕێی پێ نەدان تا برۆن.



خوا بە موسای وت تا مشتیان پڕ بکەن لە خۆڵە مێش و لەبەر فرعەونا بیپرژێننە ناو هەوا. کاتێک موسا وای کرد، تەواوی خەڵکی ئیسرائیل تووشی دۆمەڵی پڕ ئێش بوون. بەڵام خوا دڵی فرعەونی ڕەقتر کرد و فرعەون ئیجازەی پێ نەدان کە بڕۆن.



دواجار خوا بەڵای تەرزەی نارد و زۆرتری بەرهەمەکان و هەر گیان لەبەرێک کە لە دەرەوە بوو تیا چوون. ئینجا فرعەون، موسا و هاروونی بانگ کرد و وتی:« من ئەم جارە گوناحم کردوە، ئێوە موختارن کە بڕۆن.» موسا دۆعای کرد و تە رزە وێستا.



بەڵام فرعەون دیسان گوناحی کرد و دڵی خۆی ڕەق کرد و ئیجازەی نەدا کە ئیسڕاییلیەکان ڕزگار بن.



بەو هۆکارە خوا ژمارێکی زۆر کولەی ناردە وڵاتی میسر. ئەوان تەواوی بەرهەمەکان کە لە بەڵای تەرزە بە جێ
مابویان، خوارد.



دواتر خوا بەڵای تاریکی نارد کە بە ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو. هەموو شوێنێک وەها تاریک بووەوە کە میسریەکان نەیان ئەتوانی لە ماڵ بێنە دەر. بەڵام ئەو شوێنە کە ئیسرایيلیەکان ژیانیان لێ ئەکرد، ڕووناکایی بوو.



تەنانەت دوای ئەم نۆ بەڵایە، فرعەون بە ئیسرایيلیەکان ئیزنی نەدا کە برۆن، چونکە فرعەون گوێچکەی ژنەوای نەبوو، خوا بڕوای کرد تا دوایین بەڵایش بنێرێت. ئەم بەڵایە ئەبێت بە هۆی ئەوەی کە فرعەون بڕیارەکەی خۆی بگۆڕێت.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: کتێبی دەرچوون فەسڵی ٥_١٠

# ١١- جەژنی پێسەخ



خوا موسا و هاروونی نارده لای فرعەون تا پێی بڵێن ئیسڕاییلیەکان ڕزگار بکات. ئەوان هوژداریان دا بە فرعەون کە ئەگەر قەومی ئیسڕاییل وێل نەکات، خوا تەواوی نۆبەرە کوڕەکانی وتەنانەت ئاژەڵەکانی میسر لەناو ئەبا. بەڵام فرعەون بڕوای بە قسەی ئەوان نەکرد و دیسانیش ملی بە فەرمانی خوا نەدا.



خوا بۆ ئەو کەسانەی کە ئیمانیان پێ بوو ڕێگاییێکی تەرخان کرد تا نۆبەرەی کوڕەکانیان لەو کارەساتە دەربازبن. هەر بنەماڵەیێک ئەبوایە بەرخێکی بێ عەیبی هەڵ ئەبژارد و ئەوەی قوربانی بکردایا.



خوا بە قەوم ئیسڕاییلی فەرموو کە خوێن بەرخەکە بساونە دەوروبەریماڵەکانیان. ئەوان هەروەها ئەبوایا گۆشتی ئەو بەرخیانە ئەبرژاند و زوو بە زوو بە نانی بێ هەویر ترش ئەیانخوارد. خوا هەروەها بەوانی فەرمان دا کە ئامادە بن کە دوای خواردنی، خێرا میسر چۆڵ کەن.



ئیسڕاییلیەکان تەواوی دەستورەکانی خوایان بە وردی بەجێ هێنا. خوا لە نیوەشەودا هات و تەواوی نۆبەڕە کوڕەکانی میسری لە ناوبرد.



خوا لە تەواوی ماڵەکانی قەومی ئیسڕاییل کە خۆێنیان لە سەر درگای ماڵەکەیان بوو ڕەت ئەبوو. تەواوی ئەو کەسانەی کە لەو ماڵانە بوون، سەبارەت بە خوێنی بەرخەکە لە ئەمان بوون.



بەڵام خواوەند لە پاڵ ماڵی میسریەکان کە بە خوا بڕوایان نەبوو و گوێیان لە فەرمانی خوا نەدەگرت نەگوزەرا و هەموو کوڕە گەورەکانیانی کوشت.



کوڕە گەورەکانی هەموو میسریەکان مردن. لە کوڕی گەورەی فرعەون هەتا کوڕە گەورەی غولامێ کە لە بەندیخانە بوو. زۆریەک لە دانیشتوانی میسر لە بەر خەم و خەفەتی خۆیان، گریان و شیوەنیان دەکرد.



فرعەون لە هەمان شەوا، موسا و هاروونی بانگ کرد و پێی وتن:« قەومی ئیسرایيل هەڵگرە وبێ ماتڵی لە میسر بڕۆنە دەر.» میسریەکانیش لە سەر ئەوەی کە زووترین کات میسر چۆڵ کەن سوور بوون.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: کتێبی دەرچوون، فەسڵی ١١ ایەی ١تا١٢ و فەسڵی ٣٢

# ١٢- دەرچوون



ئیسرائیلیەکان زۆر شادمان بوون کە میسریان چۆڵ ئەکرد. ئەوان ئیتر بەردە نەبوون و بە شوێن وڵاتی دیاری کراو ئەڕۆیشتن. میسریە کان هەر شتێکی کە ئیسرائیلیەکان داوایان کردبوو، تەنانەت زێو، زێر و هەموو شتە بەنرخەکانیان پێ بەخشی بوون. زۆربەی نەتەوەکانی تریش کە بە خوا ئیمانیان هێنا بوو، لەگەڵ ئەوان میسریان بە جێ هێشت.



پەڵەیێک هەور لە ڕۆژ و پەڵەیێک ئاگر لە شەو، بە ر لەوان ئە چوو. حۆزوری خوا لە پەڵەی هەورو ئاگر لە گەڵیان بوو و بەردەوام ئەوانی لەو سەفەرە بەرێوە ئەبرد. تەنیا کارێک کە ئەبوایە بیانکردایە، ئەوە بوو کە بە شوێنی بڕۆن.



دوای کاتێکی کەم فرعەون و قەومەکەی، لەو کارەی کە کردبوویان پەژیوان بوونەوە و بە دوای ئیسرائیلیەکان دا چوون، تا دیسان ئەوان بە خزمەتی خۆیان دەربێنن. خوا نەزەری ئەوانی گوڕێبوو تا نیشانیان بدا کە تەنانەت ئەو خوای راستەقینەیە، و خەڵک بزانن کە یەهووە، بە هێزتر لە فرعەون و خوایانی میسرە.



کاتێک ئیسرائیلیەکان سپای میسریان دی، تێ گەییشتن کە لە نێوان دەریای سوور و سپای فرعەون گیریان کردوە. ئەوان زۆر ترسابوون و هاواریان ئەکرد:« بۆچی میسرمان بە جێ هێشت؟» « هەمووماں بە زووی ئەمرین!»



موسا بە ئیسڕاییلیەکانی وت: «مەترسن خوا ئیمڕۆ بۆ ئێوە شەڕ ئەکات وڕزگار ئەکرێن.» دواتر خوا بە موسای فەرموو:«بە قەوم ئیسڕاییل بڵێ کە بەرەوڵای ڕۆباری سوور بڕۆن .»



ئینجا خوا پەڵە هەورێکی لە نێوان بەنی ئیسڕاییل و سپای فرعەون دا نا، تا سەربازانی میسری نەتوانن ئەوان ببینن.



خوا بە موسا فەرمانی دا کە دەستی خۆی لە بان ڕۆبارەکە بەرز بکاتەوە. دواتر خوا باییێکی نارد کە ئاوی ڕۆبارەکەی بە چەپ و ڕاستا ڕواند، بەو جۆرەی کە لە نێو ڕۆبارەکە ڕێگەییێک کراوە.



ئینجا قەوم ئیسرایيل لەو حالە دا کە هەر دوو لایان دیوارێک لە ئاو بوو، لە نێوان ڕۆبارەکە بە ڕۆیشتن بە ڕێگای خۆیان بەردەوام بوون.



دوای ئەوە، خوا پەڵە هەورەکەی هەڵگرت تا میسریەکان بتوانن ڕۆیشتنی ئیسڕاییلیەکان ببینن. جا میسریەکان بڕیاریان دا کە شوێنیان کەون.



ئینجا ئەوان بە شوێن ئیسڕاییلیەکان چوونە نێو ڕۆبارەکەوە، بەڵام خوا میسریەکانی خستە نێو خۆفەوە و کارێ وەهای کرد کە ئەڕابەکانیان لە نێو قوڕا گیر بکات. ئەوان هاواریان دەکرد:« دەرچن! خوا بۆ ئیسڕاییلیەکان شەڕ ئەکات.»



دوای ئەوەی کە قەومی ئیسرائیل بە سڵامەت گەیشتە ئەوبەر دەریا، خوا بە موسای فە رمووو: « جارێکی تر دەستت بەرەو دەریا درێژ کەوە.» ئەوکاتە کە موسا ئەو کارەی کرد ئاو ڕژیا بە سەر میسریەکان و تەواویان لە نێو دەریا خنکان.



کاتێک ئیسرائیلیە کان تیاچوونی سپای میسریان بینی، بەخوا متمانەیان کرد و بەم بڕوا گەیشتن کە موسا پێغەمبەرێ لە لایانی خوایە.



قەومی ئیسرایيل زۆر بەکەیف بوون؛ چونکە خوا ئەوانی لە بەردەگی و مردن ڕزگار کردە بوو. ئێستا ئەوان ئازاد بوون کە خوا بپەرەستن و ڕێ ڕەوی ئەو بکەن. ئیسراییلیەکان لە مەحتی ئازادی خۆیان گۆرانی زۆریان وتوە وخوایان ستایێش کرد، کە ئەوانی لەدەستی لەشکەری میسر نەجات داوە.



جا خوا بە قەوم فەرمانی دا، کە هەرساڵ ئەم بەسەرهاتە جێژن بگرن و بە بیریان بێتەوە کە خوا چۆن میسریەکانی شیکەست دا و نەتەوەی ئیسراییلی لە بەردەگی ڕزگار کرد. ناوی ئەم جێژنەیان نا پێسەخ. ئەوان هەر ساڵ بە برژاندنی بەرخی قوربانی لەگەڵ نانی فەتیر، ئەم ڕۆژەیان جێژن ئەگرت.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس(کتێبی دەر چوون فەسڵی ١٩ تا ٣۴)

# ١٣- عەهدی خوا لەگەڵ ئیسرائیل



پاش دەرچوونی قەومی ئیسرایيل لە دەریای سوور، خوا ئەوانی بەرەو کێوی سینا ڕەوانە کرد. ئەو کێوە کە مووسا لەوێ دەوەنە بڵێسەدارەکەی بینێبوو. پاشان قەوم لە پێی کێوەکە دانیشتن.



خوا بە مووسا و قەومی ئیسرایيلی فەرموو: «ئێوە ئەبێت لە فەرمان بەری کردن لە من بەردەوام بن و بەو عەهدەی کە لەگەڵتانە ئەیبەسم بەوەفابن. گەر ئەمەی بکەن، بۆ من ملکێ تایبەت و مەملەکەتێک لە کاهێنەکان و ئۆمەتێکی موقەددەس ئەبن.»



خەڵک بە ماوەی سێ ڕۆژ خۆیان ئامادەی دیتنی خوا کرد. جا خوا لەگەڵ هەورە تریشقەییێک، دوکەڵ و دەنگی سامداری زوڕنا، هاتە سەر کێوی سینا. مووسا بەتەنیا چووە سەر کێوەکە.



ئینجا خوا لەگەڵیانا پەیمانێکی بەست و وتی: «من یەهووە خوای تۆم، کە تۆم لە ئەسیری وبەندەگی میسر ئازاد کرد. جگە لە من خواییێکی تر مەپەرەستە.»



« بوت دروس مەکە و مەیپەرەستە؛ چونکە من یەهووە، پێویستە خوای تۆ بم. ناوی من بێ ڕێز مەکە و ڕۆژی شوبات موقەددەس بژمێرە. هەموو ئیشەکانت لە شەش ڕۆژ بکە، چونکە تو ئەبێت لە ڕۆژی حەوتم بسرەوی و سەرقاڵی من بی.»



ڕێزی بابو و داێکت بگرە. قەتڵ مەکە، زێنا مەکە، دزی مەکە و درۆ مەلێ. تەماح لە ماڵو و خێزانی هاوساکەت مەکە.



قەوم قەبووڵیان کرد تا ئەو یاسانەی کە خوا بەوانی دابوو بەجێ بهێنن. ئەوان قەبووڵیان کرد تا تەنانەت بۆ خوا بن و تەنانەت ئەو بپەرەستن.



هەروەها خوا بە خەڵکی ئیسرایيلی فەرموو کە کەپرێکی گەورە (کەپری سەردان) ساز کەن. ئەو دەستوری ساز کردنی کەپرەکەی بە تەواوی وردەکارەکانی و تەواوی ئەو شتانەی کە دەبێ لەویا بن پێ دان. ئەو دەستووری دا کە پەردەیێکی گەورە ساز بکەن کە کەپرەکە بکاتە دوو بەش. خوا لە ژووری پشت پەردەکە ئامادە و نیشتە جێ ئەبوو. تەنیا کاهێنی گەورە ئیزنی بوو کە بچێتە ئەو ژوورە و بە خزمەت خوا بگات.



قەوم ئەبوا هەروەها قووربانگاهێک لە بەر کەپرەکە دامەزرێنن. هەرکەس کە لە شەرێعەتی خوا سەرپێچی ئەکرد، ئەبوایە حەیوانێک بهێنێت بۆ قوربانگاه. کاهێنێک پێویست بوو ئەو حەیوانەی بکوژێت و ئەوەی بەناوی قوربانی بۆ خوا لە سەر قوربانگاهەکە بیسووتێنێت. خواوەند وتی کە خوێنی حەیوانی قوربانی کراو گوناح ئەو یەکە دائەپۆشێت. بەم شێوە خوا گوناحی ئەو کەسەی نەبینراو ئەکرد و ئەو کەسە لە چاوی خوا پاک بە حسێب ئەهات. خوا برای مووسا، هاروون و نەسڵی ئەوی هەڵبژارد کە کاهێنانی ئەوبن.



ئینجا خوا دە فەرمانی لەسەر دوو تەختە بەرد نووسی و دای بە مووسا. خواوەند هەروەها یاسای دیکەی دا بە قەوم تا بەجێیبێنن. خوا وەعدی دا، ئەگەر گوێ لەو یاسایانە بگرن بەرەکەتیان بات و ئاگاداریان بێت، بەڵام ئەگەر گوێ لێ نەگرن وڵامی توندیان باتەوە.



مووسا ڕۆژانێکی زۆر لە سەر کێوەکە ماوە و لەگەڵ خوا قسەی ئەکرد. خەڵک لە چاوەڕوانی بۆ گەڕانەوەی مووسا ماندوو بوون. ئینجا زێڕەکانیان بۆ هاروون برد و داوایان لێ کرد تا بوتێکیان بۆ دروس کات، تا بە جێ خوا بیپەرەستن. ئاوا بوو کە سەبارەت بە خوا گوناحێکی گەورەیان کرد.



هاروون بتێک زێڕین بە شێوەی گوێرەکەییێکی دروس کرد. خەڵک وەحشیانە بتەکەیان پەرەست و قوربانیان بۆ کرد! خوا بە بۆنەی ئەو گوناحەیان زۆر لێیان تووڕە بوو و بە مووسای وت کە بە تەمایە کە لە ناویان بات. بەڵام مووسا لە خوا داوای کرد کە ئەمەی نەکات. خوا دۆعای مووسای بیست و ئەوانی لەناو نەبرد.



له کاتێ کە مووسا لە کێو سینا هاتە خوار، دوو تەختە بەردین کە خوا دە فەرمانی لە سەریا نووسی بوو، لە دەستیا بوو. هەر بتی دی، وەها تووڕە بوو کە تەختەکانی دا بە ئەرزا و شکاندی.



ئینجا مووسا بتەکەی ئاگردا و وردی کرد، وبە شێوەی تۆز دەری هێنا. تۆزەکەی کردە نێو ئاو و خەڵکی ناچار کرد تا بیخوەنەوە. خوا بەڵاییێکی بە سەر خەڵکا ڕژاند کە زۆریان مردن.



مووسا بە جێگەی تەختە بەردینەکان کە خۆی شکاندبوونی، تەختەکانی دیکەی بۆ دە حوکمەکە تاشی. ئینجا دواجار چوو بە سەر کێوی سینا و بۆ لێ خۆش بوونی خوا لە قەوم، دۆعای کرد.خوا دۆعاکانی مووسای بێست و لێیان خۆش بوو. مووسا لەگەڵ دە فەرمان کە خوا لەسەر تەختە نوێکانا نووسی بووی، لە سەر کێوەکە هاتە خوار. ئینجا خوا ئەوانی لە کێو سینا بەرەو وڵاتی دیاری کراو ڕەوانە کرد.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس ( کتێبی دەرچوون فەسڵی ١٩ تا ٣٤)

# ١٤- سەرگەردانی لە بیابان



دوای ئەوە کە خوا قەومی لە یاساکانی شەرێعەت ئاگادار کرد، ئەوانی بەرەو کێوی سینا هیدایەت کرد. ئەوان دەبایە سەبارەت بە بڵێنێکی کە ڵەگەڵ خوایان بەستبوویان، یاساکانی شەرێعەت بە جێبهینن. خوا بە تەمای ئەوە بو کە ئەوان بە وڵاتی وادە، یانێ کەنعان بگەیێن. خواوەند بەرلەوان لە کۆڵەکەی هەورا ئەڕویشت و خەڵکیش بە شوێنیا ئەچوون.



خوا بە ئەبرام، ئیسحاق و یاقووب بەلێنی دا بوو کە وڵاتی بەڵێن دراو بە مناڵانی ئەوان ئەیات. بەڵام لەو کاتە خەڵکی زۆر لەوێ ژینیان ئەکرد کە نێوی خۆیان نا بوو کەنعانیەکان. کەنعانیەکان پەیڕۆی خوا نەبون و ئەویان پەرەستش نەدەکرد. ئەوان خواکانی خۆیان دەپەرەستی کە ڕاستەقینە نەبوون و ئیشی زۆر نابەجێیان دەکرد.



خوا بە قەومی ئیسرِاییلی فەرموو:« دوای گەیشتن بە وڵاتی بەڵێن دراو، ئەبێ خۆتان لە دەست کەنعانیەکان ڕزگار بکەن. لەگەڵیانا ئاشتی و زەماوەند مەکەن. ئێوە ئەبێ تەواوی بوتەکانی ئەوان لەناو بەرن. ئەگەر وا نەکەن کە ئەمن پێتان ئەڵێم ئاخر سەر تووشی هەڵە دەبن و بەجێی من بوتەکانی ئەوان دەپەرەستن.»



ئەوکاتە کە ئیسرِاییلیەکان بە سنووری وڵاتی کەنعان گەیشتن، مووسا لە هەر قەبیلەیێک یەک کەس، یانێ دوانزە پیاوی هەڵبژارد. ئەو بەوان ڕێگەی ئیشانێک بۆ جاسووسی وڵاتی کەنعانی دا. هەروەها لێیانی ویست کە تێ بگەن چیکە کەنعانیەکان بە هێزن یا لاواز.



ئەو دوانزە پیاوە چل ڕۆژ لە سەرانسەری کەنعان گەڕان و دوای ئەوە گەڕانەوە. ئەوان بە قەومیان وت:« زەوی بەرهەم هێنەرە و بەرزقو ڕۆزیە.» بەڵام دە کەسیان وتیان:« شارەکان قایمن و خەڵکی ئەو شوێنە زل هێزن. چیتر ئەگەر شەڕیان لەگەڵ بکەین، بێ گومان سەرناکەوین و ئەمانکوژن. »



دواجار دوو جاسووسی تر کە ناویان کالیب و یوشەع بوو، وتیان:« ڕاستە کە خەڵکی کەنعان لە ئێمە بەرزتر و بەهێزترن، بەڵام بێ گومان ئێمە ئەتوانین بەسەریان زاڵ بین! چونکە خوا بۆ ئێمە شەڕ ئەکات.»



بەڵام قەوم بە قسەی یووشەع و کالیبیان نەکرد و بە گرژی بە مووسا و هاروونیان وت:«بۆچی ئێمەتان هێنا بۆ ئەم جێگە مەترسیدارە؟ ئێمە ئەبوایە لە میسر ئەماین. ئەگەر برۆینە ناو ئەو وڵاتە، لە شەڕ ئەمرین و ژنان و منداڵەکانمان بە بەردەگی ئەبەن.» ئەوان ویستیان سەرۆکێکی تر بۆخۆیان هەڵبژێرن تا بیانگەڕێنێتەوە بۆمیسر.



خوا لە بێستنی ئەو قسانە زۆر تووڕە بوو و لە کەپری سەردان بەوانی وت:«ئێوە سەبارەت بە من یاخی بوون، کەواتە هەمووتان لە بیاباں سەرگەردان ئەبن. هەموو ئەو کەسانەی کە تەمەنیان بیس بەرەوسەرە، بێجگە لە کالیب و یووشەع، لە بیابانا ئەمرن و قەت ناڕۆنە نێو وڵاتی دیاری کراو.»



کاتێک خەڵک ئەم وتارەی خوایان بیست، لە گوناحی خۆیان پەژیوان بوون و ویستیان بەرەو کەنعانیەکان هێرش بەرن. مووسا هوژداری پێ دان کە نەڕون، چونکە خوا لەگەڵیان نەبوو. بەڵام ئەوان گوێیان لە مووسا نەگرت.



خوا لە هێرشا لەگەڵیانا نەبوو. لەبەرەوە لە کەنعانیەکان سەرنەکەوتن و زۆریان لێ کوژرا. ئینجا قەوم ئیسڕاییل لە وڵاتی کەنعان گەڕانەو و بۆ چل ساڵ لەبیابان سەرلێشێواو مان.



لەو چل ساڵە کە ئیسرائیلییەکان لە بیابان بوون، خوا هەموو پێداویستیەکانیانی پێ ئەدان. ئەو لە ئاسمان نانێکی پێیان ئەدا کە ناوی «مەننا» بوو. ئەو هەروەها کەرەواڵەکانی بۆیان ئەنارد تا گۆشتیشیان بۆ خواردن ببێت. لە تەوای ئەو ماوە خوا نەیهێشت پێڵاو و جلیان کۆن بێت.



خوا بە شێوەیێکی موعجێزە لە ناو شاخەکان، ئاوی بۆ خواردنەوە پێ دان. وەلێ بە هەمووی ئەمانە، قەوم ئیسرائیل لە خوا و لە مووسا بەگلەیی بوون و بۆڵەیان ئەهات. بەم جۆرەیش، خوا هەر بە بەڵێنەکەی خۆی لەگەڵ ئەبرام، ئیسحاق و یاقووب وەفادار ما.



جارێکی دیکە ئەو کاتەوا خەڵک ئاویان بۆ خواردنەوە نەبوو، خوا بە مووسا فەرمووی:« بە سەخرە بڵێ تا ئاوی لێ بێتە دەر.» بەڵام مووسا بە جێگەی ئەوە کە بە سەخرەکە فەرمان بات، بە گۆچان دووجار لێی دا و بەم کارەی بێ حورمەتی بە خواکرد. ئاو بە زۆری لە دڵی بەردەکە هاتە دەر، بەڵام خوا لە مووسا تووڕە بوو و وتی:« تۆ ناچیتە ناو وڵاتی دیاری کراو.»



پاشان چل ساڵ کە قەومی ئیسرایيل لە بیابان وەیلان بوون، هەموو ئەوانەی کە بەرامبەر خوا شۆرشیان کردبوو، مردن. ئینجا خوا جارێکی دیکە قەومی بەرەو نزیکی سنوورەکانی وڵاتی دیاری کراو نارد. چونکە مووسا زۆر بەتەمەن بوو، خوا یووشەعی بۆ ڕێبەری قەوم هەڵبژارد. خوا بە مووسا بەڵێنی دا کە ڕۆژێک، پێغەمبەرێک وەک خۆی بۆ خەڵک ئەنێرێت.



خوا بە مووسا دەستوری دا کە بچێتە سەر کێوێک بەرزتا لەوێ بتوانێت وڵاتی دیاری کراو ببینێت. موسا وڵاتی دیاری کراوی دی، بەڵام خوا ئیزنی نەدا بچێتە ناوی. ئینجا مووسا کۆچی دوایی کردو قەومی ئیسرایيل بە ماوەی سی ڕۆژ پرسەیان بۆ گرت. ئەو ڕێبەرێکی باش بوو، چونکە بە خوا متمانەی ئەکرد و گوێ لێ ئەگرت.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددە س: (کتێبی دەرچوون فەسڵی ١٦ و ١٧، کتێبی سەرژمێری فەسڵی١٠ تا ١٤، کتێبی دواوتار فەسڵی ٣٤)

# ١٥- وڵاتی دیاری کراو



له ئاکام دا کاتی ئەوە گەیشت کە قەومی ئیسرائیل بچێتە نێو وڵاتی دیاری کراو، یانێ کەنعان. له ئەوێ شارێک بوو بە ناوی ئێریحا کە دەور تادەوری بە دیوارێکی بتەو و قایم پارێزگاری ئەکرا. یووشەع دوو جاسووسی ناردە ئەو شارە. لەوێ فاحیشەیێک بە ناوی راحاب ئەژیا. ئەو جاسووسەکانی لای خۆی شاردەوە و یارمەتیانی دا کە لە شاربچنە دەر. ئەو ئەم کارەی کرد چون بە خوا ئیمانی بوو. جاسووسەکان بە ڕاحاب قەولیان دا کە وەختێک ویستیان ئێریحا لەناو بەرن، ئەو و بنەماڵەکەی بپارێزن.



بۆ ئەوەی کە ئیسرائیلیەکان بتوانن بچنە ناو وڵاتی دیاری کراو، پێویست بوو لە ڕۆباری ئوردۆن ڕەت ببن. خواوەند بە یووشەعی وت : «کاهێنەکان پێشتر بنێرە.» ئەو کاتە کە ژێرپێی کاهێنەکان گەیشتە ڕۆباری ئۆردۆن،ئاو له ڕۆیشتن وێستا و ئیسرائیلیەکان توانیان لە سەر زەوی وشک، بۆ ئەو لای چەمەکە تێپەڕن.



دوای ئەوە کە قەومەکە لە ڕۆبار ئۆردۆن ڕەت بوون، خوا بە یووشەعی وت کە بۆ هێرش بە شاری بەهێزی ئێریحا، ئامادە بن. خوا بە خەڵکی وت: ئەبێ کاهێنەکان و سەربازەکان شەش ڕۆژ، ڕۆژێ جارێک لە دەور شارا بە ڕێدا بڕۆن. ئینجا کاهێنەکان و سەربازەکان وایان کرد.



لە ڕۆژی حەوتم، ئیسرایلییەکان ئەبوایە حەوت جار شاریان ئەپێوا، ئینجا کاهێنەکان لە زوڕنای خۆیان فوو کەن و تەواوی خەڵک بە دەنگی بەرز هاوار بکەن. ئەوان وایان کرد.



ئەو کاتە دیوارەکانی ئێریحا ڕووخان. ئیسرائیلیەکان هەرشتێک کە ناو شارەکەیا بوو، بەرابەر بە وتەی خوا لەناویان برد. تەنیا ڕاحاب و بنەماڵەکەی کە چووبوونە لای ئیسرائیلیەکان، پارێزران. کاتێک کە قەومە دانیشتوەکانی وڵاتی کەنعان، زانیان کە ئیسرائیلیەکان ئێریحایان خاپوور کردوە، ترسان کە نەکا ئیسرائیل بەوانیش هێرش بەرێت.



خوا بەقەوم ئیسرائیل فەرمانی دابوو کە لەگەڵ هیچ تیرەیێک لە کەنعان، وادەی ئاشتی نەبەستن. بەڵام یەکێک لە تیرەکانی کەنعانی بە ناو جەبعوونیەکان، بە یووشەع درۆیان وت و وتیان کە لە جێگەیێکی دووروە هاتوون بۆ کەنعان. ئەوان لەیووشەع داوایان کرد کە لەگەڵیانا وادەی ئاشتی ببەستێت. یووشەع و ڕێبەرەکانی دیکەی ئیسرائیل، بێ ئەوەی کە لەگەڵ خوا ڕاوێژ بکەن، وادەی ئاشتیان لەگەڵ جەبعوونیەکان بەست.



دوای سێ ڕۆژ، ئیسڕاییلیەکان تێ گەیشتن کە جەبعوونیەکان لە ڕاستی دا خەڵکی کەنعانن. جا، لە فریوەکەیان توورە بوون. بەڵام وادەی ئاشتیەکەیان لەگەڵیانا نەشکاند، چونکە ئەو پەیمانەیان لەبەرامبەر خوایا بەستبوو. چەنێک دوای ئەوە، پاشاکانی تیرەیێک ترلە کەنعانیەکان بە ناوی ئەمووریەکان، وەختێک کە بیستیان کە جەبعوونیەکان لەگەڵ بەنی ئیسڕاییل هاوپەیمان بوون، سوپای خۆی کۆ کردەوە و بە جەبعوونیەکان هێرشیان برد. جەبعوونیەکان لە یووشەع داوای یارمەتیان کرد.



یووشەع سپای ئیسڕاییلی کۆ کردەوە. ئەوان تەواوی شەو لە ڕێگادا بوون تا بە جەبعوون گەیشتن. بەیانی زوو بێ خەبەر بەسەر ئەمووریەکان دا چوون و، هێرشیان بۆ بردن.



خوا ئەو ڕۆژە بۆ ئیسرایيل شەڕی کرد. ئەو سەری لە ئەموورییەکان شێواند، تەرزەی گەورەی لە ئاسمان داوەراند و زۆری لە ئەموورییەکان کوشت.



هەروەها خوا کارێکی کرد تا خوەر لە ئاسمان بوێستێت، هەتا سەربازە ئیسرایيلییەکان کاتیان بۆ شکەست دانی ئەموورییەکان بێت. خوا لەو ڕۆژە سەرکەوتنێک گرنگی بۆ ئیسرایيلییەکان پێک هێنا.



دوای ئەمەی کە خوا ئەو لەشکەرەی تێک شکاند، زۆر لە تیرە کەنعانیەکان، بۆ هێرش بردن بە ئیسرائیلیەکان پێکەوە هاو پەیمان بوون. یوشەع و ئیسرائیلیەکان هێرشیان بردە سەریان و ئەوانیان لە ناوبرد.



دوای ئەم هێرشانە، خوا بەش هەر کام لە تیرەکانی ئیسرائیلی لە نیشتمانی دیاری کراو پێیان دا. دواتر خوا ئاسوودەیی لە تەواوی سەرخەتەکانی ئیسرائیل جێگیر کرد.



ئەوکاتە کە یووشەع بە ساڵە چوو بوو ،تەواوی قەومەکانی ئیسراییلی لە دەوری یەک کۆ کردەوە.ئینجا ئەو بەڵینی وەبیریان هێناوە کە لە سەر کێوی سینا لەگەڵ خوایان بستبوو، کە فەرمانبەری خوا بکەن. خەڵک بەڵێنیان دا کە سەبارەت بە خوا وەفاداربن و شەریعەتی ئەو بە جێبهێنن.

داستانی برگرفته از کتاب مقدس: (کتاب یوشع فصل ۱ تا ۲۴)

# ١٦- فریاڕەسەکان



دوای مردنی یووشەع، قەومی ئیسڕاییل لە فەرمانەکانی خوا سەرپێچیان کرد وتەواوی کەنعانیەکانیان لە وڵاتی دیاری کراو دەر نەکرد. و هەروەها بە جێگەی یەهۆوە خوای ڕاستەقینە ڕوویان کرد بە پەرستنی بوتە کەنعانیەکان. لەو کاتە قەومی ئیسڕاییل پاشایان نەبوو، ئینجا هەرکەس ئەوەی پێ باش بوو ئەنجامی ئەدا.



سەرکێشی قەومی ئیسڕاییل بوو بە هۆی ئەوەی کە بەردەوام موقەددەریان بەسەر بێت. ئەو موقەددەرانە ئەمانە بوون: قەومی ئیسڕاییل چەنای چەن ساڵ لە سەرکێشی کردن بە خوا بەردەوام بوون. ئینجا خوا بۆ ئەوەی کە سزایان بات ئیجازەی ئەدا کە دوژمنەکانیان بە سەریانا زاڵ بن. دوژمنەکانیان ماڵی ئەوانیان تاڵان ئەکرد و لە ناویان ئەبردن و زۆریان لێ ئەکوشتن. ئینجا دوای ئەوەی کە ساڵیان لە ژێر ئازاری دوژمنەکانیانا ئەمان، لای خوا تۆبەیان ئەکرد و ئەپاڕانەوە کە خوا لە دەست دوژمنەکانیان ڕزگاریان کات.



هەر کات کە ئەوان تۆبەیان ئەکرد، خوا بە ناردنی فریاڕەسێک ئەوانی ڕزگار ئەکرد. ئەو کەسە لەگەڵ دوژمنەکانیان شەڕی ئەکرد و شکەستی ئەدان. بەوشێوەیە ئارامی ئەگەڕاوە بۆ وڵاتەکەیان وفریاڕەسەکە بە باشی حکوومەتی بە سەریانا ئەکرد. خوا فریاڕەسانی زۆری بۆ قەومی ئیسڕاییل نارد. دوای ئەوە کە خوا ئیجازەی دا تا دەستەیێک لە دوژمنەکانیان بە ناوی مێدیان قەومی ئیسڕاییل شکەست با، جارێکی تر فریاڕەسێکی بۆ ناردن.



مێدیانیەکان بە ماوەی حەوت ساڵ، بەرهەمەکانی قەوم ئیسڕاییلیان تاڵان کرد. قەوم ئیسڕاییل ئەوەندە لە مێدیانیەکان ئەترسان کە خۆیان لە نێو ئەشکەوتەکان ئەشاردەوە. لە ئاکام دا ئەوان لەخوا پاڕانەوە تا ڕزگاریان کات.



ڕۆژێک پیاوێکی ئیسرائیلی بە ناو جێدعوون، بەدزی خەریک کوتانی گەنم بوو تا مێدیانیەکان نەتوانن تاڵانی کەن. لەوکاتە دا فریشتەی یەهۆوە بە سەری دا هات و وتی:« ئەی شەڕ کەری دلێر، خوا لەگەڵ تویە. بڕۆ و ئیسرائیلیەکان لە دەست مێدیانیەکان ڕزگار کە.»



باوکی جێدعوون، قوربانگاکەی بۆبوتێک تەرخان کردبوو. هەوەڵین داوای خوا لە جێدعوون ئەوە بوو کە ئەو قوربانگاهەی وێران بکا. بەڵام چون جێدعوون لە خەڵک ئەترسا تا نیوە شەو چاوەڕێی کرد. ئینجا قوربانگاکەی تێک شکاند و وردی کرد. ئەو لە نزیکی ئەو جێگە، قوربانگاهێکی نوێی بۆ خوا دروس کرد و لە سەر ئەوە قوربانی کرد.



بەیانی ڕۆژی دوایی خەڵک لە دیتنی ئەوەی کە کەسێک قوربانگاکەی شکاندوە و لە ناوی بردوە زۆر تووڕە بون. ئەوان چوون بۆ ماڵی جێدعوون کە بیکوژن، بەڵام باوکی جێدعوون وتی:«بۆچی ئێوە ئەتانەوێ یارمەتی خوای خۆتان بکەن؟ ئەگەر ئەو خوایە، لێ گەڕێن تا خۆی بپارێزێت.» ئەوان سەبارەت بەو قسە، وازیان لە کوشتنی جێدعوون هێنا.



پاش ئەوە مێدیانیەکان دیسان هاتن تا قەومی ئیسرایيل تاڵان کەن. ژمارەی ئەوان ئەوندە زۆر بوو کە لە حسێب نەئەهاتن. جێدعوون هەموو قەومی بۆ شەڕ لەگەڵ ئەوان بانگ کرد. جێدعوون لە خوای ویست دوو نیشانەی پێی بات تا دڵنیای بکات کە ئەو ویستویەتی کە جێدعوون قەومی ئیسرایيل ڕزگار بکات.



بۆ یەکەم نیشانە، جێدعوون لەتێک لە پێستی مەڕی لە سەرزەوی دانا و لە خوای ویست کە شەونم هەر لەسەر ئەوپێستە بنیشێت، بەڵام زەوی وشک بمێنێت. خوا ئەو کارەی کرد. ڕۆژی دوایی ئەو لە خوای داوا کرد کە زەوی تەڕ بێت، بەڵام پێست وشک بمێنێت، خوا ئەو کارەیشی کرد. ئەو دوو نیشانەیە، جێدعوونی تێ گەیاند کە خوا لێی ئەوێت کە ئەو ئیسڕاییل لە دەستی مێدیانیەکان ڕزگار بکات.



٣٢٠٠٠ سەربازی ئیسڕاییلی هاتن بۆ لای جێدعوون، بەڵام خوا پێی وت کە ژمارەی ئەوان بێ حەد زۆرە، ئینجا جێدعوون ٢٢٠٠٠ سەربازی کە لە شەڕ ئەترسان، بۆ ماڵەوەی ناردنەوە. خوا جارێکی تر بە جێدعوونی وت کە ئەو ژمارەیەش زۆرە. ئەوکاتە جێدعوون هەموویانی بێجگە لە ٣٠٠ کەس، بۆ ماڵەوە ناردەوە.



هەر ئەو شەوە خوا بە جێدعوونی وت :«بەدزیەوە بچۆ بۆ ئۆردووگای مێدیانیەکان، کاتێک کە قسەکانی ئەوان ببیسی چیتر لە هێرش کردن بەوان ناترسی.» جێدعوون چوو بۆ ئوردووگای ئەوان و بیستی کە یەکێک لە سەربازەکانی مێدیانی ئەوەی لە خەوا بینی بووی بۆ هەواڵەکەی ئەگێڕێتەوە. هاوڕێکەی پێی وت:«مەعنای خەوی تۆ ئەوەیە کە سپای جێدعوون سپای ئێمە مێدیانیەکان تێک ئەشکێنێ.» ئەوکاتە کە جێدعوون ئەوەی بیست خوای شوکر کرد.



جێدعوون گەڕاوە بۆلای سەربازەکانی خۆی و بە هەر یەک لەوان یەک شەیپوور و یەک گۆزەی گڵی داکە پەڵۆخێکی تیا بوو. ئەوان ئوردووگای دوژمنیان کاتێک کە سەربازەکانی مێدیانی لە خەوا بوون، داگیر کرد.٣٠٠ سەربازی جێدعوون پەڵۆخەکەی خۆیان لە ناو گۆزەکە دانابوو تا مێدیانیەکان نەتوانن ڕووناکایی پەڵۆخەکان ببینن.



ئینجا هەموو سەربازەکانی جێدعوون، هاوکات گۆزەکانیان شکاند و ڕووناکایی پەڵۆخەکان دەرکەوتن. و لە هەمان کاتا کە فوویان لە شەیپوورەکانیان ئەکرد، هاواریان ئەکرد:«شمشێر بۆ یەهۆوە و جێدعوون.»



خوا وەها مێدیانیەکانی پەشێو کرد کە بە یەکتر هێرشیان ئەبرد و یەکیان ئەکوشت. جێدعوون خێرا باقی ئیسرایلیەکانی بانگ کرد تا لە پەی کردن مێدیانیەکان یارمەتیان بدەن. ئەوان زۆر لە مێدیانیەکانیان کوشت و باقیەکەیانیان لە وڵات ئیسرایل کردە دەر. ئەو ڕۆژە ١٢٠٠٠٠ کەس لە مێدیانیەکان کوژران، بەم جۆرە خوا قەومی ئیسرایلی ڕزگار کرد.



خەڵک وێستیان کە جێدعوون بە پاشای خۆیان کەن. ئەو ئیجازەی ئەو کارەی پێ نەدان، بەڵام لەوانی ویست تا کەمێک لەو ئاڵقە زێڕانەی کە لە مێدیانیەکانیان بە دەست هێنابوو تەحویل ئەوی بدەن. خەڵک زێڕێکی زۆریان دا بە جێدعوون.



ئینجا جێدعوون بەو زێڕانە، جلیسقەیێکی وەکو ئەوەی کە سەرۆکی کاهێنان لەبەری ئەکردی، ساز کرد. بەڵام خەڵک وەکو بوت، دەستیان کرد بە پەرستنی ئەو جلیسقەیەی کە دروس کرا بوو. ئەوکاتە خوا دیسان قەومی ئیسرائیلی سزا دا، چونکە ڕوویان لە پەرستنی بوت کردبوو و ئیجازەی دا کە دوژمنەکانیان، ئەوان شکەست بدەن. لە ئاکامدا ئەوان دیسان داوایان لە خوا کرد کە یارمەتیان بدات و خوا فریاڕەسێکی تری بۆ ناردن.



ئەو کارانە چەنای چەن جار تێکرار بوو: قەومی ئیسڕاییل گوناحیان ئەکرد، تۆبەیان ئەکرد و خوا فریاڕەسێکی بۆ ئەناردن. ساڵیانێکی درێژ خوا کەسانێکی زۆری بۆ ڕزگاری قەومی ئیسڕاییل لە دەس دوژمنەکانیان، نارد.



لە ئاکامدا قەومی ئیسڕاییل لە خوایان داوا کرد کە وەکو نەتەوەکانی تر پاشایێکیان پێ بات. ئەوان پاشایێکی باڵا بەرز و بەهێزیان ئەویست کە بتوانێ لە شەڕا ڕێبەریان بێت. خوا لەو داخوازە دڵخۆش نەبوو، بەڵام هەروا کە داوایان کردبوو پاشایێکی پێ بەخشین.

چێرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس:(کتێبی ڕابەران فەسڵی ١تا ٣ و ۶ تا ٨ ؛ کتێبی یەکەمی ساموئیل فەسڵی ١ ئایەی ١٠)

# ١٧- عەهدی خوا لەگەڵ داوود



شائوول ئەوەڵین پاشای ئیسرایل بوو. هەروا کە خەڵک ئەیانویست، باڵابەرز و جوان بوو. ئەو لە سەرەتای فەرمانڕەوائیەکەی، پیاوێکی چاک بوو بەڵام بەرەبەرە بە پیاوێکی شەرور گوڕا کە ڕێڕەوی خوای نەئەکرد. لەبەرئەوە خوا پیاوێکی دیکەی بە جێگەی ئەو بۆ پاشایی هەڵبژارد.



خوا جەوانێکی ئیسرایلی بە ناو داوودی هەڵبژارد تا ئامادەی جێنشینی شائوول بێت. داوود، شوانێک خەڵکی بەیتۆلەحێم بوو. ئەو کاتێک کە ئاگاداری لە مەڕەکانی باوکی ئە کرد، ڕانەکەی دووجار لە هەڵمەتی ورچ و شێر ڕزگار کرد و کوشتیانی. داوود پیاوێک بێ فیز و عادڵ بوو. ئەو باوەڕی بەخوا بوو و فەرمانبەری لێ ئەکرد.



ئەوکاتە کە داوود پیاوێکی جەوان بوو لەگەڵ جۆلیاتی زەلام کە سێ گەز باڵای بوو وکارامە و بەهێز بوو، ململانەی کرد. بەڵام خوا یارمەتی داوودی دا تا جۆلیات بکوژێت و ئیسڕاییل ڕزگار کات. دوای ئەوە داوود چەن جار بەسەر دوژمنەکانی ئیسڕاییل سەر ئەکەوت. ئەو بە سەڕبازێک دەست ڕەنگین گۆڕا و لە زۆربە ی شەڕەکان ڕێبەری ئیسڕاییل بوو. هەمووی خەڵک دەس خۆشیان لێ ئەکرد.



خۆشەویستی خەڵک سەبارەت بە داوود بوو بە هۆی بەخێڵی شائوول. لە ئاکام دا شائوول ویستی داوود بکوژێت، بەڵام ئەو دەرچوو بۆ بیابان و خۆی شاردەوە. ڕۆژێک کە شائوول وسەربازەکانی بە شۆێن داوود دا ئەگەڕان، شائوول بەهەڵکەوت چووە نێو ئەشکەوتێک کە داوود لەویا خۆی شاردبوو. شائوول داوودی نەبینی. داوود زۆر نزیکی شائوول بووەو و لەتێک لە جلەکەی شائوولی بڕی. کاتێک کە شائوول لە ئەشکەوتەکە چووە دەر داوود هاواری کرد و لەتە جلەکەی پێ نیشان دا. بەم جۆرە بۆ شائوول بنەجێ بوو کە داوود نایەوێت کە بە کوشتنی شائوول ببێتە پاشا.



لەئاکام دا، شائوول لەهێرشێکا کوژرا و داوود بوو بە پاشای ئیسڕاییل. ئەو پاشایێکی باش بوو وخەڵک خۆشیان ئەویست. خوا بەرەکەتی بە داوود دا و ئەوی لە هەموو ئیشەکانیا بەختەوەر کرد. داوود لە چەند هێرشێکی زۆر بەشداربوو و بە یارمەتی خوا بە دوژمنانی ئیسڕاییل سەرکەوت. داوود ئۆرشەلیمی داگیر کرد و کردی بە پێتەختی خۆی. داوود هەرلەوێ ژیانی کرد و نێژرا. ئەو بە ماوەی چل ساڵ پاشایی کرد و لەم ماوەیا، ئیسڕاییل بەهێز و دەوڵەمەند کرا.



داوود ئەیویست پەرستگەیێک دروس کات کە هەمووخەڵکی ئیسڕاییل بتوانن لەوێ خوا بپەرستن وقوربانی بۆ بکەن. دەوروبەری ٤٠٠ساڵ، خەڵک لە جێگاییێک پەرستش و قوربانیان ئەکرد کە ناوی کەپری سەردان بوو ومووسا دروسی کردبوو.



بەڵام خوا پێغەمبەرێک بە ناوی ناتانی نارد بۆ لای داوود و بەوی وت :« چونکە تۆ لە ناو زۆر هێرشا بووی، پەرستگە بۆ من دروس ناکەی بەڵکوو کوڕەکەت سازی ئەکات. بەمەیشەوە من زۆرت بەرەکەت ئەیەم. کەسێک لە نەسڵی تو هەتاهەتایە بە قەومی من پاشایەتی ئەکات.» تاکە کەسێک لە نەسڵی داوود کە ئەیتوانی هەتاهەتایە پاشایەتی بکات مەسێح بوو. مەسێح ئەو هەڵبژاردەکەی خوایە کە جیهان لە گوناحەکانیان ڕزگار ئەکات.»



وەختێک داوود ئەم وتەی گوێ لێ بوو، خوای سپاس و ستایێش کرد. خوایش ئەوی سەربەرز کرد و بەرەکەتی زۆری پێدا. ئەڵبەت داوود لە سات و کاتی بە دیهاتنی وادەکانی خوا ئاگادار نەبوو. بەڵام ئێستا ئاگادارین کە قەومی ئیسڕاییل ئەبێت، لە زەمانی داوود، دەوروبەری هەزار ساڵ بۆ هاتنی مەسێح چاوەڕێی کات.



داوود ساڵانێکی زۆر بە عیداڵەتەوە حکوومەتی کرد. ئەو لەژێر فەرمانی خوا بوو و خوایش ئەوی بەرەکەت ئەدا. بەم جۆرەیش لە کۆتایی تەمەنیەوە تووشی گوناحێکی گەورە لە بەرامبەر خوایا بوو.



ڕۆژێک، ئەوکاتە کە هەموو سەربازەکانی داوود بۆ شەڕ لە دەرەوە بوون، ئەو لە سەربانی کۆشکەکەی خۆی چاوی لە دەروە کرد و ژنێکی جوانی بینی کە خەریکی سەرشۆردن بوو. ئەو ژنەکەی نەناسی بەڵام تێگەییشت کە ناوی بەتشێبەعە.



بەجێگەی ئەوە کە لە وەسوەسە دووری بکات، داوود کەسێکی نارد تا ئەو ژنیە بۆ بێنێت. ئەو لەگەل ئەو ژنە خەوت و دوایی ژنەکەی ناردەوە بۆ ماڵی خۆی. دوای ماوەیێکی کورت بەتشێبەع هەواڵی بۆ داوود نارد کە دووگیان بووە.



مێردەکەی بەتشێبەع کە ناوی ئووریا بوو، یەکێک لە باشترین سەربازەکانی داوود بوو. ئووریا لەو زمانە دوور لە ماڵەوە لە شەڕا بوو. داوود بانگی کرد و پێی وت کە بڕوات بۆ ماڵەوە و لە پاڵ هاوسەرەکەیا بێت. بەڵام ئووڕیا قەبووڵی نەکرد کە وەختێک سەربازەکانی دیکە لە شەڕگە بوون، بگەڕیتەوە بۆ ماڵەوە. لەبەرئەوە داوود جارێکی تر ئووریای نارد بۆ شەڕگە و لە فەرماندەکاَن ویستی کە ئەو لە هەوەڵ خەتی شەڕەکە دابنێن تا بکوژرێت. و وابوو کە ئووریا لە شەڕا کوژرا.



دوای کوژرانی ئووریا، داوود لەگەڵ بەتشێبەع هاوسەرگیری کرد و ئەو بۆ داوود کوڕێکی بە دونیا هێنا. خوا لە کارێک کە داوود کردبووی تووڕە بوو، لەبەرئەوە ناتانی پێغەمبەری نارد تا گڵاوی گوناحەکەی داوودی بیرخاتەوە. داوود چووەژێر گوناحەکەی، خوا ئەوی بەخشی. داوود لە درێژەی تەمەنی خۆی، تەنانەت لە دژوارترین بارودۆخەکانا، خوای ڕێڕەوی وئیتاعەت کرد.



بۆ سزادانی گوناحەکە، کوڕەکەی داوود مرد. هەروەها زۆر لە ئەندامەکانی تایێفەکەی، لەڕوویا سەرکێشیان کرد و هێزیشی بەجۆرێکی سەرنجراکێش کەم ببوو. بەڵام بەوەی کە داوود بێ قەوڵی خوای کردبوو، خوا لەسەر پەیمانەکەی کە لەگەڵیا بستبووی بەردەوام بوو و ئەنجامی دا. دواجار داوود و بەتشێبەع بوون بە خاوەنی کوڕێک کە ناویان نا سوولەیمان.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس( کتێبی ئەوەڵی سامۆئیل، فەسڵی ١٠؛ وفەسڵی ١٥ تا ١٩ و ٢٤ تا ٣١؛

کتێبی دووەمی سامۆئیل فەسڵی ٥و٧و١١و١٢)

# ١٨- بەش کردنی پاشایەتی ئیسڕاییل



داوودی پاشا ٤٠ ساڵ پاشایی کرد. دوای مردنی، کوڕەکەی سلێمان بە پاشایەتی قەومی ئیسرایيل گەییشت. خوا لەگەڵ سلێمان قسەی کرد و لێ پرسی:« چیت لە من ئەوێ تا پێت ببەخشم؟» سلێمان لە خوای ویست تا حیکمەتی پێ بات. داخوازی سلێمان خوای دڵخۆش کرد و خوا ئەوی کرد بە زاناترین پیاوی سەر زەوی. سلێمان شتی زۆر فێر بوو و پاشایێکی زۆر زانا بوو. هەروەها خوا سلێمانی زۆر دەوڵەمەند کرد.



سلێمان لە شاری ئۆرشەلیم پەرسگەیێکی دروس کرد کە داوود بۆ ساز کردنەکەی بەرنامە ڕێژی کردبوو و پێداویستیەکانی کۆ کردبووەوە. ئێستا خەڵک ئەیانتوانی بە جێگەی کەپری سەردان، لەوێ خوا پەرەستێش کەن و قوربانی بە خوا پێشکەش کەن. ڕۆحی خوا پەرستگەکەی پڕ کرد، خوا لەوێ و لەگەڵ قەومی خۆی ئەژیا.



بەڵام سلێمان دڵی بە ژنانی قەومەکانی دیکە بەست و ئەوانی بە هاوسەری گرت. ئەو کەم تا زۆر لەگەڵ ١٠٠٠ ژن هاوسەرگیری کرد و بەم شێوەیە سەبارەت بە خوا نافەرمانی کرد. ژمارێکی زۆر لەو ژنانە، لە وڵاتە دوورەکان هاتبوون و بۆ پەرستن بوتیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. کاتێک کە سلێمان بە پیری گەییشت، ئەویش بوتەکانی ژنەکانی خۆی پەرەستێش ئەکرد.



بەم بۆنەوە خوا لە سلێمان توورە بوو و پێی وت کە بۆ سزای ئەم نافەرمانیە، پاشایەتی ئیسڕاییل دوای مردن سلێمان بە دوو لەت بەش ئەکات.



دوای مردنی سلێمان، کوڕەکەی ڕێحۆبعام بوو بە پاشا. تەواوی قەومی ئیسرایيل کۆ بوونەوە تا ئەو بە پاشایەتی خۆیان قەبووڵ کەن. ئەوان بە ڕێحۆبعام شکایەتیان کرد کە سلێمان کاری زۆری لێ ئەکێشان و ماڵیاتی زۆری لێ وەرئەگرتن. ئەوان داوایان لە ڕێحۆبعام کرد تا وەکوو باوکی سەختگیر نەبێت.



بەڵام ڕێحۆبعام وڵامێکی بێعەقڵانەی بەوان دا و وتی:« ئێوە وا ئەزانن کە باوکم سلێمان سەختگیری لێ ئەکردن، بەڵام من زۆرتر کارتان لێ ئە کێشم و زیاتر عەزابتان ئەیەم.»



دوای بیستنی قسەکانی ئەو، زۆریەک لە خەڵک دژ بە ئەو شۆڕشیان کرد. دە تایێفە لە تایێفەکانی ئیسرایيل لێی جیا بوونەوە. تەنانەت دوو تایێفە پێی وەفادار مان و ئەم دوو تایێفە خۆیان پاشای یەهوودا ناو نا.



ئەو دە تایێفە پیاوێک بە ناوی یێرۆبعامیان کرد بە پاشای خۆیان. ئەوان لە ناوچەکانی باکووری ئەو وڵاتە جێگیر بوون و خۆیان بە پاشای ئێسرایيل ئەزانی.



یێرۆبعام فەرمانبەری خوا نەبوو و بوو بە هۆی ئەوە کە خەڵک بەرەو گوناح برۆن. ئەو دوو بوتی ساز کرد و لە خەڵکی ویست تا ئەوانە بپەرستن. ئەوان چیتر بۆ پەرەستێش نەئەچوون بۆ ئۆرشەلیم کە لە پاشایەتی یەهوودا بوو.



پاشایەتی یەهوودا و پاشایەتی ئیسرایيل بوون بە دوژمنی یەکتر و زۆرجار خەریکی شەڕ لەگەڵ یەک بوون.



له پاشایەتی نوێی ئیسرائیل، هەموو پاشاکان شەرور بوون. زۆریەک لەوان بە دەست ئەوانەی کە بە تەما بوون جێیان داگیر کەن، ئەکوژران.



تەواوی ئەو پاشانە و زۆرتر خەڵکی ئیسرائیل بەندەیی بوتەکانیان ئەکرد. لە ساتی پەرستن بوتەکان، لەگەڵ ژنانی داوێن پیسا ئەخەوتن وتەنانەت منداڵیشیان بۆ بتەکان قوربانی ئەکرد.



پاشاکانی یەهوودا لە نەسڵی داوود بوون. چەندییێک لەو پاشایانە ئینسانهاییێکی باش بوون، بە عیداڵەت حکوومەتیان ئەکرد، وخوایان ئەپەرست. بەڵام زۆربەی پاشاکانی یەهوودا، شەرور بوون. هێندێک لەوان تەنانەت منداڵەکانیشیان بۆ بوتەکان قوربانی ئە کرد. زۆربەی خەڵکی یەهووداش بە دژی خوا هەستان و خوایانێک دیکەیان پەرەستێش کرد.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس( کتێبی ئەوەلی پاشاکان فەسڵی ١تا٦ و ١١و ١٢)

# ١٩- پێغەمبەران



بە درێژای مێژووی ئیسڕاییل، خوا پێغەمبەرانێکی بۆ ئەوان نارد. پێغەمبەرەکان لە خوا پەیغامیان وەرئەگرت و ئەوانەیان بە خەڵک ڕائەگەیاند.



ئیلیا پێغەمبەرێک بوو کە لە کاتی پاشایەتی ئەخاب دا ئەژیا. ئەخاب پیاوێکی خراپ بوو کە خەڵکی بە پەرستنی بوتی بەعەل هان ئەدا. ئیلیا بە ئەخابی وت کە خوا ئەو سزا ئەیات. ئەو هەروەها بە ئەخابی وت :«لە وڵاتی ئیسڕاییل، بە بێ فەرمانی من، هیچ باران یا شەونمێک بە سەر ئەرزا نابارێت.» ئەخاب لەو قسانەی ئیلیا وەها تووڕە بوو کە بڕیاری دا ئیلیا بکوژێت.



خوا بە ئیلیای وت کە بچێت بۆ بیابان و خۆی لە ئەخاب بشارێتەوە. ئیلیا ڕۆیشت بۆ بیابان و لای جۆگەیێک کە خوا پێی نیشان دابوو جێگیر بوو. هەموو ڕۆژێک بەیانی و ئێوارە، باڵەندەکان نان و گۆشتیان بۆ ئەهێنا. لەم ماوەیە، ئەخاب و سپاکەی بە شوێن ئیلیا ئەگەڕان، بەڵام نەیان دەتوانی بیدۆزنەوە.



چون باران نەئەباری، دوای ماوەیێک ئاوی چۆمەکە وشک بوو. ئینجا ئیلیا چوو بۆ وڵاتێکی تر کە لەو نزیکیا بوو. لەو وڵاتە ژنێکی بەتەمەن لەگەڵ کوڕەکەی ژیانی ئەکرد کە ئازووقەیان لەبەر وشکەساڵی تەواو ببوو. بەوحالەشەوە ئەو ژنە ئاگای لە ئیلیا بوو و خواش تەواوی پێداویستیەکانی ئەو و کوڕەکەی پێ ئەدان. گۆزەی ئارد و ڕۆنیان خاڵی نابوو و لە تەواوی ماوەی وشکەساڵی چێشتیان بوو. ئیلیا بۆ ماوەی سێ ساڵ لەوێ ماوە.



دوای سێ ساڵ و نیو خوا بە ئیلیای وت کە دیسان باران ئەبارێت. خوا لە ئیلیای ویست کە بڕوات بۆ پێگەڕی ئیسرائیل و لەگەڵ ئەخاب قسە کات. ئەو کاتە کە ئەخاب ئیلیای بینی پێی وت: «تۆی کە هەموو ئەم گرفتانەت دروس کردووە !» ئیلیا لە وڵامیدا وتی: «تەواوی ئەم گیروگرفتانە بە بۆنەی تۆوە! ئەتو یەهۆوەت تەرک کردووە. ئەو خوای ڕاستەقینەیە بەڵام تۆ بەعەل ئەپەرەستی. تەواوی قەومی ئیسرائیل بێنا بۆ کێو کەرمێل.»



تەواوی ئیسرائیل لەگەڵ ئەنبیای بەعەل کە ژومارەیان بە ٤٥٠ کەس ئەگەییشت هاتن بۆ کێوی کەرمێل. ئیلیا وتی: «تا کەی ئەتانەوێ دووشک بمێنن؟ ئەگەر یەهۆوە خوایە، بیپەرەستن وئەگەر بەعەل خوایە ڕێڕەوی ئەو بکەن.»



ئینجا ئیلیا ڕوی لە ئەنبیای بتی بەعەل کردو وتی :«دانێک گای نێر قوربانی کەن، گۆشتەکەی بجنن ولە سەر قوربانگاکە دایبنن بەڵام ئاگری تێ بەر مەدەن. منیش لە سەر قوربانگاهێکی تر ئەم کارە ئەکەم. ئەو خوایە کەبۆ قوربانگاکە ئاگر بنێرێت خوای ڕاستەقینەیە.» لەبەرەوە کاهێنەکان بتی بەعەل قوربانیان ئامادە کرد، بەڵام ئاگریان هەڵ نەکرد.



ئینجا روو بە بوتی بەعەل دۆعایان کرد:«ئەی بەعەل، دەنگی ئێمە ببیسە!» ئەوان تەواوی ڕۆژ دۆعایان کرد و هاواریان کرد و بە چەقۆ خۆیان بریندارکرد. بەڵام هیچ وڵامێک لە لایان بەعەل نەبوو و ئاگریش نەنێرا.



ئەنبیا دوای ئەوەی کە تەواوی ڕۆژ دۆعایان کردبوو،ماندوو بوون و چیتر دۆعایان نەکرد. ئینجا ئیلیا مانگاییێکی نێری تری بۆ قوربانی لەسەر قوربانگا دانا و بە خەڵکی وت کە دوانزە خومرەی گەورەی ئاو بڕێژنە سەر قوربانگا بە جۆرێکە گۆشتی گا، داری مەزبەح و تەنانەت ئەرزی دەوری قوربانگا بە تەواوی تەڕ ببێت.



ئینجا ئیلیا ئاوا دۆعای کرد: « ئەی یەهۆوە، خوای براییم، ئیسحاق و یاقووب، ئیمڕۆ بە ئێمە نیشان بدە کە تۆ خوای ئیسڕاییلی ومن خزمەتکاری تۆم. دۆعای من بە جێ بێنا تا ئەم قەومە تێ بگەیێن کە تۆ خوای ڕاستەقینەی.»



به خێرایی ئاگر له ئاسمان نازڵ بوو و گۆشت، دار، بەرد، خۆڵ و تەنانەت ئاوی دەورو بەری قوربانگای سووتاند. کاتێک خەڵک ئەوەیان دی، دەست بە جێ کەوتن بە ئەرزا و وتیان:«یەهۆوە خوایە! یەهۆوە خوایە!



ئینجا ئیلیا وتی :«مەهێڵن حەتا یەک کەس لە ئەنبیای بوتی بەعەل هەڵبێن!» جا خەڵک ئەنبیای بەعەلیان گرتو هەموویانیان لەوێ برد و ئەوانیان کوشت.



دوایی ئیلیا بە ئەخابی پاشای وت :«هەرئێستا بگەڕێوە بۆماڵ چونکە بە زوویی باران ئەبارێ.» لە هەمان کات، هەورە ڕەشەکان ئاسمانیان داپۆشاند و بارانێکی توند دەستی پێ کرد. یەهۆوە قەحتی تەواو کرد و بەو کارەی بە هەموویانی نیشان دا کە تەنیا ئەو خوای ڕاستەقینەیە.



دوای ئەوەی کە ئیلیا کارەکەی تەواو کرد، خوا پیاوێک بە ناوی ئەلیشەعی بە پێغەمبەری خۆی هەڵبژارد. خوا مۆجزاتی زۆری بە دەستی ئەلیشەع ئەنجام دا. یەکێک لەو مۆجزانە بۆ نەعەمان رێک کەوت کە لە فەرماندەکانی ئەرتەشی دوژمن بوو. ئەو تووشی نەخۆشییێکی دەگمەنی پێستی بوو. ئەو کە نێوبانگی ئەلیشەعی بێستبوو، چوو بۆ لای و داوای لێکرد کە چاکی کاتەوە. ئەلیشەع بە نەعەمانی وت کە خۆت حەوت جار بخە ناو ئاوی ڕۆباری ئۆردۆن.



لە سەرەتا نەعەمان لەو پێشنیارە تووڕە بوو و چونکە ئەو کارەی پێ گەوجانە بوو، نەیویست ئەنجامی بات. بەڵام دوایی بڕیاری خۆی گۆڕی و حەوت جار خۆی لە ئاوی ڕۆباری ئۆردۆن خست. کاتێک بۆ حەوتمین جار لە ئاو هاتە دەرەوە، بە تەواوی چاک ببوو! خوا ئەوی شەفا دا.



خوا بۆ قەومی ئیسرایيل پێغەمبەرانی زۆری دیکەشی نارد. هەمووی ئەوانە بە خەڵک هوژداریان ئەدا کە لە پەرستن بوتەکان دەس هەڵگرن. لەگەڵ یەکتر بەعیداڵەت هەڵسوکەوت بکەن وسەبارەت بە یەکتر دڵ ڕەحم بن. ئەوان بە خەڵک هوژداریان ئەدا کە لە شیرارەت دوور کەون و بەجێگەی ئەوە لە خوا ئیتاعەت بکەن. ئەگەر وا هەڵسوکەوت نەکەن لە گومانی خوا گوناح کار بە حسێب دێن و خوا سزایان ئەدات.



زۆر جار، خەڵک گوێیان لە خوا نەئەگرت. ئەوان جارجار لەگەڵ پێغەمبەرەکان بە خراپی هەڵسوکەوتیان ئەکرد و جاروبارێ حەتا ئەوانیان ئەکوشت! یەک جار، ئێرمیای نەبیان خستە نێو چاڵێک و لەوناوە وێڵیان کرد تا بمرێ. ئێرمیا لە ناو قوڕا گیری کردبوو. بەڵام لە دواییا، پاشا دڵی سووتا و بە خزمەتکارەکانی دەستووری دا کە پێش ئەوەی کە بمرێ لە چاڵ دەری بێنن.



هەرچەند کە خەڵک ڕەقیان لە پێغەمبەران بوو، ئەوان دیسانیش باسی خوایان بۆ ئەکردن. ئەوان خەڵکیان ئاگادار ئە کردەوە کە ئەگەر تۆبە نەکەن، لە ناو ئەچن. ئەوان هەروەها بەڵێنی خوایان وەبیر خەڵک ئەهێناوە کە ناردنی مەسیح بوو.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس:(کتێبی یەکەمی پاشایان فەسڵی ١٦تا١٨؛ کتێبی دووەمی پاشایان فەسڵی ٥؛ کتێبی ئێرمیا فەسڵی ٣٨)

# ٢٠- تەبعید و گەڕانەوە



پاشایەتی ئیسرائیل و پاشایەتی یەهوودا هەردووکیان دژ بە خوا گوناحیان کرد. ئەوان ئەو عەهدەی کە لە کێوی سینا لەگەڵ خوا بەستبوویان، شکاندیان. خوا لە ڕێگەی پێغەمبەرانێکی زۆر ئەوانی وریا کردەوە تا تۆبە کەن و دواجار بگەڕێنەوە و دیسان ئەو بپەرەستن، بەڵام ئەوان گوێیان لە خوا نەگرت.



کەواتە خوا ئەوانی تەمێ کرد و ئیزنی دا کە دوژمنەکانیان، ئەوان لە ناوبەرن. لەو کاتەدا قەومێکی تر بە ناوی ئاشوور بوو کە زۆر بە هێز ببوون. ئاشووریەکان لە چاو قەومەکانی دیکە زۆر دڵ ڕەق بوون. پاشایەتی ئیسرائیل بە دەستی ئاشوور لە ناو چوو. ئاشووریەکان زۆربەی خەڵکی ئیسرائیلیان کوشت، تاڵانیان کردن و زۆربەی وڵاتی ئیسرائیلیان سووتاند.



ئاشووریەکان ڕێبەران، خەڵکی دەوڵەمەند و هەر کەسێکی کە کارزان بوو لەگەڵ خۆیان بردیان بۆ ئاشوور. هەر بەشێک لە خەڵک کە زۆر تەنگ دەست بوون لە ئیسڕاییل مانەوە.



ئینجا ئاشووریەکان، بێگانەکانیان هێنا بۆ وڵاتی ئێسڕاییل تا لەوێ بژین. بێگانەکان شارە ڕووخاوەکانیان دیسان ساز کردەوە و لەگەڵ ئەو ئێسڕاییلیانەی کە لەوێ مابوونەوە پەیوەندیان کرد. نەسڵی پێک هاتوو لەو پەیوەندیە سامێری ناو نران.



خەڵکی پاشایەتی یەهوودا بینیان کە خوا خەڵکی پاشایەتی ئیسرایيلی سەبارەت بە بێ ئیمانی و سەرکێشی سزا داوە، بەڵام دیسانیش بە پەرستنی بوتەکان و خواکانی کەنعانیان بەردەوام بوون. خوا پێغەمبەرانی نارد تا ئەوان وریا کەنەوە، بەڵام ئەوان بەردەوام کاری خۆیان ئەکرد.



نزیک بە ١٠٠ ساڵ دوای لە ناو چوونی پاشایەتی ئیسرایيل بە دەست ئاشووریەکان خوا نێبووکەدنێسەر پاشای بابێلی نارد تا هێرش کاتە سەر پاشایەتی یەهوودا. بابێلیەکان قەومێکی دەسەڵاتدار بوون. پاشای یەهوودا قەبووڵی کرد کە خزمەتکاری نێبووکەدنێسەر بێت و هەموو ساڵ پارەیێکی زۆری پێ بدات.



بەڵام پاش چەند ساڵ، پاشای یەهوودا دژی بابێل هەستا. بەو هۆکارە بابێلیەکان گەڕانەوە و دواجار هێرشیان کردە سەر پاشای یەهوودا. بابێلیەکان شاری ئۆرشەلیمیان داگیرکرد، مەعبەدیان لە ناو برد و هەر شتێکی بە نرخ لە شار و مەعبەد دا بوو لەگەڵ خۆیان بردیان.



بو تەمێ کردنی پاشای یەهوودا، سەربازەکانی نێبووکەدنێسەر، کوڕەکانی ئەویان لە بەر چاوی خۆی کوشت و چاوەکانی ئەویان کوێر کرد. دواجار ئەوان، پاشایان لەگەڵ خۆیان برد تا لە بەندیخانە دا بمرێ.



نێبووکەدنێسەر ولەشکەرەکەی هەموو خەڵکی پاشایەتی یەهوودایان لەگەڵ خۆیان برد بۆ بابێل و تەنانەت ئەو کەسانەی کە زۆر دەست تەنگ بوون مانەوە تا کشت وکاڵ بکەن. بەو کاتەی کە قەومی خوا مەجبوور بە جێهێشتنی وڵاتی دیاری کراو بوون، تەبعید ئەڵێن.



گەرچی خوا قەومی خۆی بە تەبعید سەبارەت بە گوناحەکانیان موجازات کرد، بەڵام نە ئەوان و نە بەڵێنەکانی خۆی بە ئەوانی لە بیر نەکرد. خوا ئاگای لە قەومی خۆی بوو و لە ڕێگای ئەنبیای خۆی لەگەڵ ئەوان قسەی ئەکرد. خوا وادەی دا کە پاش حەفتا ساڵ دواجار قەومی ئیسڕاییل بۆ وڵاتی دیاری کراو ئەگەڕێنێتەوە.



پاشان حەفتا ساڵ، کورش پاشای پارسیان، بابێلیەکانی شکەست دا و بەم شێوەیە ئیمپراتووری پارسیان بە جێی ئیمپراتووری بابێلی، بەسەر زۆربەشێک لە قەومەکانا دەسەڵاتدار بوو. خەڵکی ئیسرائیلیان لەم کاتە دا یەهوودی، ناو ئەنا و زۆربەی ئەوان تەواوی تەمەنی خۆیان لە بابێل ژیابوون. تەنانەت ژمارێکی زۆر کەم کە زۆر بە تەمەن بوون، ئەیانتوانی وڵاتی یەهوودایان لە بیر بێت.



پارسیان هەرچەند کە زۆر بە هێز بوون، بەڵام سەبارەت بە قەومەکانی ژێردەستیان، بە نەرمی و دڵسۆزی هەڵسوکەوتیان ئەکرد. دوای ماوەیێکی کورت کە کورش بە پاشایەتی پارس گەییشت، دەستوری دا کە هەر یەهوودیێک کە ئەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ یەهوودا، ئەتوانێ وڵاتی پارس بە جێ بێڵێت و بۆ وڵاتی یەهوودا بگەڕێتەوە. ئەو تەنانەت پارەشی پێدان تا مەعبەدەکەیان لە ئۆرشەلیم دواجار ساز کەنەوە! ئینجا، حەفتا ساڵ پاش تەبعید، دەستەیێکی بچووک لە یەهوودیەکان گەڕانەوە بۆ شاری ئۆرشەلیم لە وڵاتی یەهوودا.



ئەوکاتە کە قەوم گەییشتنە ئۆرشەلیم، مەعبەد و دیوارەکانی دەوری شاریان دیسان ساز کردەوە. ئێستاش لە ژێر دەسەڵاتی پارسیان دا بوون، بەڵام ئەوان دواجار لە وڵاتی دیاری کراو ئەژیان و ئەیانتوانی خوا لە مەعبەد دا پەرەستش کەن.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس:(کتێبی دووەم پاشایان فەسڵی ١٧ و ٢۴ و ٢۵؛ کتێبی دووەم پوختەی مێژوو فەسڵی ٣۶؛ کتێبی عەزرا فەسڵی ١ تا ١٠؛ کتێبی نەحمیا فەسڵی ١ تا ١٣)

# ٢١- خواوەند وادەی هاتنی مەسێح ئەدات



هەر لە سەرەتای بەدیهێنان خوا بە باشی ئەیزانی کە پاش ماوەیێکی زۆر مەسێحی مەوعوود ئەنێرێ. ئەو بەڵێنی بە ئادەم و حەوا دابوو کە بێ گوومان ئەوکارە ئەنجام ئەدا. خوا بەڵێنی دا کە لە نەسڵی حەوا کەسێک دێ کە سەری مار ئەکوتێت. ئەو مارەی کە حەوای فریو دا هەمان شەیتان بوو. بەڵێن ئەوە بوو کە مەسێح بەتەواوی بۆ هەمیشە شەیتان شکەست ئە دا.



خوا بەڵێنی بە براییم دا کە لە پێناوی ئەو هەموو گەلەکانی جیهان خاون بەرەکەت ئەبن. ئەو بەڵێنی خۆی بە ناردنی مەسێح، دوای ماوەیێک بۆ جیهان، ئەنجام ئە دا.مەسێح پێویست بوو کە خەڵک لە هەر قەومێک لە دنیایە لە گوناحەکانیان ڕزگار کات.



خوا وادەی دا بە مووسا کە لە داهاتوودا فریاڕەسێک وەک ئەو دێ کە خەڵک ڕزگار ئەکات. ئەو کەسە هەمان مەسێحی مەوعوود بوو. بەوشێوەیە خوا جارێکی تر وادەی هاتنی مەسێحی دا.



خوا بەڵێنی بە داوودی پاشا دا کە کەسێک لە نەسڵی ئەو بە پاشایەتی ئەگا و هەتاهەتایە بەسەر قەومی خوا فەرمان ڕەوایی ئەکات. ئەوە بەو مانایە بوو کە مەسێح لە نەسڵی داوود ئەبێت.



خوا بە هۆی ئێرمیای نەبی بەڵێنی دا کە پەیمانێکی نوێ پێک دێنێ، بەڵام نە بەشێوەی ئەو پەیمانەی کە لەگەڵ ئیسرایيل لە کێوی سینا بەستبووی. لەو پەیمانە نوێیە، خوا یاساکانی خۆی لە سەر دڵی خەڵک ئەنووسێ، خەڵک هەر کەس بۆ خۆی خوا ئەناسێ و چاکەی پێ ئەکات و یاساکانی بەجێ ئەهێنن. مەسیح کەسێک بوو کە ئەو پەیمانە نوێی لەگەڵیان ئەبەست. ئەوان ئەبنە قەومی ئەو و خواش گوناحەکانیان ئەبەخشێ.



ئەنبیای خوا هەروەها وتیان کە مەسیحی مەوعوود، نەبی،کاهێن و پاشایە. نەبی کەسێکە کە وتەی خوا ئەبیسێت و بۆ خەڵکی باس ئەکات. مەسیحی مەوعوودی خوا، نەبیێکی کامڵ ئەبێ چوون ئەو بە تەواوی پەیامەکانی خوا تێ ئەگا و بێ کەم و کەسر بە خەڵکی ڕائەگەیێنێ.



کاهێنانی یەهوودی لە لایان خەڵک قوربانیان بۆ خوا ئەکرد کە بۆ جەزای گوناحەکانیان بوو. هەروەها کاهێنان بۆ خەڵک بە دەرگای خوا دۆعایان ئەکرد. بەڵام قەرار وا بوو کە مەسیحی مەوعوود کاهێنی گەورە بێت کە خۆی بە ناوی قوربانییێکی تەواو بە خوا ئەبەخشێ. یانێ ئەو هیچ کات گوناح ناکات و ئەوکاتە کە خۆی قوربانی ئەکات، پێویست بە هیچ قوربانییێکی تر بۆ گوناح نیە.



پاشاکان و سەرۆکەکان بە سەر بەشێک لە خەڵک حکوومەتیان ئەکرد و جاروباریش هەڵەیان ئەکرد. داوودی پاشا تەنیا بەسەر ئێسراییلیەکان حکوومەتی کرد. بەڵام مەسێحی مەوعوود کە لە نەسڵی داوود بوو دێت کە بە سەر تەواوی دنیا هەتاهەتایە حکوومەت ئەکات. ئەو عادڵانە حکوومەت ئەکا و بڕیاری دروس ئەدا.



ئەو ئەنبیایانە کە لە لایان خوا ناردرا بوون نەبۆوەتی زۆریان سەبارەت بە مەسێحی مەوعوود کردبوو. مەلاکی نەبی نەبۆوەتی کرد کە پێش هاتنی مەسێحی مەوعوود، پێغەمبەرێکی گەورە دێت. ئەشعیای نەبی نەبۆوەتی کرد کە مەسێحی مەوعوود لە باکێرەیێک بە دنیا دێت. میکاهی نەبیش وتبووی کە ئەو لە شاری بەیتۆلەحێم بە دنیا دێت.



ئەشعیای نەبی وتی کە مەسێح لە جەلیل ژیان ئەکات. ئەوهێمنایی ئەبەخشێ بە ئینسانە دڵ شکاوەکان و ئەسیران ڕزگار ئەکات. ئەو هەروەها نەبۆوەتی کرد کە مەسێحی مەوعوود، نەخۆشەکان یانێ کوێرەکان، شەلەکاٚن، کەڕەکان و لاڵەکانیش چاک ئەکاتەوە.



ئەشعیای نەبی هەروەها نەبۆوەتی کردبوو کە خەڵک ڕەقیان لە مەسیحی مەوعوود ئەبێت و قەبووڵی ناکەن. ئەنبیاکانی تریش نەبۆوەتیان کردبوو کە یەکێک لە هاوڕێکانی مەسیح پشتی لێ ئەکات. زەکەریا نەبۆوەتی کرد کە ئەو هاوڕێیە بۆ سی پارە زێو خەیانەتی پێ ئەکات. ئەنبیاکانی تریش نەبۆوەتیان کردبوو کە مەسیح ئەکوژن و بەسەر جلەکانی قومار ئەکەن.



هەروەها ئەنبیا چۆنیەتی مردنی ئەویان نەبۆوەت کردبوو. ئەشعیای نەبی وتبووی کە خەڵک تفی لێ ئەکەن و لێ ئەدەن و گاڵتەی پێ ئەکەن. ئینجا جەستەی ئەو کون ئەکەن تا بە ئازارێکی زۆر بمرێ، هەرچەند کە هیچ گوناحێکی نەکردبوو.



ئەنبیاکانی تریش نەبۆوەتیان کردبوو کە مەسێحی مەوعوود ئەبێ ئینسانێکی تەواو و بێ گوناح بێت. ئەو ئەبێ بمرێ، چون خوا ئەوی بە جێ گوناحی تەواوی خەڵکی جیهان جەزا ئەیا. جەزا دانی ئەو ئەبێتە هۆی ئەوەی کە نێوان خوا و ئینسان ئارامێش وتەبایی پێک بێت. هەر لە بەر ئەوەش پێویست بوو کە مەسێح بریندار بێت و بکوژرێت.



ئەنبیاکانی تریش ئەو نەبۆوەتەیان کرد کە خوا، مەسێح دوای مردن زیندوو ئەکاتەوە. کەوابوو بە مردن و هەستانەوەی مەسێح لە مەرگ، خوا دەیویست نەخشەی ڕزگاری گوناحکاران تەواو کات و عەهدێکی نوێ لەگەڵ بەشەر ببەستێت.



خوا زۆر شتی سەبارەت بە هاتنی مەسیح بۆ ئەنبیاکان ڕوون کردوە. بەڵام مەسیح لە کاتی هیچ یەک لەو ئەنبیایانە نەهاتبوو. زیاتر لە ٤٠٠ ساڵ دوای ئاخرین نەبۆوەت، ئەوکاتە کە زەمانی گەییشت، خوا مەسیحی بۆ جیهان نارد.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: (کتێبی بەدیهێنان فەسڵی ٣ ئایەی ١٥،فەسڵی ١٢ئایەی ١ تا ٣، کتێبی دواوتار فەسڵی ١٨ئایەی ١٥، کتێبی دووەم ساموئیل فەسڵی ٧، کتێبی ئێرمیا فەسڵی ٣١، کتێبی ئەشعیا فەسڵی ٥٩ ئایەی ١٦، کتێبی دانیال فەسڵی ٧، کتێبی مەلاکی فەسڵی ٤ ئایەی ٥، کتێبی ئەشعیا فەسڵی ٧ ئایەی ١٤، کتێبی میکا فەسڵی ٥ ئایەی ٢، کتێبی ئەشعیا فەسڵی ٩ ئایەی ١ تا ٧ و فەسڵی ٣٥ ئایەی ٣ تا ٥ و فەسڵی ٥٣ ، کتێبی زەبوورەکان فەسڵی ٢٢ ئایەی ١٨ و فەسڵی ٣٥ ئایەی ١٩ و فەسڵی ٦٩ ئایەی ٤ و فەسڵی ٤١ ئایەی ٩، کتێبی زەکەریا فەسڵی ١١ ئایەی ١٢ و ١٣، کتێبی ئەشعیا فەسڵی ٥٠ ئایەی ٦، کتێبی زەبوورەکان فەسڵی ١٦ ئایەی ١٠ و ١١)

# ٢٢- له دایک بوونی یووحەنای تەعمیددەر



هەر لە زەمانی پێشوو، خوا لە ڕێگەی ئەنبیای خۆی لەگەڵ قەومەکەی قسەی ئەکرد. بەڵام دوای گوزەرانی ٤٠٠ ساڵ کە خوا قسەی لەگەڵ قەومی خۆی نەکردبوو، لە ناکاو فریشتەی خوا بە سەر کاهێنێکی پیر کە ناوی زەکەریا بوو داچوو. ئەو و هاوسەرەکەی ئێلیزابێت، ئینسانهاییێکی خوا ترس بوون. ئەوان بەتەمەن بوون و ئێلیزابێت مناڵی نەدەبوو.



فریشتەی خوا بە زەکەریای وت:«هاوسەرەکەت کوڕێکی ئەبێت. تۆ ناوی ئەنێی یووحەنا. خوا ئەو لە ڕۆحی خۆی پڕ ئەکات و یووحەنا خەڵک بۆ هاتنی مەسێحی وەعدەدراو ئامادە ئەکات.» زەکەریا لە وڵام دا وتی:« من و هاوسەرەکەم بۆ منداڵ هێنان زۆر بەتەمەنین! چۆن بزانم کە حەقێقەتم پێ ئەڵێی؟»



فریشتەی خوا بە زەکەریای وڵام دا: «من لە لایان خوا ناردراوم تا ئەم هەواڵە خۆشەت پێ بگەیێنم. ئێستا کە تۆ بڕوات بە قسەکانی من نەکرد، توانای قسەکردنت تا ئەو کاتە کە منداڵەکە بە دنیا بێت لە دەست ئەدەیت.» لەوکاتەوە ئیتر زەکەریا نەیتوانی قسە بکات. ئینجا فریشتەی خوا لەلای زەکەریا ڕۆیشت، زەکەریا گەڕاوە بۆ ماڵەوە و زۆری پێ نەچوو کە هاوسەرەکەی دووگیان بوو.



ئەو کاتە کەئێلیزابێت لە مانگی شەشەمی دووگیانیا بوو، هەمان فریشتە لەناکاو بەسەر خزمێکی ئێلیزابێت کە ناوی مریەم بوو ئاشکرا بوو .ئەو باکێرە و نیشان کراوی پیاوێک بە ناو یووسف بوو. فریشتە بەوی وت: «تۆ دووگیان ئەبیت و کوڕێک بە دنیا دێنیت کە ناوی ئەنێی عیسا. ئەو کوڕی خوای مەزن و پاشایەتی هەتاهەتایی ئەبێت.»



مریەم وڵامی داوە:« چۆن وا ئەبێت ئەوکاتە کە من ئێستا باکێرەم؟» فریشتە بۆی شیکردەوە:« ڕۆحی قۆدووس و توانایی خوا بە سەر تۆدا دێت. هەر بۆیەش ئەو کوڕە، قۆدووس و کوڕی خوای پایەبەرز بانگ ئەکرێ.» مریەم بڕوای بە قسەکانی فریشتە کرد و ئەوەی کە ئەو وتبووی قەبووڵی کرد.



ماوەیێکی کورت دوای ئەم ڕووداوە مریەم چوو بۆ ماڵی ئێلیزابێت. هەر ئەوەی کە ئێلیزابێت دەنگی مریەمی بیست، منداڵەکە لە مناڵدانیا جووڵاوە. ئەوان سەبارەت بەو کارانەی کە خوا بۆیانی کردبوو زۆر خۆشحاڵ بوون. مریەم نزیکی سێ مانگ لە لای ئێلیزابێت ماوە و ئینجا گەڕاوە بۆ ماڵی خۆی.



دوای ئەم ڕووداوە ئێلیزابێت کوڕێکی بە دنیا هێنا. ئەو و زەکەریا هەر بەو جۆرە کە فریشتە وتبووی ناوی کۆرپەکەیان نا یووحەنا. ئینجا خوا دیسان زمانی زەکەریای کردەوە و زەکەریا وتی:« شۆکر بۆ خوا، چونکە ئەو بە یارمەتی قەومەکەی هاتووە! و تۆ ئەی کوڕەکەم پێغەمبەری خوای پایەبەرز ئەبی و بە ئینسانەکان ئەڵێی کە چۆن ئەتوانن ڕێگای لێخۆش بوونی گوناحەکانیان پەیدا بکەن!

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: ( کتێبی سەرەتای بە دیهێنان فەسڵی ٣ ئایەی ١٥ و فەسڵی ١٢ ئایەی ١تا٣، کتێبی دواوتار فەسڵی ١٨ ئایەی١٥، کتێبی دووەمی ساموئیل فەسڵی ٧، کتێبی ئێرمیا فەسڵی ٣١، کتێبی ئیشایا فەسڵی ٥٩ ئایەی ١٦، کتێبی دانیال فەسڵی ٧، کتێبی مەلاکی فەسڵی ٤ ئایەی ٥، کتێبی ئیشایا فەسڵی ٧ ئایەی ١٤، کتێبی میکا فەسڵی ٥ ئایەی ٢،کتێبی ئێشایا یا فەسڵی ٩ ئایەی١تا٧ وفەسڵی ٣٥ ئایەی ٣ تا٥ فەسڵی ٦١ و فەسڵی ٥٣،کتێبی مەزامیر فەسڵی ٢٢ ئایەی ١٨ و فەسڵی ٣٥ ئایەی ١٩ و فەسڵی ٦٩ ئایەی ٤ و فەسڵی ٤١ ئایەی ٩، کتێبی زەکەریا فەسڵی ١١ ئایەی ١٢و١٣، کتێبی ئێشایا فەسڵی ٥٠ ئایەی ٦، کتێبی مەزامیر فەسڵی ١٦ ئایەی ١٠و١١)

# ٢٣- لە دایک بوونی عیسا



مریەم نیشان کراوی پیاوێکی عادڵ و دڵ پاک بە ناوی یووسف بوو. کاتێک کە یووسف ئاگادار بوو کە مریەم دووگیانە، ئەیزانی کە منداڵەکە لەو نیە. یووسف نەی ئەویست کە مریەم سووک و بێ ئابڕوو بکات، ئینجا بڕیاری دا کە بێ دەنگ و باس لێی جیا بێتەوە. بەڵام پێش ئەوەی کە ئەم کارە بکات، فریشتەیێک لە خەیاڵیا پێی ئاشکرا بوو.



فریشتە بە یووسفی وت:«لە هاوسەرگیری لەگەڵ مریەم مەترسە. ئەو منداڵەی ناو سکی لە ڕۆحی قۆدووسە. مریەم کوڕێک بە دنیا ئەهێنێت و ناوی ئەو بنێ عیسا(یەهۆوە ڕزگاری ئەکات)، چوونکە ئەو خەڵک لە گوناحەکانیان ئازاد ئەکات.»



لەبەرئەوە یووسف لەگەڵ مریەم هاوسەرگیری کرد و ئەوی بۆ ماڵی خۆی برد. بەڵام تا ئەوکاتە کە منداڵەکە بە دنیا نەهات، لەگەڵی نەخەوت.



لە دوایین ڕۆژەکانی دووگیانی مریەم ئیمپراتووری ڕووم فەرمانی دا کە بۆ سەرژمێری، هەر کەسێک ئەبێت بگەڕێتەوە بۆ شاری باوباپیرانی خۆی. یووسڤ و مریەم پێویست بوو ڕێگەیێکی دوورودرێژ لە ناسێرە بەرەو بەیتۆلەحێم بڕۆن، چونکە باپیریان، داوودی پاشا و شارەکەیان بەیتۆلەحێم بوو.



کاتێک کە مریەم و یووسف بە بەیتۆلەحێم گەییشتن، جێگاییێکیان بۆ مانەوە پەیدا نەکرد. تەنیا جێگەییێکی کە ئەیانتوانی لەوێ بمێننەوە، شوێنی دانانی حەیوانەکان بوو. لەوێ بوو کە مریەم منداڵەکەی بە دنیا هێنا و لە ناو کادێنا خەواندی، چونکە بۆ ئەو جێگەی خەویان نەبوو. ئەوان ناویان نا عیسا.



ئەو شەوە، چەن شوانێک چاوەدێری ڕانەکانی خۆیان ئەکرد. لەناکاو فریشتەییێکی درەوشاو لە بەینیانا دەرکەوت و ترس و خۆف گرتیانی. فریشتە بە ئەوانی وت:«مەترسن، چونکە من مزگێنیم بۆتان هەیە. مەسێحی وەعدەدراو کە خواوەندە، لە بەیتۆلەحێم بە دنیا هات.»



«بڕۆن و بە شوێن ئەو منداڵەیا بگەڕێن و کۆرپەیێک کە قۆناخە کراوە و لە کادێن خەوتووە پەیدا ئەکەن.» لەناکاو دەستەیێکی زۆر لە فریشتەکانی ئاسمانی تریش هاتن. ئەوان خوایان ستایێش ئەکرد و ئەیانوت :«شکۆ بۆ خوا کە لە ئاسمانە و ئاشتی و ئارامی بۆ ئەو خەڵکانەی کە خوا مەرحەمەتی بۆیان هەیە، لەسەر زەوی!



ئینجا فریشتەکان ئەوان و شوانەکانیش ڕانەکانیان بە جێ هێشت، بەو جێگەیە کە عیسا لەوێ بوو گەییشتن و کۆرپەکەیان بینی کە لە کادێنا خەوتبوو، هەر بەو جۆرە کە فریشتە وتبووی. ئەوان زۆر دڵخۆش بوون. شوانەکان گەڕانەوە بۆ لای ڕانەکانیان و خوایان بۆ ئەوەی کە دیتبوویان و بیستبوویان شۆکر و ستایێش کرد.



دوای ئەوە چەند پیاوێک لە مەشرێق کە ئەستێرەناس و زۆر زانا بوون، ئەستێرەیێکی سەرسوورهێنەریان لە ئاسمان دا بینی. ئەوان تێگەییشتن کە پاشای نوێی یەهوود بە دنیا هاتووە. ئینجا، ڕێگاییێکی دوور و درێژیان لە وڵاتی خۆیان بۆ بینینی ئەم کۆرپەیە پێوا. ئەوان هاتن بۆ بەیتۆلەحێم و ئەوماڵەیان پەیدا کرد کە عیسا لەگەڵ دایک و باوکی، لەوێ ئەژیان.



کاتێک ئەو پیاوە زانایانە عیسایان لەگەڵ دایکی دی، چۆکیان داداو ئەویان پەرەستێش کرد. ئەوان خەڵاتی زۆر بەنرخیان دا بە عیسا و ئینجا گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: ( ئێنجیلی مەتا فەسڵی ١ و ئێنجیلی لۆقا فەسڵی ٢)

# ٢٤- یووحەنا، عیسا تەعمید ئەدات



یووحەنا کوڕی زەکەریا و ئێلیزابێت، گەورە بوو و بۆ پێغەمبەری هەڵبژاردرا. ئەو لە بیابان ژیانی ئەکرد، هەنگوێن سەحرایی و کولەی ئەخوارد و جلی پەشمی وشتری لە بەر ئەکرد.



ژمارێک زۆر لە خەڵک بۆ بیابان وبۆ لای یووحەنا ئەچوون وگوێیان لە قسەکانی ئەگرت. ئەو قسەی بۆ ئەکردن و ئەیوت:«تۆبە بکەن، چونکە پاشایەتی خوا نزیکە.»



کاتێک کە خەڵک پەیامی یووحەنایان ئەبیست، لە زۆربەی گوناحەکانیان تۆبەیان ئەکرد و یووحەناش ئەوانی بە ئاو، تەعمید ئەدا. زۆربەی ڕێبەرانی ئایینیش ئەهاتنە لای یووحەنا، بەڵام گوناحەکانیان بە خۆ ناگرت و تۆبەیان ناکرد.



یووحەنای تەعمیددەر بە ڕێبەرانی ئایینی وتی:« ئەی مارە ژەهراویەکان! تۆبە بکەن و هەڵسوکەوتتان بگۆڕن. خوا هەر دارێک کە میوەی باش بەرهەم نەهێنێ، ئەیبڕێت و ئەیخاتە ناو ئاگر.» یووحەنا قسەی پێغەمبەرانی پێشووی خۆی تەواو کرد کە وتبویان: «بڕوانە کە من ئێستا پەیام نێری خۆم پێش تۆ ئەنێرم تا ڕێگات بۆ بکاتەوە.»



هێندێک لە ڕێبەرانی ئایینی لە یووحەنایان پرسی:«ئایا تۆ مەسێحی؟» یووحەنا وڵامی داوە:«من مەسێح نیم، بەڵام کەسێک دوای من دێت کە لە من زۆر سەرترە. ئەوەندە کە من تەنانەت شایانی ئەوەیش نیم کە بەندی پێڵاوەکانی بۆ بکەمەوە.»



ڕۆژێ دوایی، عیسا بۆ تەعمیدی ئاو،هاتە لای یووحەنای تەعمیددەر. کاتێک یووحەنا ئەوی بینی وتی:«ئەمە هەمان بەرخی خوایە کە گوناحی هەموو جیهان بە خۆی ئەگرێ.»



یووحەنای تەعمیددەر بە عیسای وت : «من لایەق نیم کە تۆ تەعمید بدەم. ئەوە منم کە ئەبێ لە تۆ تەعمید بگرم.» بەڵام عیسا وتی:«من تەعمید بدە چون کاری دروست ئەمەیە.» ئینجا یووحەنا عیسای تەعمید دا، هەرچەند کە عیسا قەت گوناحی نەکردبوو.



ئەوکاتە کە عیسا تەعمیدی وەرگرت و لە ئاو هاتە دەر، ڕۆحی خوا وەکوو کۆترێک پەیدا بوو و هاتە خوارەوە ولە سەری نیشت و هەمان کات، دەنگی خوا لە ئاسمان هات کە:«ئەوەیە کوڕی من کە زۆرم خۆش دەوێ و زۆری لێ ڕازیم.»



خوا بە یووحەنای وتبوو:«ڕۆحی خوا بەسەر ئەو کەسە کە تۆ تەعمیدی ئەدەی دێت، ئەو کەسە کوڕی خوایە.» خوا یەکە و ئەوکاتە کە یووحەنا عیسای تەعمید دا، دەنگی خوای باوکی بیست. خوای کوڕ، یانێ عیسای بینی و ڕۆحی قۆدووسی لە جەستەی کۆتریشا بینی.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: (کتێبی ئێنجیلی مەتا بابی ٣، کتێبی ئێنجیلی مەرقۆس بابی ١ ئایەی ٩ تا ١١، کتێبی ئێنجیلی لۆقا بابی ٣ ئایەی ١ تا ٢٣)

# ٢٥- شەیتان عیسا وەسوەسە ئەکات



دوای تەعمیدی عیسا، ڕۆحی خوا دەستەوجێ ئەوی برد بۆ بیابان. بۆ جێگەیێک کە بۆ ماوەی چل شەو و ڕۆژ، ڕۆژووی گرت. ئەوکاتە شەیتان هاتە پێش عیسا و وەسوەسەی کرد تا تووشی گوناح بێت.



شەیتان عیسای وەسوەسە کرد و وتی: «ئەگەر تۆ کوڕی خوایت، بەم بەردانە بڵێ تا ببنە نان و بتوانی بیخۆیت!»



عیسا وڵامی داوە: لە وتەی خوا نووسراوە«ئینسان بۆ زیندوو مان تەنیا پێویستی بە نان نیە، بەڵکو بە هەر وتەییێک کە لە دەم خوا دێتە دەرا!»



ئینجا شەیتان ئەوی بردە بەرزترین جێگەی مەعبەد و وتی:«ئەگەر تۆ کوڕی خوای، خۆت لێرەوە بخە خوار؛ چون کتێبی موقەددەس ئەفەرمێت:«خوا بە فریشتەکانی فەرمان ئەدات تا تۆهەڵگرن، نەکا قاچت لە بەردێک بکەوێت»



بەڵام عیسا بە قسەی شەیتانی نەکرد و وڵامی دا: خوا لە وتەکەی بە قەوم فەرمانی داوە: «خواوەند خوای خۆت تاقی مەکەوە.»



ئینجا شەیتان ئەوی بردە سەر لووتکەی کێوێکی بەرز و تەواوی وڵاتانی جیهان و هێز و سەروەتیانی پێ نیشان دا و وتی: «ئەگەر چۆک دادەی و من بپەرەستی، تەواوی ئەمانە بە تۆ ئەبەخشم.»



عیسا وڵامی داوە: لە من دوور کەوە ئەی شەیتان! لە وتەی خوا، ئەو بە قەومی خۆی فەرمانی داوە کە: «بە تەنیا خواوەند خوای خۆت پەرەستێش بکە و تەنیا ئەوخزمەت بکە.»



عیسا نەکەوتە ناو داوی وەسوەسەی شەیتان. جا شەیتان ئەوی بە جێ هێشت و فریشتەکان هاتن و عیسایان خزمەت کرد.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: (کتێبی ئێنجیلی مەتا بابی ۴ ئایەی ۱تا۱۱، کتێبی ئێنجیلی مەرقۆس بابی ۱ ئایەی۱۲و۱۳، کتێبی ئێنجیلی لۆقا بابی ۴ ئایەی ۱تا۱۳)

# ٢٦- سەرەتای خزمەتی عیسا



دوای سەرکەوتن بە وەسوەسەکانی شەیتان، عیسا گەڕاوە بۆ جەلیل، شوێنێک کە لێ ئەژیا. ڕۆحی قۆدووس بە عیسا قوەتی زۆری ئەدا و ئەو بۆ تەعلیم لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر ئەڕۆیشت و هەموو سەبارەت بەو بە چاکی باسیان ئەکرد.



عیسا چوو بۆ ناسێرە، دێهاتێک کە ڕۆژانی منداڵی خۆی لەوێ بەسەر بردبوو. لە ڕۆژی شەبات، ڕۆیشت بۆ پەرەستگە. ڕێبەرە ئایینیەکان دەستنووسێک لەکتێبی ئێشایای نەبیان پێی دا تا بیخوێنێت، جا عیسا تۆمارەکەی کردەوە و بەشێکی بۆ خەڵک خوێندەوە.



ئەو ئاوا خوێندی: «خوا ڕۆحی خۆی بە سەر من داناوە تا هەواڵی خۆش بە بێ پەناوبێکەسەکان بگەیێنم. ئەو منی ناردوە تا ئەسیرەکان ئازاد، کوێرەکان بینەر، و بەشخوراوەکان ڕزگار بکەم. چونکە کاتی ڕەحمەتی خوا بۆ ئینسان گەیشتووە.»



ئینجا عیسا دانیشت و هەموو بە وردی چاویان لێ ئەکرد. ئەوان ئاگایان لێ بوو کە ئەو بەشە خوێنراوە لە کتێبی موقەددەس، بە مەسێحی وادە دراو ئیشارە ئەکات. عیسا وتی: «وتەیێک کە بۆ ئێوە خوێندمەوە، هەر ئێستا لە کاتی ئەنجامە.» هەموو خەڵک سەرسووڕمان و پرسیاریان کرد: «مەگەر ئەم کەسە کوڕی یوسف نیە؟»



ئینجا عیسا فەرمووی:« بە ڕاستی کە یەک پێغەمبەر لە وڵاتی خۆی قەبووڵ ناکرێ. ئەوکاتە کە لە زەمانی ئیلیای نەبی بە ماوەی سێ ساڵ ونیو باران نەباری، بە بوونی بێوەژنانی زۆر لە ئیسڕاییل ، خوا ئیلیای بە یارمەتی بێوەژنێ نارد کە لە وڵاتێکی تر ئەژیا.»



و ئاوا درێژەی پێ دا: «لە کاتی ئێلیشەعی پێغەمبەر، کەسانێکی زۆر لە ئیسڕاییل تووشی نەخۆشی پێستی بوون. بەڵام ئێلیشەع هیچ یەک لەوانی شەفا نەدا. ئەو بە تەنیا نەعەمانی سووری، سەرۆکی دوژمنی ئیسڕاییلی، لەو نەخۆشیە ڕزگار کرد.» بیسەرەکان کە یەهوودی بوون، بە بیستنی ئەم قسانە، لێی تووڕە بوون.



خەڵکی ناسیرە، عیسایان لە پەرەستگەکە کێشا دەر، بردیانە قەراغی سەخرەیێک تابیخەنە خوارو بیکوژن. بەڵام عیسا لە نێوانیان ڕەت بوو و شاری ناسیرەی بە جێهێشت.



ئینجا عیسا ڕۆیشت بۆ سەرتاسەری جەلیل. گەلێک لە خەڵک بەرەو ڕوی ئەهاتن و نەخۆشی زۆریان لەگەڵ خۆیان ئەهێنا. لە نێوانیان ژمارێک کەم ئەندام، کوێرو کەڕ بوون، چەند کەسێکیش بوون کە نەیاندەتوانی بە ڕێدا بڕۆن و قسە بکەن. عیسا ئەوانی شەفا ئەدا.



هەروەها زۆر لەوانە کە تووشی ڕۆحی پیس بوون، ئەیانهێنا بۆ لای عیسا. بە فەرمانی عیسا ڕۆحە ناپاکەکان لە خەڵک ئەڕۆیشتنە دەر. زۆریان هاواریان ئەکرد:«تۆ کوڕی خوای!» و خەڵکی سەرسووڕماو خوایان سێتایێش ئەکرد.



ئینجا عیسا لە نێوان شاگردەکانی دوانزە کەسی هەڵبژارد و ناویانی نا ڕەسوولەکان. ئەوان لەگەڵ عیسا سەفەریان ئەکرد و لێی فێر ئەبوون.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: ( کتێبی ئێنجیلی مەتا بابی ۴ ئایەی ۱۲تا۲۵، کتێبی ئێنجیلی مەرقۆس بابی ۱تا۳، کتێبی ئێنجیلی لۆقا بابی ۴)

# ٢٧- چیرۆکی سامێری باش



ڕۆژێک یەکێک لە مامۆستاکانی ئایینی یەهوود هاتە لای عیسا. ئەو ئەیویست کە بیسڵمێنێت کە تەعلیمەکانی عیسا هەڵەیە. ئەو پرسی: «مامۆستا، ئینسان ئەبێت چی بکات تا ژیانی هەتاهەتایی بەدەس بێنێت؟» عیسا وڵامی داوە: «لە کتێبی تەورات سەبارەت بەمە چی نووسراوە؟»



ئەو پیاوە وتی: «خواوەند، خوای خۆتت بە تەواوی دڵ، بەتەواوی گیان، بەتەواوی هێز و بە تەواوی گومانەکانت خۆش بوێت. هاوسێکەیشت هەروەک خۆت، خۆش بوێت.»ئینجا عیسا فەرمووی: «دروس ئەڵێی! تۆش وابکە تا ژیانی هەتاهەتاییت ببێت.»



بەڵام ئەو زانا ئایینیە چون ئەیویست خۆی پاک نیشان بدات، جارێکی تر پرسی: «هاوسێی من کێیە ؟»



عیسا بە باس کردنی چیرۆکێک، وڵامی ئەو پێشەوا ئایینیە داوە: «پیاوێکی یەهوودی لە ئۆرشەلیم بەرەو ئەریحا لە سەفەرا بوو.



له ڕێگە، چەتەکان هێرشیان بردە سەری و ماڵەکەیان گرت، کووتایان و جەستەی نیوە گیانیان لە قەراغ جادەکە وێڵ کرد.



دوای ئەوە، کاهێنێکی یەهوودی لەوێ تێپەڕ ئەبوو. ئەوکاتە کە ئەو پیاوەی کە لە ناو جادەکە کەوتوو، بینی، لە لایێکی تر لە جادەکە بە ڕێگای خۆی چوو و ئەو پیاوەی بە حسێبیش نەهێنا.»



تۆزێک دوای ئەوە، لاوییێک گەییشت.(لاویان، قەبیلەییێک لە ئیسڕاییل بوون کە کاهێنانی مەعبەدیان یارمەتی ئەدا). ئەویش بە لاییێکی دیکە دا ڕۆی و یارمەتی ئەو پیاوەی نەکرد.



ئەوکاتە پیاوێکی دیکە هات کە سامێری بوو. (سامێریان و یەهوودیەکان ڕەقیان لە یەکتر بوو). هەرچەند زانی ئەو پیاوە بریندارە یەهوودیە، بەڵام دڵی بۆی سووتا و برینەکانی شۆرد، مەرهەمی بۆ لێ داو و بەستی.»



ئینجا پیاوە سامێریەکە ئەوی نا سەر وڵاخەکەی، بردیە مێوانخانەیێک و لەوێیش پەرەستاری لێ کرد.»



«بەیانی ئەو ڕۆژە، پیاوە سامێریەکە ئەبوایە بە سەفەرەکەی درێژەی ئەدا. ئەو کەمێک پارەی بە ساحێبی مێوانخانەکە دا و وتی: «ئاگاداری ئەم کەسە بەو ئەگەر زیاتر لەمە خەرجی کەیت، ئەو کاتە کە بگەڕێمەوە پێتی ئەدەم.»



ئینجا عیسا لەو زانا ئایینیەی پرسی: «ئێستا بە عەقڵی تۆ کام یەک لەم سیانە، هاوسێ ئەو پیاوە بوو کە دزیان لێ کردبوو و لێیان دابوو؟» زانا ئایینیەکە وڵامی دا:«ئەو کەسەی کە دڵی بۆی سووتا.» عیسا وڵامی دا:«تۆش بڕۆ و وا بکە.»

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: (کتێبی ئێنجیلی لۆقا بابی ١٠ ئایەی ٢٥تا٣٧)

# ٢٨- جەوانی دەوڵەمەند



ڕۆژێک سەرۆکێکی دەوڵەمەند هاتە لای عیسا و پرسیاری لێ کرد: «مامۆستای باش، چی پێویستە بکەم تا خاوەنی ژیانی هەتاهەتایی بم؟» عیسا پێی فەرموو:« بۆ چی بە من ئەڵێی باش؟ لە حالێکا، کەس بێجگە لە خوا باش نیە. ئەگەر ئەتەوێ ژیانی هەتاهەتاییت بێ، لە دەستوورەکانی خوا ڕێڕەوی بکە.»



ئەو پرسی:« لە کام یەک لە فەرمانەکان پێویستە گوێ بگرم؟» عیسا وڵامی داوە:« قەتڵ مەکە، زینا مەکە، درۆ مەڵێ، حورمەتی دایک و باوکت بگرە و هاوساکەت وەکو خۆت خۆش بوێ.»



بەڵام پیاوە جەوانەکە وتی:« من لە منداڵیەوە تەواوی ئەو فەرمانانەم بە جێ هێناوە، ئیتر ئەبێ چی بکەم کە ژیانی هەتاهەتاییم بێت؟» عیسا بە دڵ ڕەحمی تەماشای کرد.



و وڵامی داوە:« ئەگەر ئەتەوێ باشترین بکەی، بڕۆ هەرچێکت هەیە بیفرۆشە و پارەکەی بە هەژاران بدە تا خەزێنەی تۆ لە ئاسمان بێت نە لەسەر زەوی! ئینجا وەرەوە من ڕێڕەوی کە!»



کاتێک ئەو پیاوە جەوانە ئەم قسەی بیست، زۆر خەمبار بوو چونکە خاوەنی سەروەتێکی زۆر بوو و نەی ئەویست ملّک و ماڵەکەی لەدەست بات. ڕوی لە عیسا وەرگەڕاندەوەو لێی دوور کەوتەوە.



ئینجا عیسا بە شاگردەکانی فەرمووی: «ئەمە بزانن کە هاتنی دەوڵەمەند بۆ پاشایی خوا زۆر دژوارە. دیسان پێتان ئەڵێمەوە، ڕەت بوونی وشتر لە کونی دەرزی ئاساییترە لە هاتنی دارا بۆ پاشایی خوا.»



شاگردەکان لە بیستنی ئەم قسەی عیسا سەریان سووڕماو پرسیاریان کرد:«کە وایە، کێ ئەتوانێ نەجات پەیدا کات؟»



عیسا بەسەر شاگردەکانی ڕوواندی و فەرمووی: «ئینسان ناتوانێ خۆی نەجات بدات، بەڵام لای خوا هەمووشتێک ئەکرێ.»



پێترۆس بە عیسای وت:« ئێمە لە هەموو شتی خۆمان دەستمان کێشاوە تا ڕێڕەوی تۆ کەین، ئێستا جەزای ئێمە چی ئەبێت؟»



عیسا وڵامی داوە:« هەر کەس لەبەر من لە خۆشک و برا، دایک و باوک و منداڵ، ماڵ و زەوی چاوپۆشی بکات، سەد جار زیاتر بە دەست ئەهێنێت و ئەبێتە خاوەنی ژیانی هەتاهەتایی. بەڵام ئەوانەی کە ئەوەڵن، ئەبنە ئاخر وئەوانەی کە ئاخرن، ئەبنە ئەوەڵ.»

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: ئێنجیلی مەتا فەسڵی ١٩ ئایەی ١٦ تا ٣٠، ئێنجیلی مەرقۆس فەسڵی ١٠ ئایەی ١٧ تا ٣١، ئێنجیلی لۆقا فەسڵی ١٨ ئایەی ١٨ تا ٣٠

# ٢٩- چیرۆکی خزمەتکاری دڵ ڕەق



ڕۆژێک پێترۆس لە عیسای پرسی: «مامۆستا، برادەرێک کە خراپیم لەگەڵ بکات، ئەبێ چەند جار بیبوورم؟ ئایا حەوت جار؟» عیسا فەرمووی: «نە حەوت جار، بەڵکو حەفتا، حەوت جار!» عیسا ئەیویست پێیان بگەیێنێ کە ئەبێ بەردەوام ببەخشین. ئینجا عیسا ئەم چیرۆکەی گێڕاوە.



ئەو وتی:« پاشایەتی خوا وەک پاشایێکە کە ئەیویست حسێبەکانی لەگەڵ خزمەتکارەکانی یەک لانی کاتەوە. قەرزی یەکێک لەم خزمەتکارانە، بەرامبەر جیرەی ٢٠٠٠٠ ساڵ کار بوو.»



چوونکە ئەو خزمەتکارە توانای وەرگەڕاندنی ئەو قەرزەی نەبوو، پاشا حوکمی دا کە لەجێگەی ئەو قەرزە، خۆی و ژن و منداڵ و داراییەکەی بفرۆشن.



بەڵام ئەو پیاوە بە پێی پاشا کەوت و لێی پاڕاوە و وتی:« ئەی گەورە، تکات لێ ئەکەم مۆڵەتم پێ بدەی تا هەموو قەرزەکەت پێ بەمەوە.» پاشا دڵی بۆی سووتا، ڕزگاری کرد و هەموو قەرزەکەی پێ بەخشی.



بەڵام کاتێک ئەو خزمەتکارە لە کۆشکی پاشا هاتە دەر، یەکێک لە هاوڕێکانی بینی کە بە ئەندازەی جیرەی چوار مانگی قەرزار بوو. گەڵۆی فشاردا و وتی:« قەرزەکەم پێ بەرەوە.»



هاورێ قەرزارەکەی بە پێی کەوت و وتی:« تکات لێ ئەکەم مۆڵەتم بدەی تا هەموو قەرزەکەت پێ بەمەوە.» بەڵام داواکەر ڕازی نەبوو و هاوکارەکەی تا کاتی وەرگیرانی قەرزەکەی خستە نێو بەندیخانە.



کاتێک هاوڕێکانی ئەو پیاوە ئەمەیان بیست، زۆر خەمبار بوون و چوونە خزمەتی پاشا، و ڕووداوەکەیان بۆ گێڕاوە.



پاشا خێرا ئەو پیاوەی بانگ کرد و وتی:« ئەی خزمەتکاری شەرورا! من بە تکای تۆ ئەو قەرزە قورسەتم پێ بەخشی. تۆیش پێویست بوو هەر ئەوە لەگەڵ هاوکارەکەت بکەی.» پاشا زۆر قەڵس بوو و فەرمانی دا کە بیخەنە بەندیخانە و تا تەواوی قەرزەکەی نەداوەتەوە، ڕزگاری نەکەن.



ئینجا عیسا فەرمووی:« ئەگەر ئێوەش براکەتان لە دڵەوە نەبەخشن، باوکی ئاسمانی من هەر بەوشێوە لەگەڵتان مامڵە ئەکات.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: ئێنجیلی مەتا فەسڵی ١٨ ئایەی ٢١ تا٣٥

## ٣٠- عیسا مەسیّح بە پیّنج هەزار کەس خۆراک ئەدات.



عیسا ڕەسوولانی بۆ بێشارەت و فێرکردن نارد بۆ چەند دێهات. دوای گەڕانەوە، ئەوان عیسایان لەو کارانە کە کردبوویان ئاگادار کردەوە. ئینجا عیسا ئەوانی بردە جێگاییێکی خەڵوەت نزیکی زرێچە تا کەمێک ماندویی دەرکەن. بۆیە هەموویان سوار قایغ بوون و چوونە ئەودێوی ڕۆبارەکە.



چونکە خەڵک دیان کە عیسا و شاگردەکانی سوار قایغ بوون و لەوێ ڕۆیشتن، لە پاڵ عیسا دەستیان کرد بە ڕا کردن تا پێش لەوان بگەنە ئەولای دەریا. ئینجا کاتێک عیسا و شاگردەکانی گەیشتنە ئەو جێگا، کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵک چاوەڕوانیان ئەکردن و بەرەوڕوویان چوون.



ژماری ئەوان بێجگە لە ژنان و منداڵان، نزیک بە پێنج هەزار پیاو بوو. دڵی عیسای مەسیح لە ناخەوە بۆیان سووتا، چونکە وەکوو مەڕی بێ شوان بوون. جا دەستی کرد بە ئامۆژگاریان و ئەوانەی کە نەخۆش بوون، شەفای دان.



بە شەوا، شاگردەکان هاتنە لای عیسا و وتیان:« ئەی مامۆستا! خەڵک بنێرە کە بۆ خۆیان خۆراک بێنن؛ چونکە لەم دوورە وڵاتە، هیچ شتێک بۆ خواردن پەیدا نابێت.»



بەڵام عیسا بە شاگردەکانی وت:« ئێوە خۆتان خۆراکیان پێ بدەن.» ئەوان وڵامیان داوە:« چۆن ئەتوانین ئەم خەڵکە زۆرە تێر بکەین؟! ئێمە تەنانەت پێنج نان و دوو لەت ماسی بچووکمان هەیە و بەس.»



عیسا بە شاگردەکانی فەرموو کە بە خەڵک بڵێن، کە لە دەستەی پەنجا نەفەری لە سەر سەوزەکان دانیشن.



ئینجا عیسا پێنج نان و دوو ماسیەکەی گرتە دەستی و ڕوی کردە ئاسمان و خوای شۆکر کرد و بەرەکەتی دان.



ئینجا عیسا نان و ماسیەکانی لەت کرد و بە شاگردەکانی دا کە ناو خەڵکا دابەشی کەن. شاگردەکان خۆراکیان دا بە خەڵک. هەموو خواردیان و تێر بوون، بەڵام هیچ لەو خۆراکە کەم نەدەبوو.



دواجار شاگردەکان پاشماوە خۆراکەکەیان کۆ کردەوە، بەم شێوە لەو پێنج نان و دوو ماسیە، دوانزە سەوەتە پڕ بوو.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: کتێبی ئێنجیلی مەتا بابی ١٤ ئایەی ١٣تا٢١، کتێبی ئێنجیلی مەرقۆس بابی ۶ ئایەی ٣١تا۴۴، کتێبی ئێنجیلی لۆقا فەسڵی ٩ ئایەی ١٠تا١٧، کتێبی ئێنجیلی یووحەنا بابی ۶ ئایەی ۵تا ١۵

## ٣١- عیسا بەسەر ئاودا ئەڕوا



دوای ئەوەی کە عیسا خۆراکی دابە جەماعەت، بە شاگردەکانی فەرموو کە سواری بەلەم بن، بچنە ئەو بەری زرێچەکە، بەڵام خۆی بۆ ماوەیێکی کورت لەوێ ماوە. جا شاگردەکان ڕێ کەوتن و عیسا دوای ئەوەی کە خەڵکی ڕوانە کرد، بۆ دۆعا کردن چووە سەر کێوێک. ئەو لەوێ بەتەنیا تا ماوەیێک لە شەو دۆعای کرد.



ئەم کاتە، شاگردەکان لە بەلەم بە پاڕۆ لێدان سەرقاڵ بوون، بەڵام بای ناسازگار هەڵیکردبوو و تا ماوەیێک لە شەو تەنانەت نیوەیێک لە زرێچەکەیان پێوا بوو.



ئینجا عیسا کۆتایی بە دۆعاکەی هێنا و بەرەو لای شاگردەکانی چوو. ئەو بەرەو بەلەمەکەی ئەوان بەسەر ئاوا هەنگاوی دانا.



کاتێک شاگردەکان عیسایان بینی، زۆر ترسان، چونکە وایان زانی کە ڕۆحە. عیسا زانی کە ئەوان ترساون، بۆیە قسەی کرد و فەرمووی:«مەترسن منم!»



ئینجا پێترۆس بە عیسای وت: «گەورەم، ئەگەر تۆی، فەرمان بدە تا بەسەر ئاوا بێم بۆ لای تۆ.» عیسا بە پێترۆسی فەرموو:«وەرە!»



جا پێترۆس لە بەلەمەکە هاتە خوارو بەرەو عیسا بە سەر ئاودا ڕێ کەوت. بەڵام دوای ڕێگاییێکی کورت، چاوی لە عیسا وەرگەڕاند و سەرنجی چوو بۆ شەپۆلە بەرزەکان وهێزی با.



ئەوکاتە ترس، پێترۆسی داگرت و هەر وا کە لە نێو ئاوا نوقم ئەبووەوە، هاواری کرد:«گەورەم ڕزگارم کە!» عیسا خێرا دەستی درێژ کردو کێشایە دەرەوە. ئینجا عیسا بە پێترۆسی فەرموو: «ئەی کەم ئیمان، بۆ بڕوات بە من نەکرد تا ئاسوودە بمێنی؟»



کاتێک پێترۆس و عیسا سواری بەلەمەکە بوون، شنەی با لە جووڵان وێستا و ئاو ئارامی گرت. شاگردەکان کە زۆر سەرسووڕ مابوون، عیسایان پەرەستێش کرد و وتیان:« بە ڕاستی کە تۆ کوڕی خوای.»

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: ئێنجیلی مەتا فەسڵی 14 ئایەی ٢٢ تا ٣٣؛ ئێنجیلی مەرقۆس فەسڵی ٦ ئایەی ٤٥ تا ٥٢؛ ئێنجیلی یووحەنا فەسڵی ٦ ئایەی ١٦ تا ٢١

## ٣٢- عیسا پیاوێکی دێوانە و ژنێکی نەخۆش شەفا ئەدات



ڕۆژێک عیسا و شاگردەکانی بە بەلەم بۆ ئەو بەری زرێچە بۆ وڵاتی جەدەریان چوون. کاتێک گەیشتنە وشکی، لە بەلەمەکە هاتنە خوارەوە.



پیاوێک لەوێ بوو کە تووشی ئەرواحی پیس بوو.



ئەو پیاوە ئەوەندە بە هێز بوو کە هیچ کەس نەی ئەتوانی ڕامی کات. چەندین جار قوڵف و زەنجیریان کردبوو، بەڵام زەنجیرەکانی ئەبچڕاند.



ئەو پیاوە لە نێو قەبرەکانی ئەو گەڕەکە ئەژیا. ئەو شەو و ڕۆژ ئەینێڕاند. هیچ جلێکی لە بەرا نەبوو و جەستەی خۆی بە بەردی تیژ بریندار ئەکرد.



ئەوکاتە کە ئەو پیاوە گەیشتە لای عیسا، لە بەرامبەریدا چۆکی دادا. عیسا دەستووری بەو دێوە دا کە:« لەم پیاوە وەرە دەرا!»



دێو قیڕاندی و وتی: «ئەی عیسا، کوڕی خوای پایەبەرز، لەمن چیت ئەوێ؟ تکایە سزام مەدە!» ئینجا عیسا لەو دێوە پرسی : «ناوت چیە؟» ئەو وڵامی داوە: «ناوم لێژیۆنە، چونکە ئێمە زۆرین.» (لێژیون بریتی لە چەن هەزار سەرباز لە ئەرتەشی ڕووم بوو.)



دێوەکان تکایان لە عیسا کرد:«ئێمە لەم وڵاتە دەر مەکە» لەوێ ڕانێک بەرازی لێ بوو کە خەریکی لەوەڕ بوون. ڕۆحە پیسەکان لە عیسا پاڕانەوە و وتیان: «کەواتە ئێمە بنێرە ناو جەستەی بەرازەکان» عیسا ئیجازەی دا و فەرمووی: « بڕۆن»



دێوەکان لەو پیاوە هاتنە دەر، چوونە نێو بەرازەکان. تەواوی ئەو بەرازانە کە نزیک بە دووهەزاردانە بوون، لە لێژایی تەپەکە کەوتنە نێو زریێچەکە و خنکان.



ئەو کەسانەی کە ئاگاداریان لەو بەرازانە ئەکرد، بە بینینی ئەو رێکەوتە بەرەو شار دەرچوون و هەرچێ کە عیسا کردبووی، بۆ خەڵکیان باس کرد. خەڵکی شار هاتن و ئەو پیاوەی کە ئەسیری دێو بوو بینیان کە ئارامی گرتووە، جلی لەبەر کردووە و ئاقڵ دانیشتووە.



خەڵک کە زۆر ترسابوون، داوایان لە عیسا کرد کە لەوێ بڕوا. ئینجا عیسا سوار بەلەمەکە بوو. بەڵام ئەو پیاوەی کە پێشتر ئەسیری دێو بوو تکای لە عیسا کرد کە ئەویش لەگەڵ خۆی ببات.



بەڵام عیسا بەوی وت: « بگەڕەوە بۆ ماڵەکەت و بە هەموو کەس بڵێ کە خوا چی بۆت کردووە و چۆن ڕەحمەتی تۆی لە بەر گرتووە.»



کەواتە ئەو پیاوە ڕۆیشت و هەر کەسێکی ئەدی، ئەیوت کە عیسا چی بۆ کردووە. هەر کەس کە چیرۆکەکەی ئەبیست، سەری سووڕ ئەما.



عیسا گەڕاوە بۆ ئەو بەری زریێچەکە. دوای گەیشتن بۆ ئەوێ، دەستەیێکی زۆر لە خەڵک لێ کۆ بوونەوە، لە ناو ئەو جەماعەتە، ژنێک بوو کە دوانزە ساڵ لە خۆێنرێژی ڕەنجی ئەکێشا. ئەو هەموو دار و نەداری بۆ چاک بوونەوەی خۆی خەرج کردبوو و دابووی بە پزیشکەکان، بەڵام حاڵی خراپتر ببوو.



ئەو بیستبووی کە عیسا نەخۆشی زۆری شەفا داوە جا بە خۆی وت: «بڕوام وایە کە ئەگەر تەنانەت دەستم بگاتە جلەکەی عیسا، ئەمنیش شەفا ئەگرم.» ئەو ژنە خۆی لە نێوان خەڵک گەیاندە پشتی عیسا و داوێنی جلەکەی عیسای گرت و خۆێنرێژیەکەی قەت بوو.



لەوکاتە عیسا تێ گەیشت کە تینێکی لێ چووە دەر. جا هەڵگەڕاوە و پرسی: «کێ داوێنمی گرت؟» شاگردەکان وڵامیان داوە: «خەڵکی زۆر لە هەرلاییێک پێت نزیک ئەبنەوە، بۆ ئەپرسی«کێ دەستی لێم دا»؟



ئەو ژنە لە حاڵێکا کە لە ترسا ئەلەرزا، لە بەر قاچی عیسا چۆکی دادا. ئینجا پێی وت کە چی کردووە و چۆن شەفای گرتووە. عیسا پێی وت: «بڕواکەت تۆی شەفا دا! بڕۆ بە سڵامەت.»

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: ئێنجیلی مەتا فەسڵی ٨ ئایەی ٢٨تا٣٤؛ فەسڵی ٩: ئایەی ٢٠تا٢٢؛ ئێنجیلی مەرقۆس فەسڵی ٥؛ ئێنجیلی لۆقا فەسڵی ٨ ئایەی ٢٦تا٤٨

# ٣٣- چیرۆکی جووتیار



ڕۆژێک عیسا لە قەراغی زرێچە خەریکی تەعلیم دان بە دەستەیێکی زۆر لە خەڵک بوو. ژماریان ئەوەندە زۆر بوو کە جێگای عیسا تەنگ بوو. کەواتە عیسا سواری بەلەمێک بوو کە لە قەراغ ئاو ڕاگیربوو و لەوێوە تەعلیمی خەڵکی ئەدا.



عیسا ئەو چیرۆکەی بۆ خەڵک گێڕاوە: «جووتیارێک بۆ کێڵانی دەنک چووە دەر. لە حاڵێک کە دەنکەکانی بۆ هەرلا ئەپرژاند، کەمێکْ لە دەنکەکان کەوتنە ناو ڕێگا و باڵەندەکان هاتن و هەموویانیان خوارد.»



«بڕێک کەوتنە سەر ئەو بەردانەی کە تۆزێک خۆڵیان لەسەر بوو. دەنکەکان لە سەر ئەو خۆڵە ڕۆکارە، زوو سەوز بوون. بەڵام ڕیشەکانیان نەیان ئەتوانی بچنە قووڵایی خۆڵەکەوە. لەبەر ئەوە کاتێک کە خوەرەتاوی بەتین، لێیان دەرکەوت، هەموویان سووتان و لەنێوچوون.»



« بڕێک لەو دەنکانە کەوتنە نێو دڕکەکان. دڕکەکان و دەنکەکان لەگەڵ یەکا گەشەیان کرد و چڵەکان گیا نوێکە لە ژێر فشار دڕکەکان تیاچوون و هیچ بەرەچەیێک پێک نەهات.»



« ژمارێک لە دەنکەکان کەوتنە سەر خۆڵی باش، لە هەر دەنکێک، سی، شەست و تەنانەت سەد بەرامبەر پێک هات.» هەرکەس کە ئەیەوێت ڕێڕەوی خوا بکات گوێ لە قسەکانی من بگرێت.



شاگردەکان لە بیستنی ئەو چیرۆکە گێژ بوون. جا عیسا ئەوەی بۆ شی کردنەوە: «دەنک، وتەی خوایە. ڕێوبان، کەسێکە کە وتەی خوا ئەبیسێ بەڵام لێی تێ ناگا و شەیتان دێت و وتەی خوای لێ ئەدزێت. لە ڕاستیا شەیتان بەو کارەی ئیجازە نادا کە ئەو کەسە لە وتەی خوا تێ بگا.»



« زەوی بەردەڵان، کەسێکە کە تا وتەی خوا ئەبیسێ، بە خۆشحاڵی قەبووڵی ئەکات، بەڵام لە کاتی تەنگانە یا کاتێک کە خەڵک ئازاری پێ ئەگەیێنن، لە خوا هەڵ ئەگەڕێتەوە. بەجۆرێک کە، ئەو کەسە چیترلە بڕوا کردن بە خوا دەس هەڵ ئەگرێت.»



« زەوییێک کە لە دڕک داپۆشراوە، ئەو کەسەیە کە پەیامی خوا ئەبیسێ، بەڵام پەژارەکانی ژیان و دڵبەستنی بە پارە و بەدەس هێنانی شتی زۆر، دوای ماوەیێک لە خۆش ویستنی خوا بەرگیری ئەکات. ئیتر ناتوانێ سەبارەت بە وتەی خوا دڵی خوا خۆش کات. ئەو وەکوو هۆشە گەنمێکە کە هیچ بەرهەمێکی نابێت.»



« بەڵام زەوی باش، کەسێکە کە پەیامی خوا ئەبیسێت، بڕوای پێ ئەکا و بەر ئەهێنێ.»

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: ئێنجیلی مەتا فەسڵی ١٣ ئایەی ١تا ٨؛ فەسڵی ١٣ ئایەی ١٨ تا٢٣؛ ئێنجیلی مەرقۆس فەسڵی ۴ ئایەی ١ تا ٨؛ فەسڵی ۴: ئایەی ١٣ تا٢٠؛ ئێنجیلی لۆقا فەسڵی ٨ ئایەی ۴ تا١۵

# ٣٤- عیسا چەن چیرۆکی دیکە فێر ئەکات



عیسا چیرۆکی زۆری دیکەی سەبارەت بە پاشایەتی خوا گێڕاوە. بۆ نموونە وای فەرموو: «پاشایی خوا وەکو دەنکی شیمۆلکەیە کە کەسێک لە نێو زەوی وزارەکەی کێڵای. ئێوە بە باشی ئەزانن کە دەنکی شیمۆلکە چکۆلەترین دەنکە.»



«بەمەیشەو کاتێک کە دەنکی شیمۆلکە گەشە ئەکات، لە تەواوی گیاکانی باخ گەورەتر ئەبێت. ئەوەندە کە باڵەندەکان لە لای چڵەکانی ماندویی دەر ئەکەن.»



عیسا چیرۆکێکی دیکەی گێڕاوە و فەرمووی:« پاشایی خوا وەکوو هەویری ترشە کە ژنێک لەگەڵ هەویری نان تێکەڵی ئەکات تا لە هەمووی هەویرەکە بڵاو بێتەوە.»



«پاشایی خوا، وەکوو خەزێنەیێکە کە کەسێک لە نێو زەوی وزارەکەی قاییمی کردبێت. کەسێکی دیکە پەیدای کردووە و دیسان لە ژێر خۆڵا شاردوویەتەوە و لە خۆشیا ڕۆیشت وهەرچێکی بوو فرۆشتی تا پارەی باش بە دەس بێنێت و ئەو زەوی وزارە وا خەزێنەکەی تیا بوو، بیکڕێت .»



مەلەکووتی خوا وەکوو مرواریێکی زۆر جوان و گرانبەهایە. تاجرێکی مرواری ئەوەی پەیدا کرد و هەرچێکی بوو، فرۆشتی تا بە پارەکەی بیکڕێت.»



لەوێ چەند کەسێک بوون کە گومانیان ئەکرد بە هۆی کارە باشەکانیان خوا قەبووڵیان ئەکات. ئەوان ئە و کەسانەی وا کاری باشیان نەئەکرد، سووک حسێبیان ئەکرد. جا عیسا ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕانەوە: «دوو کەس چوون بۆ مەعبەد تا دۆعا بکەن. یەکێک لەوانە پێشەوای ئایینی بوو و ئەوەی تر کارپێکهێنەری ماڵیات بوو.»



«پێشەوا ئایینیەکە وێستا و ئاوا دۆعای کرد: «ئەی خوا شۆکرت ئەکەم کە وەک خەڵکی تر، گوناحکار، دز، زاڵم، زیناکار وتەنانەت وەکوو ئەم باج ستێنیشە نیم.»



دوو ڕۆژ لە حەفتە ڕۆژوو ئەگرم و لە تەواوی دەستکەوتەکانم، یەک دەی بە تۆ ئەدەم.»



«بەڵام ئەو باج ستێنە دوورتر لەو پێشەوا ئایینیە وێستا و بە کاتی دۆعا، تەنانەت سەریشی بەرەو ئاسمان بەرز نەکردەوە، بەڵکوو بە مشت کوتایە سەر سینەی خۆی، وتی: «خوایا ڕەحمم پێ بکە، چونکە گوناح کارم!»



ئینجا عیسا درێژەی دا: «ڕاستان پێ ئەڵێم خوا دۆعای ئەو باج ستێنیەی بیست و عادڵ حسێبی کرد. خوا ئەو کەسە کە لە خۆڕازی بێت، سووکی ئەکات و ئەو کەسەی وا خۆ بە زل نەزان بێت، سەر بەرزی ئەکات.

چیرۆکی وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: ئێنجیلی مەتا فەسڵی ١٣ئایەی ٣١تا٤٦؛ ئێنجیلی مەرقۆس فەسڵی ٤ئایەی ٢٦ تا ٣٤؛ ئێنجیلی لۆقا فەسڵی ١٣ ئایەی ١٨تا٢١؛ فەسڵی ١٨ ئایەی ٩تا١٤

# ٣٥- چیرۆکی باوکی دڵسۆز



ڕۆژێک عیسا بە زۆریەک لەخەڵک کە لە دەوری کۆ بوونەو تا لێ ببیسن، تەعلیمی ئەدا. زۆرتریان باج ستێن و زیاترلە کەسانێک بوون کە هەوڵیان نادا تا شەرێعەتی مووسا بە جێ بهێنن.



بەڵام ئەو پێشەوا ئایینیانە کە لەوێ بوون، ئەیانبینی کە عیسا چۆن وەکوو هاورێ لەگەڵ گوناحکاران هەڵسوکەوت ئەکات. ئینجا بە یەکتریان ئەوت کە کارەکەی عیسا دروس نیە. کاتێک عیسا قسەی ئەوانی بیست، ئەم چیرۆکەی بۆ ئەوان باس کرد:



«پیاوێک دوو کوڕی بوو. ڕۆژێک کوڕە چکۆلەکە بە باوکی وت: «باوکە، من ئێستا میراتەکەمم ئەوێ!»
کەواتە ئەو باوکە هەرچێکی بوو لە نێوان دوو کوڕەکەی بەشی کرد.»



زۆری پێ نەچوو کە کوڕە چکۆلەکە هەرچێکی بوو کۆی کردەوە و ڕۆیشت بۆ وڵاتێکی دوور و لەوێ
هەرچێکی بوو لە نێو ژیانی پڕ لە گوناح، لە دەسی دا.



زۆری پێ نەچوو کە قاتی وقڕی لەو شوێنە کە کوڕەکەی لێ بوو، ڕووی داو پارەیێکی بۆ کڕینی خۆراک نەمابوو. لەبەرئەوە لە ئیجباربەو کارە کە لە دەستی ئەهات یانێ لەوەڕاندنی بەرازەکان سەرقاڵ بوو و ئەوەندە داماو وبرسی بوو کە بە خۆراکی بەرازەکان سکی خۆی تێر ئەکرد.



لە ئاکامدا ڕۆژێک کوڕە چکۆلەکە لەگەڵ خۆی وتی، «من لێرە چی ئەکەم؟ تەواوی خزمەتکارەکانی باوکم خۆراکی زۆریان بۆ خواردن هەیە، بەڵام من لێرە لە برسا خەریکم ئەمرم. ئەگەڕێمەوە بۆ لای باوکم و داوای لێ ئەکەم کە منیش بە دانێک لە خزمەتکارەکانی بم.»



جا گەڕاوە بەرەو ماڵ باوکی. هێشتا لەماڵ باوکی دوور بوو کە باوکی ئەوی بینی و دڵی بۆی سووتا و خێرا بەرەو کوڕەکەی ڕۆیشت و باوشی پیا کرد و ماچی کرد.



کوڕەکە بە باوکی وت: «باوکە، من سەبارەت بە تۆ و خوا گوناحم کردووە و ئیتر لایەق نیم کە کوڕی تۆ بم.»



بەڵام باوکی بە یەکێک لە خزمەتکارەکانی وت: «خێرا کەن و باشترین جل لەماڵەوە بێنن و بیکەنە بەر کوڕەکەم. کلکەوانەیێک بکەنە دەستی و پێڵاوێکیش بکەنە پێی. گوێرەکەیێک تایبەت بێنن، سەری ببڕن تا جەژن بگرین و خۆشی بکەین. چون ئەم کوڕەم مردبوو و ئێستا زیندوو بوەتەوە. لێم ون ببوو و ئێستا دۆزیومەتەوە.»



ئینجا، هەموویان جەژنێکی گەورەیان سازکرد. زۆری پێ نەچوو کە کوڕە گەورەکە کە لە ئیشی زەوی وزار ئەهاتەو بۆ ماڵ، دەنگی دەهۆڵ و زڕناو هەڵپەڕکێ وئاوازی بیست و پەیجۆر بوو کە چی ڕووی داوە.



کاتێک کە کوڕە گەورەکە ئاگاداربوو کە ئەم خۆشی وشاییە بۆ گەڕانەوەی براکەی بۆ ماڵەوەیە، تووڕە بوو و نەیویست کە بڕواتە ماڵەوە. باوکی هاتە دەر و تکای لێ کرد کە بچێتە ژوور و لەو مێوانیە بەشدار بێت، بەڵام ئەو داواکەی باوکی قەبووڵ نەکرد.



کوڕە گەورەکە بە باوکی وت: «تەواو ئەم ساڵانە خزمەتم پێت کرد!هەرگیز لە فەرمانت سەرپێچیم نەکرد و لە تەواو ئەم ماوەیە، تەنانەت یەک گیسکیشت پێم نەدا تا بتوانم لەگەڵ ڕەفێقەکانم جێژن بگرم. بەڵام ئەم کوڕەت داراییەکەی تۆی لە ڕێگەکانی پڕگوناح تیابرد. و ئێستا گەڕاوەتەو بۆ ماڵ، باشترین گوێرەکەی تایبەتت بۆی سەر بڕیوە تا جەژنی بۆ ساز بکەیت.»



باوکی وڵامی داوە: «کوڕەکەم، تۆ هەمیشە لە لای منی و هەرچیّ کە هەمە بۆ تۆیە. بەڵام باشترین کار ئەوەیە کە ئێستا جەژن بگرین و خۆشی بکەین، چونکە براکەت مردبوو و زیندوو بووەتەوە. ون ببوو، پەیدا بووەتەوە.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: ئێنجیلی لۆقا فەسڵی ١٥ ئایەی ١١تا٣٢

# ٣٦- گۆڕانی ڕوخساری مەسیّح



ڕۆژێک، عیسا سێ کەس لە شاگردەکانی یانێ پێترۆس، یاقووب و یووحەنای هەڵگرت و بردیانیە سەر کێوێکی بەرز تا پێکەوە دۆعا بکەن. (یووحەناییێک کە عیسای تەعمید دا، کەسێکی دیکەیە)



لە کاتی دۆعا، ڕوخساری عیسا وەکوو خوەر درەوشا و جلەکانی وەکوو تیشک سپی بوو. بە جۆرێک سپی بوو کە لە سەر زەوی وەکوو ئەوە پەیدا نابێت.



ئەوکاتە مووسا و ئیلیای نەبی ئاشکرا بوون. ئەم پیاوانە، سەدان ساڵ پێش ئەم ڕووداوە لە سەر زەوی ژیانیان ئەکرد. ئەوان لەگەڵ عیسا سەبارەت بە مردنی کە بە زوویی لە ئۆرشەلیم ڕوی ئەدا، وتوویژیان کرد.



کاتێک کە مووسا و ئیلیا لەگەڵ عیسا لە وتووێژا بوون، پێترۆس بە عیسای وت: «چە باشە کە لێرەین. ئیزن بدە تا سێ سایەبان دروس بکەین؛ یەکێک بۆ تۆ، یەکێک بۆ مووسا و یەکیش بۆ ئیلیا.» پێترۆس نەی ئەزانی چی بڵێت.



هێشتا وتەی پێترۆس کۆتایی نەهاتبووکە هەورێکی بریقەدار هاتە خوار و ئەوانی لە بەرگرت و دەنگێک لە نێوان هەورەکە هات و وتی: «ئەمە کوڕە خۆشەویستەکەی منە کە لێی ڕازیم. گوێ بە قسەکانی بگرن.» ئەو سێ شاگردە لە ترسا کەوتن بە ئەرزا.



عیسا دەستی لە سەر شانیان دانا و وتی:« هەستنەوە و مەترسن.» کاتێک کە ئەوان هەستانەوە، دەورو بەریان چاو لێکرد، بەڵام جگە لە عیسا کەسیان نەبینی.



عیسا و ئەو سێ شاگردە گەڕانەو بۆ خوار کێوەکە. ئینجا عیسا بەوانی فەرموو: «ئێستا لەوەی کە بینووتانە هیچ بە کەسێک مەڵێن. من بەم زووانە ئەمرم و دووبارە زیندوو ئەبمەوە. دوای ئەوە ئەتوانن بە خەڵکی تر بڵێن کە چیتان دیوە.»

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: ئێنجیلی مەتا فەسڵی ١٧ ئایەی ١تا٩, ئێنجیلی مەرقۆس فەسڵی ٩ ئایەی ٢تا٨، ئێنجیلی لۆقا فەسڵی ٩ ئایەی ٢٨تا٣٦

# ٣٧- عیسا ئیلعازەر زیندوو ئەکاتەوە



پیاوێک بوو بە ناوی ئیلعازەر، ئەو و دوو خۆشکەکەی مریەم و مەرتا، لە هاوڕێکانی نزیکی عیسا بوون. ڕۆژێک، عیسا بیستی کە ئیلعازەر زۆر نەخۆشە. کاتێک عیسا ئەو هەواڵەی بیست، وتی: «ئەو نەخۆشیە کوتایێ بە ژیانی ئەو ناهێنێ بەڵکوو گەورەیی و شکۆی خوا، بۆ هەموو کەس ڕوون ئەبێتەوە.»



هەرچەند کە عیسا ئەوانی زۆر خۆش ئەویست، بەڵام دوو ڕۆژی تر لەو جێگایە کە بوو، ماوە. دوای تێپەڕبوونی ئەو دوو ڕۆژە عیسا بە شاگردەکانی وت: «وەرن بگەڕێینەوە بۆ یەهوودیە.» بەڵام شاگردەکان وتیان: «ئەی مامۆستا، چەند ڕۆژ لەوە پێش بوو کە خەڵکی یەهوودیە بە تەما بوون بتکوژن!.» عیسا وڵامی داوە: «هاوڕێکەمان ئیلعازەر خەوتوە و من ئەبێ خەبەری کەمەوە.»



شاگردەکانی عیسا وڵامیان داوە: «ئەی خواوەند، ئەگر ئەو خەوتووە، چاک ئەبێتەوە.» ئەوکاتە عیسا وتی: «ئیلعازەر مردووە. خۆشحاڵم کە لەوێ نەبووم کە ئێوە بتوانن ئیمان بهێنن.»



کاتێک کە عیسا گەیشتە شارێک کە ئیلعازەر لەوێ ئەژیا، چوار ڕۆژ لە مردنی ئیلعازەر گوزەرا بوو. مەرتا ڕۆیشتە بەرەو پیری عیسا و وتی: «گەورەم، گەر لێرە ئەبووی، براکەم نامرد. من بڕوام هەیە هەرچێ کە تۆ لە خوا داوا کەی، پێتی ئەدات.»



عیسا وڵامی داوە: «من قیامەت و حەیاتم. هەر کەس ئیمانم پێ بێنێ، تەنانەت ئەگەریش بمرێ، زیندوو ئەبێتەوە. هەر کەس ئیمان بە من بێنێ هەرگیز نامرێ. ئایا ئیمانت بەم قسانەی من هەیە؟» مەرتا وڵامی دا: « بەڵێ مامۆستا، من ئیمانم هەیە کە تو مەسیح، کوڕی خوای.»



ئینجا مریەم چووە لای عیسا و بە پێی کەوت و وتی: « گەورەم، ئەگەر لێرە ئەبوای، براکەم نامرد.» عیسا لێیانی پرسی: «لە کوێ ناشتووتانە؟» ئەوان وڵامیان داوە: «لە نێو مەقبەرەیێک. وەرە و بیبینە.» ئەوکاتە عیسا گریا.



قەبری ئیلعازەر ئەشکەوتێک بوو کە بەردێکی گەورەیان لە پێشەوەی دانابوو. ئەوکاتە کە عیسا گەیشتە مەقبەرەکە بەوانی وت: «ئەو بەردە لابەن!» بەڵام مەرتا وتی: « چوار ڕۆژ لە مردنی گوزەراوە. ئێستا ئیتر بۆنی گرتووە.»



عیسا وڵامی داوە: «مەگەر نەم گووت ئەگەر ئیمانت بە من بێت شکۆی خوا ئەبینی؟» ئینجا ئەوانیش بەردەکەیان لابرد.



ئەوکاتە عیسا ڕووی لە ئاسمان کردو وتی: «باوکە، شوکرت ئەکەم کە دەنگی من ئەبیسی. ئەزانم کە هەمیشە گوێم لێ ئەگری، بەڵام ئەوەم سەبارەت بەو خەڵکەی وت کە لێرەن، تا ئیمان بێنن کە تۆ منت ناردووە.» ئینجا بە دەنگی بەرز وتی: «ئیلعازەر، وەرە دەر!»



ئیلعازەر لەو حاڵەدا کە جەستەی لە کەفەنا پێچرا بوو، لە قەبر هاتە دەر. عیسا بەوانی وت: «بیکەنەوە تا بتوانێ بە ڕێدا بڕوا.» زۆربەی یەهوودیەکان کە ئەو موعجیزێیان بینی، ئیمانیان بە عیسا هێنا.



بەڵام گەورە ئایینیەکانی یەهوود بەخیڵیان برد، ئینجا لە دەوری یەک کۆ بوونەوە تا نەخشەی کوشتنی عیسا و ئیلعازەر بکێشن.

چیروکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: ئێنجیلی یووحەنا فەسڵی ١١ ئایەی ١ تا ٤٦

# ٣٨- خەیانەت بە عیسا



یەهوودیەکان هەر ساڵ، ڕۆژی پەسەخیان جەژن ئەگرت. ئەم جەژنە، بیرەوەری ئەوە بوو کە خوا چۆن سەدان ساڵ پێش، باوکی ئەوانی لە بەردەگی میسر ڕزگار کردبوو. نزیک سێ ساڵ دوای ئەوەی کە عیسا دەستی بە ئامۆژگاری و ڕاهێنانی هەموو خەڵک کردبوو، بە شاگردەکانی وت ئەیەوێ کە پەسەخ لەگەڵ ئەوان جەژن بگرێ. هەروەها بەوانی وت کە هەر لەوێش ئەکوژرێ.



یەهوودا یەکێک لە شاگردەکانی عیسا و خەزێنەداری گرووپی ئەوان بوو. زۆرجاریش پارەی لەوێ ئەدزی. دوای ئەوەی کە عیسا و شاگردەکانی گەیشتنە ئۆرشەلیم، یەهوودا چوو بۆ لای کاهێنانی گەورەی یەهوود و پێشنیاری پێدان کە لە بەر وەرگرتنی پارە، عیسا بفرۆشێ. ئەو ئەیزانی کە ڕێبەرانی یەهوود، مەسیح بوونی عیسایان قەبووڵ نیە و بەتەمای کوشتنی ئەون.



سەرانی ئایینی یەهوود بە ڕێبەری کاهێنی گەورە، بۆ خەیانەتی یەهوودا و فرۆشتنی عیسا بەوان، سی سکەی زێویان پێدا. هەروا کە ئەنبیا پێشگوویيان کردبوو. یەهوودا قەبووڵی کرد و پارەکەی وەرگرت و ڕۆیشت. لەو کاتەوە ئەو بە دوای هەلکەوتێک بوو کە عیسایان پێ تەسلیم بکات.



عیسا لە ئۆرشەلیم، ڕۆژی پەسەخی لەگەڵ شاگردەکانی جەژن گرت. لە کاتی خواردنی شامی پەسەخ، عیسا نانێکی هەڵگرت و لەتی کرد و وتی: «بیگرن و بیخۆن، ئەمەیە جەستەی من کە بۆ ئێوە ئەدرێ. ئەمە بە یادی من بە جێ بێنن.» بەم جۆرە، عیسا وتی کە سەبارەت بەوان گیانی خۆی قوربانی ئەکات.



ئینجا عیسا جامێکی شەرابی هەڵگرت و بەوانی وت: « ئەمە خوێنی منە لە پەیمانی نوێ کە بۆ خۆشبوونی گوناحەکانی ئێوە ئەڕژێ، لێی بخۆنەوە. ئەم کارە لە داهاتوودا بە یادی من ئەنجام بدەن.»



ئینجا عیسا بە شاگردەکانی وت: «یەکێک لە ئێوە خەیانەتم پێ ئەکا.» شاگردەکان پێیان سەیر بوو و پرسیان کە کێ ئەو کارە ئەکا. عیسا وتی: « ئەو کەسەی کە ئەم پاروەم لێ وەرئەگرێ، خەیانەتکارە.» ئینجا نانەکەی دا بە یەهوودا.



دوای ئەوەی کە یەهوودا نانەکەی گرت، شەیتان چووە ناوی. ئەو چووە لای سەرۆک یەهوودیەکان تا بۆ گرتنی عیسا یارمەتیان بدات. ئەمانە هەمووی لە شەوا ڕوویدا.



دوای خواردنی چێشت، عیسا و شاگردەکانی بەرەو کێوی زەیتوون ڕۆیشتن. عیسا وتی: «ئەمشەو هەمووتان من بە تەنیا جێ ئەهێڵن. چونکە نووسراوە: «لە شوان ئەیەم وهەموو مەڕەکان بڵاو ئەبنەوە.»



پێترۆس وتی: «تەنانەت گەر هەموو کەسێ تۆ بە جێ بێڵێت، من ئەم کارە ناکەم.» عیسا پێی وت: «شەیتان ئەیەوێت هەمووی ئێوە بۆخۆی بکات، بەڵام من بۆ تۆ دۆعا ئەکەم تا بڕوات لە بەین نەچێت. بەمەیشە، ئیمشەو بەرلە بانگی کەڵەشێر، تۆ سێ جار حاشا ئەکەی کە من ئەناسی.»



پێترۆس بە عیسای وت: «تەنانەت گەریش بمرم، حاشات لێ ناکەم.» شاگردەکانی دیکەیش وایان وت.



ئینجا عیسا و شاگردەکانی چوونە باغی جەتسیمانی. عیسا بەوانی وت کە دوعا بکەن تا شەیتان وەسوەسەیان نەکا. ئەوانی بە جێ هێشت و بۆ جێگەیێکی چۆڵ ڕۆیشت تا دوعا بکا.



عیسا سێ جار ئاوا دوعای کرد: «باوکی من، گەر ئەبێت، ئیزنم پێ بدە تا لەم پیاڵە ژەهراویە نەخۆمەوە. بەڵام گەر ڕێگەیێک دیکە بۆ لێبوردن گوناحەکانی بەشەر نیە، ئیرادەی تۆ بکرێت.» عیسا وەها پەرۆش بوو کە عارەقەکەی وەکوو تکەی خوێن بوو. خوا فریشتەیێکی نارد تا توانایی پێ بدات.



دوای هەر جار دۆعا، عیسا ئەگەڕاوە بۆ لای شاگردەکان، بەڵام ئەوان لە خەوا بوون. جاری سێیەم کە گەڕاوە، وتی: «هەستن، ئەو شاگردە خەیانەت کارە لێرەیە.»



یەهوودا لەگەڵ ڕێبەرانی یەهوود، سەربازەکان و جەماعەتێکی زۆر هات. ئەوان شەمشێر و تێڵایان پێ بوو. یەهوودا لە عیسا نزیک بوو و وتی: «سڵاو مامۆستا» و ئەوی ماچ کرد. ئەمە نیشانەیێک بوو تا سەرانی یەهوود، عیسا بناسنەوە و بیگرن. عیسا پێی وت: « یەهوودا، ئایا بە ماچێک خەیانەتت بە من کرد؟»



ئەوکاتە کە سەربازەکان، عیسایان دەستگیر کرد، پێترۆس شەمشێری خۆی ڕاکێشا و گوێچکەی خەزمەتکاری کاهێنی گەورەی بڕی. عیسا پێی وت: «شەمشێرەکەت قاپ کە. من ئەتوانم لە باوکم داوا بکەم کە لەشکەرێک لە فریشتەکانی بۆ یارمەتی من بنێرێ. بەڵام ئەبێ ئیزنی باوکم بە جێ بێنم.» ئینجا عیسا گوێی ئەو پیاوەی شەفا دا و هەموو شاگردەکانی هەڵاتن.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: ئێنجیلی مەتا فەسڵی ٢٦ ئایەی ١٤تا٥٦، ئێنجیلی لۆقا فەسڵی ٢٢ ئایەی ١تا ٥٣، ئێنجیلی یووحەنا فەسڵی ١٨ ئایەی ١تا ١١

# ۳۹- دادگایی کردنی عیسا



له نیوه شەوا، سەربازەکان عیسایان برد بۆ ماڵی کاهێنی گەورە تا پرسۆجۆی لێ بکەن. پێترۆسیش له دوورەوه به شوێنیانا ئەچوو. کاتێک که عیسایان برده نێو ماڵەکه، پێترۆس له دەری ماڵەکه لای ئاگرێک وێستا تا خۆی گەرم کاتەوه.



له نێو ماڵەکه، سەرۆکه یەهوودیەکان له عیسا لێپرسینەوەیان کرد. ئەوان شایەت درۆیی زۆریان هێنا که به ناحەق بۆهتانیان له عیسا ئەدا. بەڵام، قسەکانیان لەگەڵ یەک جۆر نەبوو، لەبەرئەوه پێشەوا یەهوودیەکان نەیانتوانی گوناحی پێ بسڵمێنن. عیسایش قسەیێکی نەکرد.



له ئاکامدا، کاهێنی گەورە ڕووی لە عیسا کرد و وتی: «بە ئێمە بڵێ، ئایا تو مەسیح کوڕی خوای زیندووی؟»



عیسا وتی: «بەڵێ هەم، و ڕۆژێک من ئەبینن کە لە دەستی ڕاستی خوا دانیشتووم و لە ئاسمان بۆ زەمین ئەگەڕێمەوە.» کاهێنی گەورە کە لە قسەکانی عیسا زۆر تووڕە بوو، جلەکەی خۆی دڕاند و هاواری کرد بۆ پێشەوا ئایینیەکانی دیکە و وتی: «ئێمە پێویستمان بە شایەتی دیکە نیە. هەموو بیستیان کە ئەو ئەڵێت من کوڕی خوام. بڕیارتان چیە؟»



پێشەواکانی یەهوود هەموویان لە وڵامی کاهێنی گەورە وتیان: «ئەوشایانی مردنە» ئەوکاتە چاوەکانی عیسایان بەست، تفیان لە ڕوومەتی کرد، لێیان داو گاڵتەیان پێ کرد.



پێترۆس لە دەروەی ماڵ بوو. کارەکەرێک ئەوی بینی و بەوی وت: «ئەتۆش لەگەڵ عیسا بووی.» پێترۆس حاشای کرد. دوای کاتێکی کورت کوڵفەتێک دیکە هەمان قسەی بە پێترۆس وت و پێترۆس دیسان حاشای کرد. سەرئەنجام، ئەوکەسانەی کە لەوێ ڕاوستابوون بەویان وت: «ئەزانین کە تۆ یەکێک لە شاگردەکانی عیسای، چونکە تۆیش خەڵکی جەلیلیت».



ئەوکاتە پێترۆس سوێندی خوارد و وتی: «خوا لەعنەتم کات ئەگەر ئەم پیاوە بناسم». هەر لەو کاتە کەڵەشێر بانگی داو عیسا هەڵگەڕاوە چاوی لە پێترۆس کرد.



پێترۆس ڕۆیشت وبە سۆز گریا. هەمان کات، یەهوودای خەیانەتکار بینی کە پێشەوا یەهوودیەکان حوکمیان لەسەر مردنی عیسا داوە. خەم و پەژارە دایگرت و ڕۆیشت و خۆی کوشت.



لەم ڕۆژانە پیلاتۆس قایم مقامی ڕومی بە سەر یەهوودا فەرمانرەوایی ئەکرد. سەرۆکەکانی یەهوود عیسایان برد بۆ لای ئەو. داوایان ئەوەبوو کە پیلاتۆس حوکم بە مردنی عیسا بدات. پیلاتۆس لە عیسای پرسی: «ئایا تو پاشای یەهوودی؟»



عیسا وڵامی داوە: «دروستت وت. بەڵام پاشایەتی من زەمینی نیە. ئەگەر وا بوایە، ڕێڕەوەکانم بۆ من شەڕیان ئەکرد. بەڵام من بەم جیهانە هاتووم تا حەقێقەت سەبارەت بە خوا بۆ هەموو کەسێک بڵێم. هەر کەسێک کە حەقێقەتی خۆش بوێت گوێم پێ ئەدات.» پیلاتۆس پرسی: «حەقێقەت چیە؟»



پیلاتۆس دوای وتووێژ لەگەڵ عیسا چووە دەر لای جەماعەت و وتی: «من هیچ گوناحێکم لەم کەسە نەبینی کە شایانی مردن بێت.» بەڵام سەرۆکانی یەهوود و جەماعەت هاواریان کرد: «لە خاچی دە.» پیلاتۆس وڵامی دا: «ئەو گوناحکار نیە.» بەڵام ئەوان ئەم جارە بە دەنگێکی بەرزتر هاواریان کرد. ئینجا پیلاتۆس بۆ سێهەمین جار وتی: «ئەو گوناحکار نیە.»



پیلاتۆس لە ترسی ئەوە کە سەرکێشی نەکەن، قەبووڵی کرد و عیسای دا بە دەستی سەربازەکانی تا لە خاچی بدەن. سەربازە ڕوومیەکان عیسایان شەلاقکاری کرد و جلی پاشایەتیان لە بەری کرد و تاجێک لە دڕکیان نا سەری. ئەو کاتە بە گاڵتە پێیان ئەوت: «پاشای یەهوود سڵامەت بێت».

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: ئێنجیلی مەتا فەسڵی ۲۶ئایەی۵۷و فەسڵی ۲۷ ئایەی ۲۶، ئێنجیلی مەرقۆس فەسڵی ۱۴ ئایەی ۵۳و فەسڵی ۱۵، ئێنجیلی لۆقا فەسڵی ۲۲ئایەی۵۴ وفەسڵی ۲۳ ئایەی ۲۵، ئێنجیلی یووحەنا فەسڵی ۱۸ ئایەی ۱۲ وفەسڵی ۱۹ ئایەی ۱۶

## ۴۰- عیسا له خاچ درا



دوای ئەوەی کە سەربازەکان، گاڵتەیان بە عیسا کرد، ئەویان بردە دەر تا چوارمێخەی کەن. ئەوان زۆریان لێ کرد تا خاچەکەی خۆی هەڵگرێت.



سەربازەکان، عیسایان برد بۆ جێگاییێک کە جۆلجۆتا، (یانێ کاسەی سەر )، ناو نراو و دەست و پێیان لەسەر خاچ بزمارکوت کرد. بەڵام عیسا وتی: «باوکە ئەم خەڵکە ببوورە، چونکە نازانن چی ئەکەن». بە فەرمانی پیلاتۆس لە بان سەری نیشانێکیان دانا کە لە ڕووی نووسرا بوو: ئەمەیە پاشای یەهوود.



ئینجا سەربازەکان لە سەر جلەکانی عیسا قوماریان کرد. بەم کارە پێشگوویی کتێبی موقەددەس ئەنجام درا کە ئەڵێت: «جلەکانمیان لە نێوان خۆیان دابەش کرد و قوماریان خستە سەر ڕەداکەم».




سەربازەکان هەر لەو کاتەش دوو دزیان لە خاچ دا و عیسایان لە سەر چوار مێخەکە خستە بەینیان. یەکێک لەوانە گاڵتەی بە عیسا کرد، بەڵام ئەو یەکەی تر پێی وت «ئایا لە خوا ناترسی؟ ئێمە گوناحکارین بەڵام ئەم پیاوە بێ گوناحە». ئەوکاتە بە عیسای وت: «ئەی عیسا، منت لە پاشایەتیەکەت لە بیر بێت».عیسا وڵامی داوە: «تۆ هەر ئەمڕۆ لەگەڵ منا لە بەهەشت ئەبیت».



سەرۆکە ئایینیەکانی یەهوود و خەڵکێک کە لەویا بوون گاڵتەیان بە عیسا کرد و وتیان: «گەر تۆ کوڕی خوای لە چوار مێخەکە وەرە خوارەوە و خۆت ڕزگار بکە! ئەوکاتە ئیمانت پێ دێنین.»



ئەو کاتە، گەرچی نیوەڕۆ بوو، ئاسمانی سەرتاسەری ئەو شوێنە لێڵ بوو. ئەم تاریکیە ڕووتە تا سێ کاتژمێر بەردەوام بوو.



ئینجا عیسا هاواری کرد: «کۆتایی هات. باوکە، ڕۆحی خۆم بە دەستی تۆ ئەسپێرم». ئەوکاتە سەری دانەواند و ڕۆحی خۆی تەسلیم کرد. کاتێک کە گیانی دا زەوی کەوتە لەرزین و پەردە گەورەکەی مەعبەد کە خەڵکی لە حۆزووری خوا جیا ئەکردەوە،(قۆدۆسۆل ئەقداس)، لە سەرەوە تا خوار، بوو بە دوو لەت.



عیسا بە مەرگی خۆی ڕێگاییێکی کردوە تا خەڵک بتوانن بە حۆزووری خوا بێن. ئەوکاتە کە نیگابانێ ڕوومی ئەو پێک هاتەی دی، وتی: «بە ڕاستی کە ئەم پیاوە بێگوناح بوو. ئەو کوڕی خوا بوو.»



ئینجا دوو کەس لە سەرۆکەکانی یەهوود، نیقۆدیمۆس و یوسف، کە بڕوایان بوو عیسا، هەر ئەو مەسیحی وادەدراوە، چوونە لای پیلاتۆس و ویستیان جەستەی عیسا وەربگرن. ئەوان جەستەکەیان بە قوماشی کەتان پێچا و نایانە ناو گۆڕێکی بەردی و بەردێکی گەورەیان خزاندە بەر درگای قەبرەکە تا بیەسرێت.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: ئێنجیلی مەتا فەسڵی ٢٧ئایەی ٢٧تا٦١، ئێنجیلی مەرقۆس فەسڵی ١٥ ئایەی ١٦تا٤٧، ئێنجیلی لۆقا فەسڵی ٢٣ئایەی ٢٦تا٥٦، ئێنجیلی یووحەنا فەسڵی ١٩ئایەی ١٧تا٤٢

## ٤١- خوا عیسا لە مردووەکان هەڵ ئەستێنێتەوە



دوای ئەوەی کە سەربازەکان عیسایان لە خاچ دا، سەرۆکەکانی قەومی یەهوود چوونە لای پیلاتۆس و وتیان: «عیسا بە درۆ وتی کە دوای سێ ڕۆژ لە مردووەکان هەڵ ئەستێتەوە. بۆ ئەوەی کە شاگردەکانی نەتوانن جەستەکەی بدزن، پێویستە کەسێک دانێین کە بە ماوەی سێ ڕۆژ لە قەبرەکە ئاگاداری بکات. ئەگەر بتوانن جەستەکەی بدزن، ئەو کاتە ئەڵێن کە ئەو لە مردووەکان هەستاوەتەوە.»



پیلاتۆس وتی: «چەند سەرباز لەگەڵ خۆتان بەرن و تا ئەو جێگە کە ئەتوانن ئاگاداری قەبرەکە بن.» بۆیە ئەوان بەردی سەر قەبرەکەیان مۆر و مۆم کرد و چەند سەربازێکیان لەوێ دانا، تا کەسێک نەتوانێ جەستەکە بدزێت.



چۆن ڕۆژی دوای بە خاک سپاردنی عیسا، یانێ ڕۆژی شەبات ئیش کردن قەدەغە بوو، هیچ یەک لە هاوڕێکانی عیسا نەیانتوانی بچنە سەر گۆڕەکە. بەڵام بەیانی ڕۆژی دوایی، چەند نەفەر لە ژنان ئامادە بوون کە بڕۆنە سەر گۆڕی عیساو جەستەکەی بۆن خۆش کەن.



پێش ئەوەی کە ژنەکان بگەنە ئەوێ، لە پاڵ گۆڕەکە بۆمەلەرزەیێکی بەهێز ڕوویدا. فریشتەیێک لە ئاسمان هاتە خوار، بەردی بەردەم گۆڕەکەی بە لاییێک خشاند و لەسەری دانیشت. ئەو فریشتە هەر وەک بەرقی ئاسمان ئەدرەوشا. پاسەبانەکان وەها ترسا بوون کە هەر وەک مردوو کەوتنە سەر ئەرز.



ئەوکاتە کە ئافرەتەکان گەیشتنە سەر گۆڕەکە، فریشتە پێیانی وت: «مەترسن! عیسا لێرە نیە. ئەو هەروا کە وادەی دا بوو لە مردووەکان هەستاوەتەوە. ناو گۆڕەکە تماشا کەن و بیبینن.» ژنەکان ناو گۆڕەکەیان تماشا کرد و ئەو جێگە کە جەستەی عیسا تیاٚ دانرابوو دیان، بەڵام جەستەیێکیان نەدۆزیەوە.



ئینجا فریشتە بە ژنانی وت: «بڕۆن و بە شاگردەکان بڵێن کە عیسا لە مردووەکان هەستاوەتەوە و پێش ئێوە ئەچێ بۆ جەلیل.»



ئەو ژنانە کە زۆر دڵخۆش بوون، بەرەو ڕووی شاگردەکان ڕۆیشتن تا ئەو هەواڵە خۆشەیان پێ بگەیێنن.



هەر لەو کاتە کە ژنان ڕایان ئەکرد کە هەواڵی خۆش بە شاگردەکان بدەن، لە ناکاو عیسا لە ڕوویان دەرکەوت. ئەوان لە بەرامبەریا سوژدەیان کرد. عیسا بەوانی وت: «مە ترسن! بڕۆن بە شاگردەکانی من بڵێن کە بچن بۆ جەلیل و من لەوێ ئەبینن.»

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: (کتێبی ئێنجیلی مەتا فەسڵی ٢٧ ئایەی ٦٢تا فەسڵی ٢٨ئایەی ١٥؛ کتێبی ئێنجیلی مەرقۆس فەسڵی ١٦ئایەی ١تا ١١؛ کتێبی ئێنجیلی لۆقا فەسڵی ٢٤ئایەی١تا١٢؛ کتێبی ئێنجیلی یووحەنا فەسڵی ٢٠ئایەی ١تا١٨)

# ٤٢- گەڕانەوەی عیسا بۆ ئاسمان



ئەو ڕۆژە کە خوا عیسای لە مردووەکان هەستاندەوە، دوو کەس لە شاگردەکان لە کاتی ڕۆیشتن بۆ یەکێک لە شارە نزیکەکان، لە بارەی ئەوەی بۆ عیسا ڕووی دابوو، قسەیان ئەکرد. ئەوان هیوادار بوون کە عیسا هەر مسیحی وادەدراو بێت، بەڵام ئەو کوژرا بوو. ئێستا شاگردەکان نەیان ئەزانی بڕوا بە چی بکەن.



عیسا نزیکی شاگردەکان بوو و لەگەڵیان قسەی کرد بەڵام ئەویان نەناسی. عیسا لێیانی پرسی سەبارەت بە چی قسە ئەکەن. بە عیسایان وت کە قسەکانیان سەبارەت بە ڕووداوەکانی چەن ڕۆژ پێشە، کە بۆ عیسا ڕووی دابوو. ئەوان بڕوایان وا بوو کە عیسا غەریبەیێکە کە لە ڕووداوەکانی ئۆرشەلیم بێ خەبەرە.



ئینجا عیسا بۆیانی شی کردەوە، کە کەلامی خوا سەبارەت بە مەسیح چی بووە. زۆر ماوە لەمەپێش پێغەمبەران وتبوویان کە شەریران مەسیح، شکەنجە ئەکەن و ئەیکوژن، بەڵام ئەو لە ڕۆژی سێهەم زیندوو ئەبێتەوە.



کاتێک کە ئەو دوو پیاوە بە مەقسەد گەیشتن، ئیتر شەو ببوو. ئەوان عیسایان دەعوت کرد کە شەو لەگەڵیان بمێنێت، ئەویش قەبووڵی کرد و لەگەڵ ئەوان چووە ناو ماڵێک. کاتێک لە سەر سفرە بۆ نان خواردن دانیشتن، عیسا نانی هەڵگرت و شۆکری خوای کرد و لەتی کرد. لە ناکاو چاویان کراوە و دەست بەجێ ناسیان. بەڵام عیسا هەر ئەو ساتە لە بەر چاویان ون بوو.



ئەو جووتە بە یەکتریان وت: «ئەو عیسا بوو، بۆیە کاتێک کە نووسراوەکانی کتێبی موقەددەسی بۆمان شی ئەکردەوە، دڵمان توند لێ ئەدا.» ئینجا خێرا گەڕانەوە بۆ ئۆرشەلیم و کاتێک گەیشتنە ئەوێ، بە شاگردەکانیان وت: «عیسا زیندووە! ئێمە ئەومان بینیوە.»



لە هەمان کات کە سەرقاڵی وتووێژ بوون، لە ناکاو عیسا لە نێوانیان دەرکەوت و وتی: «سڵامەتی بۆتان بێت!» شاگردەکان وایانزانی کە ڕۆحیان بینیوە، بەڵام عیسا وتی: «بۆچی ترسان! شەکتان کرد کە من عیسام؟ دەست و قاچم ببینن، ڕۆح، وەک من جەستەی نیە.» و بۆ ئەوە کە نیشانیان بات کە ڕۆح نیە، لێیانی داوا کرد کە شتێکی پێ بدەن کە بیخوا. ئەوان لەتێک ماسیان پێدا و عیسا خواردی.



عیسا وتی: «من بە ئێوەم وت کە هەرچیٚ لە کەلامی خوا سەبارەت بە من وتراوە، ئەبیٚ بکرێت.» ئینجا عیسا یارمەتی دان تا باشتر لە کەلامی خوا تێبگەن. ئەو وتی: «ڕۆژگارانی دوور، لە کتێبی ئەنبیا نووسراوە کە مەسیحی وادەدراو پێویستە ڕەنج و سەختی زۆر ببینیٚ، بمریٚ و ڕۆژی سێهەم لە مردووەکان هەستێتەوە.



«ئەنبیا هەروەها نووسیویانە کە شاگردەکانی من کەلامی خوا ئەگێڕنەوە و بە هەمووان ئەڵێن کە ئەبیٚ تۆبە بکەن. هەر کەس تۆبە بکات، خوا لە گوناحەکانی خۆش ئەبێت. شاگردەکانی من بڵاو کردنی ئەم پەیامەی من لە ئۆرشەلیم دەست پیٚ ئەکەن، دواجار بۆ نێو هەموو قەوم و هەموو جێگە ئەڕۆن. ئێوە شایەتی قسەکان، کارەکان و تەواوی ئەو ڕووداوانەن کە بۆ من ڕوویدا.»



عیسا لە ماوەی چل ڕۆژ پاشان زیندوو بوونەوەی لە مردووەکان، چەند جار خۆی بەرچاوی شاگردەکانی خست. ئەو تەنانەت جارێکیش هاوکات خۆی بەرچاوی ٥٠٠ کەس خست. ئەو بە شێوەی جۆرواجۆر بە شاگردەکانی سەلماند کە زیندووە و سەبارەت بە پاشایەتی خوا ئامۆژگاری بۆ کردن.



عیسا بە شاگردەکانی فەرموو: «خوا ئێختیاری تەواوی زەوی و ئاسمانی بە من داوە. لە بەر ئەوە بڕۆن وهەموو قەومەکان بە شاگردی من کەن و ئەوان بە ناوی باوک، کوڕ و ڕۆحی قۆدووس تەعمید بدەن و پێیان فێر کەن کە چۆن تەواوی ئەو دەستوورانەی کە پێم داون بە ڕێوە بەرن. لە بیرتان بمێنێ کە من هەمیشە لەگەڵتان ئەبم.»



چل ڕۆژ دوای ئەوەی کە عیسا لە مردووەکان هەستا بە شاگردەکانی بەم شێوە فەرمووو: «لە ئۆرشەلیم بمێنن تا باوکی من بە ناردنی ڕۆحی قۆدووس، بە هێزتان بکات.» دوای ئەوە، عیسا لە بەرامبەر چاوی ئەوانا بەرەو ئاسمان بەرز بووەوە و لە ناو هەورێکا ون بوو. عیسا بە دەستی ڕاستی خوا دانیشت کە بە سەر هەموو شتێکا فەرمان ڕەوایی بکات.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: (کتێبی مەتا فەسڵی ٢٨ئایەی ١٦تا٢٠؛ کتێبی مەرقۆس فەسڵی ١٦ ئایەی ١٢تا٢٠؛ کتێبی لۆقا فەسڵی ٢٤ ئایەی ١٣تا٥٣؛ کتێبی یووحەنا فەسڵی ٢٠ ئایەی ١٩تا٢٣؛ کتێبی کردار فەسڵی ١ ئایەی ١تا١١)

# ٤٣- دەست پێکردنی کلیسا



دوای ئەوە کە عیسا گەڕاوە بۆ ئاسمان، شاگردەکان هەروا کە عیسا فەرمانی پێ دابوون، لە ئۆرشەلیم مانەوە. ئیماندارەکان بەردەوام بەیەکەوە کۆ ئەبوونەوە تا دۆعا بکەن.



یەهوودیان هەر ساڵ ڕۆژی گرینگی پێنتیکاستیان چەژن ئەگرت کە هاوکات بوو لەگەڵ پەنجاهەمین ڕۆژی دوای جەژنی پێسەخ. پێنتیکاست جەژنی یەهوودیان بۆ هەڵگرتنی بەرهەمی گەنم بوو. ئەوان لە سەرتاسەری دنیا ئەهاتن بۆ ئۆرشەلیم تا ئەم جەژنە پێکەوە بگرن. لەو ساڵە پێنتیکاست، نزیک یەک حەفتە دوای ڕۆیشتنی عیسا بۆ ئاسمان ڕێکەوت.



کاتێک کە هەموو ئیماندارەکان پێکەوە کۆ بوونەوە، لەپڕا دەنگێک وەکوو دەنگی شنەی بایان بیست. ئینجا شتێک وەکوو بڵێسەی ئاگر بەسەر هەموویانا گڕی گرت. ئەو کاتە هەموویان لە ڕۆحی قۆدووس پڕ بوون و خوایان بە زمانهاییێک کە نەیانئەزانی، پەرەستی. ڕۆحی قۆدووس توانای قسەکردن بە زمانەکانی تری پێدابوون.



کاتێک ئەوانەی کە بۆ ئۆرشەلیم هاتبوون، ئەم دەنگەیان بیست، لە دەوری یەک کۆ بوونەوە تا تێبگەن کە چی ڕووی داوە. ئەوان بیستیان کە ئیماندارەکان کارە گرینگەکانی خوا باس ئەکەن. ئەوان سەریان سووڕمابوو، چونکە ئەیانتوانی لە قسەکانیان تێبگەن. لە وڵاتی ئەوان خەڵک زمانێکی جیاوازیان بوو. شاگردەکان لە ئیسراییل بوون و تەنانەت ئەیانتوانی بە زمانی ئارامی، عێبرانی و یوونانی قسە بکەن. بەڵام ئەوان بیستیان کە شاگردەکان بە زمانی وڵاتی ئەوان کارە گرینگەکانی خوا ئەگێڕنەوە.



بەشێکیش وتیان کە شاگردەکان سەرخۆشن. بەڵام پێترۆس وێستا و بەوانی وت: «گوێ بگرن! ئەم خەڵکە سەرخۆش نین! بەڵکو ئەمە هەمان پێشگوویی یوئیلی نەبیە کە خوا وتبووی: «لە ڕۆژە ئاخرەکان، من ڕۆحی خۆم بەسەر تەواوی بەشەر دائەڕێژم.»



«ئەی قەومی ئیسرایيل، عیسا کەسێک بوو کە کاری نائاسایی زۆری ئەکرد تا خۆی بە ئێمە بناسێنێت. ئەو بە قودرەتی خوا کاری نائاسایی زۆری کرد. ئێوە ئەمە ئەزانن، چونکە شایەتی کارەکانی بوون، بەڵام ئەوتان لە خاچ دا.»



«عیسا مرد، بەڵام خوا ئەوی لە نێوان مردووەکان هەڵساندەوە. ئەمە بەجێهاتنی پێشگوویی ئەو پێغەمبەرەیە کە وتی: تۆ ئیجازە نادەی کە جەستەی منداڵە موقەددەسەکەت لە قەبرا بگەنێت. ئێمە شایەتین کە خوا عیسای لە نێوان مردووەکان هەڵساندەوە.»



خوای باوک، ئێستا عیسای لە بەرزترین شوێنی ئاسمان یانێ لای دەستی ڕاستی خۆی داناوە. عیسا هەر بەو جۆرەی کە وادەی دابوو ڕۆحی قۆدووسی بۆ ئێمە نارد. ئەم کاڕانە کە ئەمڕۆ ئەیبینن و ئەیبیسن ڕۆحی قۆدووس، ئەنجامی ئەیا.



ئێوە عیساتان لە خاچ دا، بەڵام دڵنیا بن کە خوا ئەوی، خواوەند و مەسیح، دیاری کردووە.»



خەڵک بە بیستنی قسەکانی پێترۆس، دڵیان وا قورس بوو کە لەو و شاگردەکانیان پرسی: «براکان، ئێستا چی بکەین؟»



پێترۆس وڵامی داوە: «ئێوە هەمووتان پێویستیتان بەوەیە کە خوا لە گوناحەکانتان خۆش بێت. کەوایە تۆبە بکەن و بە ناوی عیسای مەسیح تەعمید بگرن. ئەوکاتە خوا خەڵاتی ڕۆحی قۆدووستان پێ ئەبەخشێ.»



نزیک ٣٠٠٠ کەس ئیمانیان بە قسەکانی پێترۆس هێنا و بوون بە شاگردی عیسا. ئەوان تەعمیدی ئاویان گرت و بە دەستەی ئیماندارەکان لە کلیسای ئۆرشەلیم پێوەست بوون.



ئیماندارەکان بەردەوام گوێیان بە ڕێنماییەکانی ڕەسوولەکان ئەدا. پێکەوە کۆ ئەبوون و نانیان ئەخوارد و دۆعایان ئەکرد. ئەوان بە کۆمەڵ خوایان پەرەستێش ئەکرد و هەرچێ کە بوویان لەگەڵ یەکتر بەشیان ئەکرد. خەڵک بە باشی سەبارەت بەوان قسەیان ئەکرد و هەموو ڕۆژێک ژماری ئیماندارەکان زیاتر ئەبوو.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: کتێبی کرداری ڕەسوولان فەسڵی ١ ئایەی ١٢تا١۴ و فەسڵی ٢

# ٤٤- شەفای پیاوی سواڵکەر بەدەستی پێترۆس و یووحەنا



ڕۆژێک پێترۆس و یووحەنا بەرەو پەرەستگا ئەچوون. لەلای دەروازەکە، پیاوێکی ئێفلیجیان بینی کە سواڵی ئەکرد.



پێترۆس چاوی لەو پیاوە کرد و وتی «من پارەیێکم نیە کە پێتی بدەم. بەڵام ئەوەم کە هەیە بە تۆی ئەدەم. لە ناوی عیسا هەستەو بەڕێدا بچۆ!»



خوا هەر ئەوکاتە ئەو پیاوەی شەفادا و ئەویش دەستی بەڕێ چوون کرد و لە دەور و بەری ئەوان خۆشحاڵی ئەکرد و خوای ئەپەرەست. خەڵکێک کە لە حەوشەی پەرەستگا بوون، سەریان سووڕ مابوو.



جەماعەتێک زۆر خێرا کۆ بوونەوە تا ئەو پیاوە وا چاک بووەوە، ببینن. پێترۆس بەو جەماعەتەی وت «لە دیتنی چاک بوون ئەم پیاوە سەرتان سووڕ نەمێنێت. ئێمە ئەم پیاومانە بەتوان یاخۆ بەبۆنەی دینداریەکەمان شەفا نەداوە. بەڵکوو ئەمە توانایی عیسایە کە شەفای داوە، چونکە ئێمە بەو ئیمانمان هەیە.»



«ئێوە ئەوانەن کە لە قایمقامی ڕوومی داواتان کرد کە عیسا بکوژێت. ئێوە ئەو کەسەی وا بە هەموو کەسێک گیان ئەبەخشێتان کوشت، بەڵام خوا ئەوی لە نێوان مردووەکان، زیندوو کردەوە. گەرچی ئێوە نەتانئەزانی چی ئەکەن، بەڵام پێشگوویی ئەنبیاتان جێبەجێ کرد کە وتوویان مەسیح ئەبێت ڕەنج بکێشێت و بمرێت. خوا ویستی کەوا بێت. کەوایە تۆبە کەن و هەڵگەڕێنەوە بۆ لای خوا تا لە گوناحەکانتان خۆش بێت.»



کاتێک ڕێبەرەکانی پەرەستگا قسەکانی پێترۆس و یووحەنایان بیست، زۆر تووڕە بوون. جا ئەوانیان گرت و بردیانن بۆ بەندیخانە. بەڵام زۆر یەک لەوانەی کە پەیغامی پێترۆسیان بیست، ئیمانیان هێنا و ژماری ئیماندارەکان بە ٥٠٠٠ کەس گەیشت.



ڕۆژی دوایی، سەرانی یەهوود، پێترۆس و یووحەنایان لەگەڵ ئەو پیاوە ئیفلیجە هێنا بۆ خزمەتی کاهێنی گەورە و ڕێبەرە ئایینیەکان. ئەوان لە پێترۆس و یووحەنایان پرسی: «بە چە قودرەتێک ئەم پیاوە ئێفلیجەتان شەفا داوە؟»



پێترۆس وڵامی داوە: «ئەم پیاوە کە بەرامبەری ئێوە ڕاوەستاوە بە قودرەتی عیسا شەفای پەیدا کردووە. ئێوە عیساتان لە خاچ دا، بەڵام خوا ئەوی دووبارە زیندوو کردەوە! ئێوە ئەوتان قەبوول نەکرد، بەڵام جگە لە قودرەتی عیسا هیچ ڕێگاییێکی تر بۆ نەجات نیە!»



ڕێبەرە ئایینیەکان لە دلێری پێترۆس و یووحەنا سەریان سووڕما، چونکە ئەوان نەخوێندەوار و ئاسایی بوون. ئەوکاتە بیریان هاتەوە کە ئەم پیاوانە لەگەڵ عیسا بوون. جا بەوانیان وت: «ئەگەر دیسان سەبارەت بە عیسا لەگەڵ خەڵک قسە بکەن تەمێتان ئەکەین.» دوای هەڕەشە کردن لە پێترۆس و یووحەنا، ئەوانیان بەردا.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: کتێبی کرداری ڕەسوولان فەسڵی ٣ و فەسڵی ٤ ئایەی ٢٢

# ٤٥- ئێستیفان و فیلیپۆس



یەکێک لە ڕێبەرانی کلیسای سەرەتایی، کەسێک بوو بە ناو ئێستیفان کە هەموو ڕێزیان ئەگرت. ڕۆحی قۆدووس هێز و زانایی پێ دابوو. ئێستیفان مۆعجیزەی زۆری ئەنجام دا و زۆریەک لە خەڵک سەبارەت بە قسەکانی ئەو ئیمانیان بە عیسا هێنا.



ڕۆژێک کە ئێستیفان بە ئامۆژگاری لەبارەی عیسا سەرقاڵ بوو، هێندێک لە یەهوودیەکان کە ئیمانیان بە عیسا نەبوو، دەسیان بە باس و دەمەقاڵە لەگەڵ ئێستیفان کرد. ئەوان زۆر گرژبوون و لای پێشەوا ئایینیەکان بەدرۆ سەبارەت بە ئێستیفان وتیان: «ئێمە بیستوومانە ئەو لەبارەی مووسا و خوا، قسەی قیزەونەی کردووە.» ئینجا پێشەوا دینیەکان، ئێستیفانیان گرت و بردیان بۆ لای کاهێنی گەورەو پێشەوا یەهوودیەکانی دیکە. دوایی شایەتانی درۆیی دیکەش هاتن و بوختانیان لێدا.



کاهێنی گەورە لە ئێستیفانی پرسی: «ئایا ئەو قسەیەی کە ئەو خەڵکە سەبارەت بە تۆ ئەیڵێن ڕاستە؟» ئێستیفان بۆ وڵام دانەوە بەم پرسیارە بە وردی قسەی لەگەڵ کاهێنی گەورە کرد. ئەو وتی کە خوا لە زەمانی براییم تا عیسا، کارهاییێکی زۆر گەورەی لەبۆ یەهوودیان ئەنجام داوە، بەڵام ئەو قەومە بارها لاساریان کردووە. ئێستیفان بەوانی وت: « ئێوە قەومێکی کەللەڕەق و سەبارەت بە خوا سەرکێشن. ئێوە هەمیشە ڕۆحی قۆدووستان ڕەت کردووە، دروست هەر وەکوو باوکەکانی ئێمە کە خوایان ڕەت کردووە و ئەنبیاکانی خوایان کوشتووە. بەڵام ئەو کارەی کە ئێوە کردتان زۆر خراپتر بوو، ئێوە مەسیحتان بە قەتڵ گەیاند!»



ئەو کاتە کە پێشەوا ئایینیەکان ئەم وتارەیان بیست، زۆر تووڕە بوون، گوێی خۆیان گرت و هاواریان کرد. ئەوان ئێستیفانیان بردە دەری شار وبەردبارانیان کرد تابمرێت.



ئێستیفان لەو حاڵە کە گیانی ئەدا هاواری ئەکرد: «ئەی عیسا! ڕۆحم قەبووڵ کە.» ئینجا چۆکی دادا و دووبارەش هاواری کرد: «ئەی خواوەند ئەم گوناحەیان لێ مەگرە» و گیانی سپارد.



ئەو ڕۆژە زۆرکەس لە خەڵکی ئۆرشەلیم دەسیان بە ئازار و ئەزیەتی ڕێڕەوانی عیسا کرد و ئیماندارەکان چوون بۆ وڵاتانی دیکە. بەڵام بە هەموو ئەم ڕووداوانەیش، ئەوان بۆ هەر شوێنێک ئەچوون، سەبارەت بە عیسا مۆوعێزەیان ئەکرد.



یەکێک لە شاگردەکان عیسا بە ناوی فیلیپۆس لەگەڵ زۆربەی ئیماندارەکان، لە کاتی ئازار لە ئۆرشەلیم هەڵاتبوو. ئەو چووە سامێرەو لەوێ سەبارەت بە عیسا مۆوعێزەی کرد و زۆر لە خەڵکی ئەوێ ڕزگار بوون. ئینجا ڕۆژێک فریشتەیێک لە لایان خوا بە فیلیپۆس دەستووری دا کە بڕواتە جادەیێک لە نێو بیابان. کاتێک کە لە نێو جادەکە بوو، یەکێک لە سەرۆکە گەورەکانی حەبەشەی بینی کە بە ئەڕابەکەی خۆی سەفەری ئەکرد. ڕۆحی قۆدووس بە فیلیپۆسی وت کە بچێتە لای ئەو پیاوە و قسەی لەگەڵ بکات.



کاتێک فیلیپۆس بە ئەڕابەکە نزیک بوو، بیستی کە ئەو کەسە حەبەشیە بەشێک لەکتێبی ئەشعیای نەبی ئەخوێنێتەوە. ئەو بەشەی کە ئەڵێت «هەر وەکوو مەڕێک کە بۆ سەربڕین ئەیبەن و بەرخێک کە لەژێر دەستی کوڵک چنەکەی بێ دەنگە، هیچ وتەیێکی نەگوت. بەرانبەر بە ئەو عادڵ نەبوون و ڕێزیان نەگرت. ئەوان کوشتیان.»



فیلیپۆس لەو کەسە حەبەشیە پرسی: « ئایا لەوەی کە ئەیخوێنیتەوە تێ ئەگەی؟» حەبەشیەکە وڵامی دا: «نە. من ناتوانم تێبگەم مەگەر کەسێک بۆمی شی کاتەوە. تکایە بێ و لای من دانیشە. ئایا ئەشعیا ئەمەی سەبارەت بەخۆی وتووە یا کەسێکی دیکە؟»



فیلیپۆس چووە نێو ئەڕابەکەو لای دانیشت، ئینجا بۆ ئەو حەبەشیە شی کردەوە کە ئەشعیا ئەو بەشەی سەبارەت بەعیسا نووسیوە. فیلیپۆس زۆرلە بەشەکانی وتەی خوای بۆ شی کردەوە و پەیامی ئێنجیلی عیسای پێ گەیاند.



لەو حاڵە کە فیلیپۆس و ئەو پیاوە حەبەشیە ئەڕۆیشتن، گەیشتنە بیرۆکێکی ئاو. پیاوە حەبەشیەکە وتی: «بڕوانە لەوێ ئاو هەیە! ئایا ئەکرێت لێرا تەعمید بگرم؟» وبە خزمەتکارەکەی دەستووری دا تا ئەڕابەکە بوێستێنێت.



کەوابوو ئەوان چوونە ناو ئاوەکە و فیلیپۆس ئەو پیاوە حەبەشیەی تەعمید دا. کاتێ کە لە ئاو هاتنە دەر، لەپڕا ڕۆحی قۆدووس فیلیپۆسی بردە شوێنێکی دیکە. فیلیپۆس لەوێ بە ئامۆژگاری سەبارەت بە عیسا بەردەوام بوو.



پیاوە حەبەشیەکە درێژەی دا بە سەفەرەکەی خۆی و بەرەوماڵەوە چوو. ئەو بە ناسینی عیسا دڵخۆش بوو.

چیروکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: کتێبی کرداری ڕەسوولان فەسڵی ٦تا٨

## ٤٦- پوولۆس ئەبێتە مەسیحی



پیاوێک بوو بە ناو سوولۆس کە لە جەوانی زەمانی کوشتنی ئێستیفان، جلی یەهوودیەکانی ئەپارێزی و ئیمانی بە عیسا نەبوو. ئەو مەسیحیەکانی ئەڕەنجان و لە ئۆرشەلیم ماڵ وە ماڵ ئەچوو تا پیاو و ژن بگرێت و بیانخاتە بەندیخانە. کاهێنی گەورە پێی وت کە بچێتە دەمێشق و مەسیحیەکان ئەوێ بگرێت و بیانهێنێتەوە بۆ ئۆرشەلیم.



لەبەرەوە سوولۆس ڕێ کەوت بەرەو دەمێشق. پێشەوەی کە بگاتە ئەوێ. شەوقێک تروسکەدار لە ئاسمان دەورادەوری گرت وکەوتە زەوی. سوولۆس دەنگێکی بیست کە پێی وت «شائوول، شائوول، بۆ جەفام پێ ئەکەی؟» سوولۆس پرسی: «گەورەم تۆ کێی؟» عیسا وڵامی داوە: « من عیسام. ئەو کەسەی کە ئازاری ئەدەی!»



ئەوکاتە کە سوولۆس هەستا سەر پێ، چاوەکانی نەیئەدیت. هاوڕێکانی ئەویان بەرەو دەمێشق برد. سوولۆس بوو سێ ڕۆژ لە ئاو و نان هیچی نەخوارد.



لە شاری دەمێشق، شاگردێک بە ناو حەنانیا ئەژیا. خوا بە ئەوی فەرموو: «بچۆ بۆ ئەو ماڵەی کە سوولۆس لە ئەوێیە. دەستەکانی خۆتی لەسەر دانێ تا دووبارە بتوانێ ببینێ.» بەڵام حەنانیا وتی: « خواوەند! ئەمن بیستوومە کە ئەو پیاوە چۆن بە ئیمانداران زوڵم ئەکات.» خوا لە وڵامدا وتی: «بڕوا! ئەمن ئەوم هەڵبژاردووە تا ناوی من بە یەهوودیان و قەبیلەکانی دیکە بگەیێنێ. ئەو سەبارەت بە ناوی من، ڕەنج و موسیبەتێکی زۆر ئەبینێ.»



کەواتە حەنانیا چووە لای سوولۆس و دەستی نا سەری و وتی: «هەر ئەو عیسا کە لە نێو ڕێگە لێت دەرکەوت، منی ناردووە، تا تۆ دووبارە ببینی و لە ڕۆحی قۆدووس پڕ بیت.» سوولۆس جێبەجێ توانی دووبارە ببینێت و حەنانیا تەعمیدی دا. ئەو کاتە سوولۆس توانی بخوات و هێزی گەڕاوە.



سوولۆس بە خێرایی دەستی بە ئامۆژگاری یەهوودیەکان دەمێشق کرد و وتی: «عیسا کوڕی خوایە!» یەهوودیەکان سەریان سوورمابوو، چون کەسێک کە بە تەمای لە ناو بردنی ئیماندارەکان بوو، ئێستا خۆی ئیمانی بە عیسا هێناوە! سوولۆس لەگەڵ یەهوودیەکان دەستی بە قسەوباس کرد. ئەو سەلماندی کە عیسا هەمان مەسیحە.



دوای چەند ڕۆژ، یەهوودیەکان بە تەمای کوشتنی سوولۆس بوون. ئەوان کەسانێکیان نارد تا لە دەروازەکانی شار بیدۆزنەوە و بیکوژن. بەڵام سوولۆس لە مەبەستیان ئاگادار بوو و ڕەفێقەکانی یارمەتیان دا تا هەڵێت. شەوێک نایانە نێو سەوەتەیێک و لە دیوارەکانی شار خستیانە خوارەوە. دوای ئەوە سوولۆس لە دەمێشق هەڵات و بە مۆوعێزە کردن سەبارەت بە عیسا بەردەوام بوو.



سوولۆس ڕۆیشتە ئۆرشەلیم تا لەگەڵ ڕەسوولەکان دیداری بێت، بەڵام ئەوان لێ ترسان. ئەوکاتە شاگردێک بە ناوی بێرنابا، سوولۆسی بردە لای ڕەسوولەکان. ئەو پێیانی وت کە سوولۆس چۆن لە دەمێشق بە دلێریەوە مۆوعێزەی کردبوو. دوای ئەوە بوو کە ڕەسوولەکان، سوولۆسیان قەبووڵ کرد.



هێندێک لە ئیماندارەکان کە لە جەفای شاری ئۆرشەلیم هەڵاتبوون، چوونە شارێکی دوورلە ئەنتاکیە وسەبارەت بە عیسا مۆوعێزەیان کرد. زۆرتری خەڵکی ئەنتاکیە یەهوودی نەبوون، بەڵام بۆ یەکەم جار ئیمانیان هێنا. بێڕنابا و سوولۆس ڕۆیشتنە ئەوێ تا بە ئیماندارە نوێکان، سەبارەت بە عیسا زۆرتر تالیم بدەن و کلیسا هێز ببەخشن. لە ئەنتاکیە بوو کە ئەوانە وا بە مەسیح ئیمانیان هێنا بوو، بۆ یەکەم جار «مەسیحی» ناو نران.



ڕۆژێک مەسیحیەکانی ئەنتاکیە سەرقاڵی دۆعا ورۆژوو بوون کە ڕۆحی قۆدووس پێیانی فەرموو: «بێڕنابا و سوولۆس بۆ کارێ کە ئەوانم بانگ کردووە، جیا کەنەوە.» ئینجا کلیسای ئەنتاکیە دەستیان ناسەر بێڕنابا وسوولۆس ودۆعایان بۆ کردن. ئینجا ئەوانیان ڕەوانە کرد تا هەواڵی خۆشی عیسا لە جێگەکانی دیکە مۆوعێزە بکەن. بێڕنابا و سوولۆس خەڵکی زۆریان لە قەومی جۆراوجۆر تالیم دا و زۆریەک ئیمانیان بە عیسا هێنا.

چیروکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: کتێبی کرداری ڕەسوولان فەسڵی ٨ئایەی ٣؛ فەسڵی ٩ئایەی ١تا١٣؛ فەسڵی ١١ئایەی ١٩تا ٢٦؛فەسڵی١٣ئایەی ١تا٣

# ٤٧- پووڵۆس و سیلاس لە فیلیپی



ئەو کاتە کە سوولۆس لە سەراسەر ئیمپراتووری ڕووم موسافیرەتی ئەکرد، بڕیاری دا کە لە ناوە ڕوومیەکەی کە پوولۆس بوو، کەڵک وەرگرێ. ڕۆژێک، پوولۆس وڕەفێقەکەی سیلاس ڕۆیشتنە شاری فیلیپی تا هەواڵی خۆشی عیسا بگەیێنن. ئەوان ڕۆیشتنە لای ڕۆبارێک کە لەدەر شارەکە بوو. خەڵک لەوێ کۆ ئەبوونەوە تا دۆعا بکەن. لەوێ ژنێک بە ناوی لیدیەیان بینی کە تاجێر بوو. ئەو خوای خۆش ئەویست و ئەیپەرەستی.



خوا بە لیدیە توانایی دا تا بە عیسا ئیمان بێنێت. پوولۆس و سیلاس ئەویان لەگەڵ بنەماڵەکەی تەعمید دا. ئینجا ئەو، لە پوولۆس و سیلاس داوای کرد تا لە ماڵەکەی بمێننەوە و ئەوانیش لای مانەوە.



پوولۆس و سیلاس زۆرجار لەو جێگا وا یەهوودیەکان دۆعایان ئەکرد، ئەڕۆیشتن بۆ دیتنی خەڵک. لەوێ کەنیزێک بوو کە ڕۆحی پیسی بوو و هەموو ڕۆژێک بە شوێنیانا ئەهات. ئەو بە یارمەتی ئەو ڕۆحە پیسە، ڕۆژانی داهاتووی پێشگوویی ئەکرد و بەم جۆرە بە ناوی دانێ غەیب بێژ، سودی زۆری بە ساحێبەکانی ئەگەیاند.



ئەو کەنیزە کاتێک کە ئەوان بەڕێدا ئەچوون، هاواری ئەکرد و ئەیوت: «ئەم پیاوانە خزمەتکاری خوای مەزنن. ئەوانە ڕێگەی ڕزگاری بە ئێوە نیشان ئەدەن!» ئەو چەنای چەند ڕۆژ وای کرد هەتا سەبری پوولۆس کۆتایی هات.



عاقیبەت ڕۆژێک، کاتێک کە ئەو کەنیزە هاواری ئەکرد، پوولۆس ڕووی لێ کرد و بەو ڕۆحە پیسە کە لەوا بوو وتی: « بە ناوی عیسا لەم کچە وەرە دەر.» ڕۆحی پیس دەمەوجێ وێڵی کرد.



کاتێ ساحێبەکان کچەکە بینیان کە چی ڕووی داوە، زۆر تووڕە بوون. ئەمە بەو مانایە بوو کە خەڵک ئیتر پارەیان بە ئەربابەکان ئەو کچە نادا، چونکە تێگەیشتن کە بێ ئەو ڕۆحە پیسە، کەنیزەکە چیتر نەیئەتوانی غەیب بێژی بکات.



لەبەرەوە ئەربابەکانی ئەو کەنیزە، پوولۆس و سیلاسیان بردە لای سەرۆکە ڕوومیەکان. ئەوان پوولۆس و سیلاسیان خستە بەندیخانە و لێیان دان.



ئەوان پوولۆس و سیلاسیان خستە بەشێک لە بەندیخانە کە زۆرترین کێشکچی لێ بوو. ئەوان هەروەها لاقیانیان بە چەند لەتی گەورەی چێو بەست. بەمەیشەوە ئەوان لە نیوە شەودا، سروودیان لە مەدح و ستایێشی خوا ئەخوێند.



لە پڕا، بۆمەلەرزەیێکی قورس ڕووی دا! تەواوی دەرگاکانی بەندیخانە کرانەوە و زەنجیرەکانی تەواو زیندانیەکان پچڕان.



جا پاسەوانی بەندیخانەکە لە خەو هەستا و بینی کە دەرگاکانی بەندیخانەکە کراوەتەوە. ئەو گومانی کرد هەموو زیندانیەکان دەرچوون و لە ترسی سزادان بە دەس سەرۆکە دەوڵەتیەکانی ڕووم، ویستی خۆی بکوژێت. بەڵام پوولۆس ئەوی بینی و هاواری کرد: « بە خۆت ئازار مەگەیێنە!هەموومان لێرەین.»



پاسەوانەکە بە ترس و لەرزەو هاتە لای پووڵۆس و سیلاس و پرسی: «چی بکەم تا نەجات پەیدا بکەم؟» پووڵۆس وڵامی داوە: «بە عیسای خواوەند، ئیمان بێنە. ئینجا تۆ و بنەماڵەکەت نەجات پەیدا ئەکەن.» ئینجا پاسەوانەکە، پووڵۆس و سیلاسی بردە ماڵی خۆی و برینەکانیانی شۆرد. پووڵۆس هەواڵی خۆشی عیسای بۆ هەمووی ئەوانە کە لەو ماڵە بوون، مۆوعێزە کرد.



ئەو پاسەوانە و تەواوی بنەماڵەکەی ئیمانیان بە عیسا هێنا و پووڵۆس و سیلاس ئەوانیان تەعمید دا. ئەو کاتە هەموو پێکەوە نانیان خوارد و خۆشیان کرد.



ڕۆژی دوایی، پێشەواکانی شار، پوولۆس و سیلاسیان لە بەندیخانە ئازاد کرد و داوایان لێ کردن کەفیلیپی چۆڵ کەن. پوولۆس وسیلاس چوونە دیتنی لیدیە و چەن دانە لە ڕەفێقەکانیان وئینجا شاریان چۆڵ کرد. هەواڵی خۆش سەبارەت بە عیسا هەر بەو جۆرە بڵاوەی ئەکرد و کلیسا پەرەی پێ ئەدرا.



پوولۆس و پێشەوا مەسیحیەکانی دیکە بۆ زۆرشار سەفەریان ئەکرد. ئەوان بە ئامۆژگاری و مۆوعێزە سەبارەت بە هەواڵی خۆشی عیسا سەرقاڵ بوون. هەروەها نامەی زۆریان نووسی تا ئیمانداراەکان لە کلیساکان تالیم بدەن ودڵگەرمیان کەن. هێندێک لەم نامانە بوونە بەشێک لە کتێبەکانی کتێبی موقەددەس.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: کتێبی کرداری ڕەسوولان فەسڵی ١٦ ئایەی ١١تا٤٠

# ٤٨- عیسا مەسیحای وادە دراوە



کاتێک کە خوا جیهانی بە دیهێنا، هەموو شتێک کامڵ بوو و گوناح نەبوو. ئادەم و حەوا یەکتریان خۆش ئەویست و بە خواش خۆشەویستیان ئەدا. هیچ نەخۆشییێک و مردنێک نەبوو. ئەمە ئەو دنیایە بوو کە خوا ئەیویست.



شەیتان، لە ڕێگەی مارێک کە لە باخا بوو، لەگەڵ حەوا قسەی کرد، چون ئەیویست فریوی بدات. ئینجا ئەو و ئادەم گوناحیان کرد. بە هۆی نافەرمانی ئەوان، تەواوی ئینسانەکان مەحکووم بە مەرگن.



تەنانەت بەهۆی گوناحی ئادەم و حەوا کارەساتێکی مەترسیدار ڕووی دا. ئەوان بوونە دوژمنی خوا. لە ئاکامدا، لەو وەختەوە هەتا ئێستا، هەمووان گوناحیان کردووە. هەر کەسێک لەو کاتە دێتە دنیا دوژمنی خوایە. نێوان خوا و ئینسان پێوەندییێک ئاشتیانە نەبوو، بەڵام خوا ئەیویست ئاشتی جێگیر بێت.



خوا وادەی دا کە کەسێک لە نەسڵی حەوا سەری شەیتان ئەکوتێ و شەیتان لە پاژنەی ئەو ئەیات. بەم مانایە کە شەیتان مەسیح ئەکوژێت، بەڵام خوا دووبارە زیندووی ئەکاتەوە. ئەو کاتە مەسیحی وادەدراو بۆ هەمیشە شەیتان لە ناو ئەبات. دوای ساڵانێکی زۆر، خوا ئاشکرای کرد کە عیسا، هەر ئەو مەسیحای وادەدراوە.



خوا بە نووحی فەرمووو کە کەشتییێک ساز بکات کە بنەماڵەکەی لەو بۆرانە کە ئەینێرێت ڕزگار کات. بەم جۆرە خوا کەسانێک کە ئیمانیان پێی بوو، ڕزگاری کرد. بەم جۆرەش لە لایان خوا هەموو ئینسانەکان سەبارەت بە گوناحەکانیان شایانی مردنن ، بەڵام خوا عیسای نارد تا هەر کەس کە ئیمانی پێ بێنێت، نەجاتی بدات.



بۆ سەدان ساڵ، کاهێنەکان بۆ ئینسانەکان بە دەرگای خوا قوربانیان ئەکرد. ئەم کارە بە خەڵک نیشانی ئەدا کە گوناحیان کردووەو لایەقی سزادانێک لە لایانی خوان. بەڵام ئەو قوربانیانە نەیئەتوانی بێتە هۆی لێ خۆشبوونی ئینسانەکان. عیسا کاهێنی گەورەیە. ئەو کارێکی کرد کە کاهێنەکانی دیکە نەیانئەتوانی ئەنجامی بدەن. ئەو خۆی فیداکرد تا قوربانی بۆ گوناحەکان بەشەر پێک بێنێت. ئەو قەبووڵی کرد تابە هۆی گوناحەکانی هەمووی ئینسانەکان، سزا بدرێت. هەر لە بەر ئەوەیە کە عیسا کاهێنی گەورەیە.



خوا بە براییمی وتبوو: «لە ڕێگەی تۆ تەواوی تیرەکانی جیهان بەرەکەت ئەدەم.» عیسا لە نەسڵی براییم بوو. خوا هەموو قەومەکانی جیهان لە ڕێگەی براییم بەرەکەت ئەدات. چونکە هەر کەسێک کە بە عیسا ئیمان دێنێت، لە گوناح ڕزگار ئەبێت. کاتێک کەخەڵک بە عیسا ئیمان دێنێن، خوا ئەوان لە نەسڵی براییم بە حیساب دێنێت.



خوا بە براییمی فەرموو تا کوڕەکەی، ئیسحاقی بۆ قوربانی بکات. بەڵام خوا بەرخێکی بە جێی ئیسحاق بۆ نارد تا قوربانی بکات. هەمووی ئێمە سەبارەت بە گوناحەکانمان شایانی مردنین! بەڵام خوا عیسای بە دنیا بەخشی تابە جێگەی ئێمە قوربانی بکرێت و بمرێت. بەم بۆنەوە عیسامان بەرخی خوا ناو ناوە.



کاتێک کەخوا دوایین بەڵای بۆ میسر نارد، بە هەر بنەماڵەیێکی ئیسرایيلی فەرموو تا بەرخێک بکوژن. ئەم بەرخە پێویست بوو بێ عەیب بێت. ئینجا ئەوان ئەبوا خوێنی ئەوەیان ئەپرژاندە سەر و لای دەرگاکانیان. کاتێ کە خوا ئەو خوێنەی ئەدی، لەو ماڵانە ڕەت ئەبوو و کوڕەساواکانی ئەو ماڵەی ناکوشت. کاتێک ئەم ڕووداوە پێک هات، خوا ناوی نا پێسەخ.



عیسا وەکوو بەرخی جەژنی پێسەخە. ئەو هیچ هەڵەیێکی نەکردبوو وهەرگیز گوناحی نەکرد. ئەو لە هەمان ڕۆژانی جەژنی پێسەخ مرد. وەختێک کەسێ بە عیسا ئیمان دێنێت، خوێنی عیسا، تاوانی گوناحی ئەو کەسە ئەبێت. ئەڵێی خوا، بەسزا نەدانی، لێی ڕەت ئەبێت.



خوا لەگەڵ بەنی ئیسرایل پەیمانی بەست، چون ئەوان قەومێک بوون کە خوا هەڵیانی بژارد تا هی ئەو بن. بەڵام خوا ئێستا پەیمانێکی نوێی داناوە کە لەبەردەست هەمووانا بێت. هەر کەسێک لە هەر قەوم و تیرەیێک، چیتر ئەم پەیمانە قەبووڵ کات، تێکەڵی قەومی خوا ئەبێت، ئەو لەبەر ئیمان بە عیسا ئەبێتە قەومی خوا.



مووسا پێغەمبەرێک بوو کە وتەی خوای بە قوودرەت ڕائەگەیاند. بەڵام عیسا گەورەترینی پێغەمبەرەکانە. ئەو خوایە، ئینجا ئەوەی کە ئەنجامی دا و وتی، کار و قسەکانی خوا بوون. بەم بۆنەیە کە کتێبی موقەددەس، عیسای، وتەی خوا ناو ناوە.



خوا بە داوودی پاشا وادەی دا کە کەسێک لە نەسڵی ئەو بە ناوی پاشا هەتاهەتایە بە قەومی خوا حۆکوومەت ئەکات. عیسا کوڕی خوا و مەسیحای وادەدراوە و ئەو لە نەسڵی داوودە کە ئەتوانێت هەتاهەتایە پاشایی بکات.



داوود، پاشای قەومی ئیسرایيل بوو، بەڵام عیسا پاشای تەواوی جیهانە! ئەو دیسان ئەگەڕێتەوە و بە عیداڵەت و ئاشتیەوە هەتاهەتایە پاشایی ئەکات.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: کتێبی سەرەتای بە دیهێنان فەسڵی ۱؛ فەسڵی ۳؛ فەسڵی ۶؛ فەسڵی۱۴؛
فەسڵی۲۲؛ کتێبی دەرچوون فەسڵی۱۲؛فەسڵی ۲۰؛ کتێبی دووهەمیساموئیل فەسڵی۷؛ کتێبی عیبرانیەکان
فەسڵی ۳ ئایەی ۱تا۶؛فەسڵی۴ئایەی۱۴؛فەسڵی۵ئایەی ۱۰؛ فەسڵی۷ئایەی۱؛ فەسڵی ۸ئایەی۱۳؛فەسڵی۹ئایەی۱۱؛
کتێبی ئاشکرا کردن فەسڵی۲۱

# ٤٩- عەهدی نوێی خوا



فریشتەییێک بە کچێکی جەوان بە ناوی مریەمی وت کە ئەو کوڕی خوا بە دنیا ئێنێت. ئەو کاتە کە مریەم هێشتا باکێرە بوو، ڕۆحی قۆدووس بە سەریا هات و دووگیان بوو. ئەو کوڕێکی بە دنیا هێنا و ناوی نا عیسا. بەم هۆکارەیە کە، عیسا هەم خوایە و هەم ئینسان.



عیسا مۆعجێزاتێکی زۆری کردووە کە نیشان ئەدات ئەو خوایە. ئەو لە سەر ئاو بەڕێ چوو، باوبۆرانی ئارام کرد، نەخۆشی زۆری شەفا دا، ڕۆحی پیسی لە جەستەی زۆر کەس دەرهێنا، مردووەکانی زیندوو کردەوە و پێنج نان و دوو ماسی بچووکی، بەرەکەت داو زۆرتر لە ٥٠٠٠ کەسی پێ تێر کرد.



عیسا مامۆستاییێکی گەورە بوو. هەر هەموو ئامۆژگاریەکانی حەقیقەت بوو. خەڵک ئەبوا بە تەواوی ئەوەی عیسا پێ دەگوتن ئەنجامیان بدایا، چون ئەو کوڕی خوا بوو. بۆ نموونە ئەو خەڵکی فێر ئەکرد کە ئەبێ هەموو کەسێکتان وەک خۆتان خۆش بوێت.



ئەو هەروەها فێریانی ئەکرد کە ئەبێ خوا لە سەرەوەی هەموو شتێک لە ژیانیان دابنێن و زیاتر لە ماڵو سامانیان خوایان خۆش بوێت.



عیسا وتی کە بوون لە پاشایی خوا، بەنرخترە لە هەر شتێک لەم دنیایە. بۆ ڕۆیشتن بۆ نێو پاشایی خوا، ئەبێت ئەو تۆ لە گوناحەکانت ڕزگار بکات.



عیسا وتی بڕێک لە خەڵک قەبووڵی ئەکەن، ئینجا خوا ڕزگاریان ئەکات؛ بەڵام هەموو کەسێک قەبووڵی ناکەن. ئەو وتیشی کە بڕێک لە خەڵک وەکوو خۆڵی چاکن، چونکە هەواڵی خۆشی عیسا قەبووڵ ئەکەن و خوا ڕزگاریان ئەکات. بڕێکیش وەکوو خۆڵی قایم وسەختی قەراغ جادەن. وتەی خوا وەکوو دەنکێکە، کە ئەکەوێتە ڕووی ئەو زەویە، بەڵام هیچ بەرهەمێکی نابێت. ئەمانە ئەو کەسانەن کە پەیامی عیسا قەبووڵ ناکەن و نایانەوێت بچنە نێو پاشایەتی خواوەند.



عیسا بەوانی فێر کرد کە خوا گوناحکارەکانی زۆر خۆش ئەوێت. ئەو ئەیەوێت بیانبەخشێت و بیانکاتە ڕۆڵەی خۆی.



عیسا هەروەها بەوانی وت کە خوا نەفرەتی لە گوناح هەیە. سەبارەت بە گوناحی ئادەم و حەوا، هەموو نەسڵی ئەوان، گوناح ئەکەن. لە ئاکامدا هەر کەسێک لە دنیا گوناح ئەکات و لە خوا جیا بووەتەوە. ئینسانەکان هەموو دوژمنی خوان.



بەڵام خوا هەموو خەڵکی جیهانی ئاوا خۆش ویست کە تاقانە کوڕەکەی خۆی، عیسای دا تا هەر کەس کە ئیمانی پێ بێنێت، سەبارەت بە گوناحەکانی سزا نەدرێت، بەڵکوو هەتاهەتایە لەگەڵ خوا ژیان بکات.




ئێوە سەبارەت بە ئەنجامی گوناح، شایانی مردنن. خوا حەقی هەیە لێتان تووڕە بێت، بەڵام عیسا بە ڕۆیشتن لە سەر خاچ و مردنی، سزای گوناحەکانی ئێمەی کێشا.




عیسا هەرگیز گوناحی نەکرد، بەڵام قەبووڵی کرد بە هۆی گوناحەکانی ئینسان سزا بدرێت. ئەو تەنانەت قورسترین سزا کە مردنە، قەبووڵی کرد. بەم جۆرەش ئەو قوربانییێکی تەواو بوو تا گوناحی ئێوە و هەر کەسی دیکە لەم دنیایە پاک کاتەوە. چون عیسا خۆی بە ناوی قوربانی پێشکەشی خوا کرد، لەبەرەوە خوا تەواوی گوناحەکانی، تەنانەت گوناحە زۆر گەورەکانی ئەو کەسانەی کە ئیمان بە عیسا ئێنن ئەبەخشێت.



تەنانەت کارە باشەکانیشتان ناتوانێت ڕزگارتان بکات. هیچ کارێک نیە کە بە هۆی ئەوە بتوانن لەگەڵیا ببنە ڕەفێق. بە جێگەی ئەوە ئەبێت ئیمان بێنن کە عیسا کوڕی خوایە و بە جێگەی ئێوە لە سەر خاچ مرد و خوا دووبارە لە مردن هەڵیساندەوە. ئەگەر بەم حەقێقەتە ئیمان بێنن، خواش لە گوناحەکانتان خۆش ئەبێت.



خوا هەر کەسێک کە بە عیسا ئیمان بێنێت و ئەو بە خوای خۆی قەبووڵ کات، ڕزگاری ئەکات. بەڵام خوا ئەو کەسانەی کە ئیمانی پێ نەهێنن، ڕزگار ناکات. گرنگ نیە فەقیر بی یا دەوڵەمەند، پیاوبی یا ژن، پیر بی یا جەوان و یا ئەوەی کە خەڵکی کوێ بیت. خوا ئێوەی خۆش ئەوێت و ئەیەوێت بە عیسا ئیمان بێنن تا ئەو بتوانێت پێوەندییێکی باشی لەگەڵتانا بێت.



عیسا داواتان لێ ئەکات کە ئیمانی پێ بێنن و تەعمید بگرن. ئایا ئیمانتان هەیە کە عیسا هەمان مەسیحای وەعدەدراوە و تاقانە کوڕەکەی خوایە؟ ئایا ئیمانتان هەیە کە گوناحکارن و شایانی سزای خوان؟ ئایا ئیمانتان هەیە کە عیسا چوارمێخە کرا تا گوناحەکانتان بسڕێتەوە؟



ئەگەر بە عیسا و ئەوەی کە ئەو بۆ ئێوەی کردووە ئیمانتان هەیە، بەم جۆرە ئێوە مەسیحین! لەمەو دوا شەیتان لە پاشایی تاریکی خۆی فەرمانڕەواییتان پێ ناکات. ئێستا خوا لە پاشایی ڕووناکی خۆی فەرمانڕەواییتان پێ ئەکات. خوا ئەو توانایییەی بە ئێوە داوە کە وەکوو ڕابردوو گوناح نەکەن و ڕێگەی باشی ژین کردنی بە ئێوە فێر کردووە.



ئەگەر مەسیحین، خوا گوناحەکانی ئێوەی لەبەر کارێک کە عیسا کردی، بەخشیوە. ئێستا خوا، ئێوە هاوڕێی نزیکی خۆی بە حسێب دێنێت نە دوژمن.



ئەگەر ڕەفێقی خوا و خزمەتکاری عیسا مەسیحن، بە تاسەی ڕێڕەوی کردنی ئەوشتانە ئەبن وا عیسا فێری کردوون. هەرچەندە کە مەسیحین، شەیتان ئەتانخەڵەتێنێت تا گوناح بکەن، بەڵام خوا هەمیشە لە سەر وادەکانی ئەمێنێت. ئەو ئەفەرمێت گەر گوناحەکانتان گەردن بگرن، ئێوە ئەبەخشێت و توانایتان پێ ئەدات تا بە گوناحەکانتان سەرکەون.



خوا بە ئێوە ئەڵێت کە دۆعا بکەن و کەلامی ئەو بخوێننەوە. ئەو هەروەها پێتان ئەڵێت تا لەگەڵ مەسیحیەکانی دیکە بۆ پەرەستنی کات دانن و بە کەسانی دیکەش بڵێن کە خوا چی بۆتان کردووە. ئەگەر بە تەواوی ئەو کارانە ئەنجام بدەن، پەیوەندیێکی گرینگ، نێوان ئێوە و خوا پێک دێت.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: ڕێسالەی پوولۆس بۆ ڕوومیان فەسڵی ٣ ئایەی ٢١تا٢٦؛ فەسڵی ٥ ئایەی١تا ١١؛ کتێبی ئێنجیلی یووحەنا فەسڵی ٣ ئایەی ١٦؛ کتێبی ئێنجیلی مەتا فەسڵی ١٦ ئایەی١٦؛ ڕێسالەی پوولۆس بۆ کوولۆسیان فەسڵی ١ ئایەی١٣تا١٤؛ ڕێسالەی دووهەمی پوولۆس بۆ تێسالوونیکیان فەسڵی ٥ ئایەی ١٧ تا ٢١؛ ڕێسالەی هەوەڵی یووحەنا فەسڵی ١ ئایەی ٥تا١٠

# ٥٠- عیسا ئەگەڕێتەوە



نزیک بە ٢٠٠٠ ساڵە کە ئینسانهایێکی زۆر لە دونیا، هەواڵی خۆشی ئێنجیلی عیسا ئەبیسن. کلیسا بەرەو گەشەیە. عیسا وادەی داوە کە لە کۆتایی جیهاندا ئەگەڕێتەوە. ئەگەر چی عیسا هێشتا نەهاتووەتەوە، بەڵام وادەکەی خۆی بە جێ ئەهێنێت.



خوا لە ئێمەی ئەوێ لەو حاڵەدا کە چاوەڕێی گەڕانەوەی عیساین، بە شێوەیێکی موقەددەس ژیان بکەین و حورمەتی ئەویش ڕاگرین. ئەو هەروەها لە ئێمەی ئەوێت باسی پاشایەتی ئەو بۆ خەڵک بکەین. کاتێک کە مەسیح هێشتا لەسەر زەوی ژیانی ئەکرد، ئاوای فەرموو: «ئەوکاتە کە شاگردەکانم هەواڵی خۆشی پاشایەتی منیان بۆ هەموو جیهان برد، ئەوکاتەیە کە کۆتایی پێ دێت.»



قەومی زۆر هەن کە هێشتا سەبارەت بەعیسا نەیانبیستووە. پێش لە گەڕانەوەی عیسا بۆ ئاسمان، ئەو بە مەسیحیەکانی فەرمووو تا ئەم هەواڵە خۆشە بە هەموو ئەوانەی کە قەت نەیانبیستووە بگەیێنن. عیسا فەرمووی: «برۆن و هەموو ئۆمەتەکان بە شاگردی من کەن ، چونکە دڵەکان وەکوو زەویوزارەکان بۆ درۆکردن ئامادەن.»



عیسا ئەمەیشی وت کە: «خزمەتکار لە سەرۆکەکەی بەرزتر نیە. هەروەها کە گەورەکانی ئەم جیهانە ڕەقیان لە من بوو، ئێوەیش لەبەرمن ئازار ئەدەن و ئەتانکوژن. لەم جیهانە ڕەنج ئەکێشن بەڵام دڵتان قورس کەن؛ چونکە من، شەیتان کە حاکمی ئەم جیهانەیە شکەستم داوە. ئەگەر هەتاکوو ئاخر بەمن وەفاتان بێت، خوا ڕزگارتان ئەکات!»



عیسا چیرۆکێکی بۆ شاگردەکانی باس کرد، تا بۆیان شی کاتەوە کە لە کۆتایی ئەم دنیایە چی بەسەر خەڵک دێت. ئەو وتی: « پیاوێک کە لە زەویوزارەکەی خۆی دەنکی باشی چاند. ئەوکاتە کە هێشتا لە خەودا بوو، دوژمنەکەی هات و لە نێوان دەنکە گەنمەکان، تۆمی گیای بژاری چاند و چوو.



کاتێک دەنکەکان چەکەرەیان دا، کاریگەرەکانی ئەو پیاوە وتیان: «گەورەم، ئێوە دەنکی باشتان لەم زەویە داچاندووە! بۆ لە ناویانا ئاڵفی بژار دەرهاتووە؟» ئەو پیاوە وڵامی داوە: «ئەمە تەنیا ئەتوانێ کاری دوژمنەکانم بێت. یەکێک لە دوژمنەکانم ئەمەی کردووە.»



کاریگەرەکانی لە وڵامی ئەربابەکەیان وتیان: «ئایا ئەبێت گیا بژارەکان بکێشینە دەرەوە؟» ئەرباب وڵامی داوە: «نە. ئەگەر ئەم کارە بکەن، هێندێک لە گەنمەکانیش لەگەڵ ئەوان دەرئەکێشن. تا کاتی درۆ سەبر کەن و ئینجا گیا بژارەکان کۆ کەنەوە و بیانسووتێنن، بەڵام گەنمەکان بخەنە ناو ئەنبارەکەم.»



شاگردەکان لە مانای ئەم چیرۆکە تێنەگەیشتن و لە مەسیحیان داوا کرد تا بۆیان شی کاتەوە. عیسا وتی: «پیاوێک کە دەنکی باشی چاند، نیشاندەری مەسیحە. زەویوزار نیشاندەری ئەم جیهانەیە و دەنکی باشیش بە مانای خەڵکێکن کە لە پاشایی خوان.»



گیا گەونەکانیش ئەو کەسانەن کە هی شەیتانن، یانێ شەریرن. دوژمنێ ئەو پیاوە کە گیا بژارەکانی چاند، هەمان ئێبلیسە. فەسڵی درۆ، کۆتایی دنیایە، و ئەو کەسانەی کە درۆ ئەکەن فریشتەکانن.



کاتێک کە دنیا کۆتایی بێت، فریشتەکان هەموو ئەو کەسانەی کە هی ئێبلیسن، لە تەواوی دنیا کۆ ئەکەنەوە و ئەیخەنە نێو ڕۆباری ئاگر. جێگایێک کە ئەوان لەگەڵ ڕەنج و ئێشا ئەگرین و دیانەکانیان بەیەکا ئەساوێن. بەڵام ئەو عادڵانە کە عیسایان ڕێڕەوی کردووە، وەکوو خۆرەتاو لە پاشایی باوکی خۆیان، خوا، ئەدرەوشێنەوە.



عیسا هەروەها وتی کە پێش لە کۆتایی جیهان ئەگەڕێتەوە بۆ زەوی. ئەو بە هەمان شێوە کە زەوی چۆڵ کرد، دێتەوە، یانێ جەستەییێکی ئەبێت و لە ئاسمان بە سەر هەورەکاندا دێت. کاتێک عیسا بگەڕێتەوە، هەر مەسیحییێک کە مردووە، لە نێو مردووەکان هەڵ ئەستێتەوە و لەگەڵ عیسا لە ئاسماندا مولاقات ئەکا.



ئینجا ئەو مەسیحیانە کە هێشتا زیندووون، بەرەو ئاسمان بەرز ئەبنەو و لەگەڵ ئەو مەسیحیانەی تر کە زیندوو بوونە، یەک ئەکەون. تەواویان لەوێ لەگەڵ عیسا ئەبن و عیسا لەگەڵ قەومی خۆی ژیان ئەکات. ئەوان لە ئاشتی هەتاهەتایی لەگەڵ یەکا ژیان ئەکەن.



عیسا وادەی دا کە بە هەر کەسێک کە ئیمانی پێیە، تاجێک ئەدات. ئەوان لەگەڵ خوا هەتاهەتایە بەسەر هەموو شتا فەرمانڕەوایی ئەکەن و لە ئاسوودەیی کامڵ ئەبن.



بەڵام خوا کەسانێک کە ئیمانیان بە عیسا نەهێنا بێت، مۆحاکیمە ئەکات. ئەو ئەوان ئەخاتە نێو جەهەنەم. ئەوێ جێگاییێکە کە ئەوان تا ئەبەد لەوێ ئەگرین و دیان بە یەکا ئەساون و ڕەنج ئەبەن. ئاگرێک کە هەرگیز ناکووژێتەوە، ئەیانسووتێنێت و کرمەکان بەردەوام ئەیانخۆن.



کاتێک کە عیسا بگەڕێتەوە، شەیتان و حۆکوومەتەکەی بە تەواوی، لە ناو ئەبات. شەیتان هەتاهەتایە لەگەڵ ئەوانەی کە بەجێ گوێ دانی خوا، لە ئەو ڕێڕەویان کرد لەوێ ئەسووتێن.



بە هۆی نافەرمانی ئادەم و حەوا و هێنانی گوناح بەم جیهانە، خوا جیهانی بە لەحنەت کرد و ویستی لەناوی بەرێ. وەلێ ڕۆژێک خوا ئاسمان و زەوییێکی نوێ درووس ئەکات کە بێ عەیبن.



عیسا و قەومەکەی لە نێو زەوی نوێ ژیان ئەکەن، و ئەو تاکوو ئەبەد بە هەموو شتێک فەرمانڕەوایی ئەکات. ئەو فرمێسک لە چاوی خەڵک ئەسڕێت. ئیتر خەمێک نابێت و هیچ کەس ڕەنج ناکێشێت. ئەوان هەرگیز ناگرین، ئیترکەس نەخۆش نابێت و نامرێت. و هیچ شتێکی خراپ نامێنێت وعیسا بە ئاشتی و عیداڵەت لە پاشایی خۆیا حۆکوومەت ئەکات. لەوە بە دوا ئەو لەگەڵ قەومی خۆیا هەتاهەتایە ئەمێنێت.

چیرۆکێ وەرگیراوە لە کتێبی موقەددەس: کتێبی ئێنجیلی مەتا فەسڵی ٢٤ ئایەی ١٤؛ فەسڵی ٢٨ ئایەی١٨؛ کتێبی ئێنجیلی یووحەنا فەسڵی ١٥ ئایەی ٢٠؛ فەسڵی ١٦ ئایەی ٣٣؛ کتێبی ئاشکرا کردن فەسڵی٢ ئایەی ١٠؛ کتێبی ئێنجیلی مەتا فەسڵی١٣ ئایەی٢٤تا٣٠؛ فەسڵی١٣ ئایەی ٣٦تا٤٢؛ ڕێسالەی هەوەڵی پوولۆس بە تێسالوونیکیان فەسڵی ٤ ئایەی١٣و فەسڵی٥

# Get Involved!

We want to make these unrestricted visual Bible stories available in every language of the world and you can help! This is not impossible—we think it can happen if the whole body of Christ works together to translate and distribute this resource.

# Share Freely

Give as many copies of this book away as you want, without restriction. All digital versions are free online, and because of the open license we are using, you can even republish unfoldingWord® Open Bible Stories commercially anywhere in the world without paying royalties! Find out more at openbiblestories.org.

# Extend!

Get unfoldingWord® Open Bible Stories as videos and mobile phone applications in other languages at openbiblestories.org. On the website, you can also get help translating unfoldingWord® Open Bible Stories into your language.